شار بیرناکاتەوە: هیچکات هەندێ ئێستا شار پێویستی بە بیرکردنەوە نەبووە..6.. ئازاد حەمە

بۆشی شێوەمی ئایا ئەمە فیلەسوفمان هەیە؟

شار، کە بیرکردنەوەی تیانەما گاتە بە نیشتیمان دەکات
شار بیرکردنەوەی تیانەماوە بۆیە گاتە بە نیشتیمان دەکات. لە شاری بە بیرکردنەوەدا، شاری تەراو لە تەامان و تەنراو بە پەرتی و بەدبەختی دەپەک خۆشویستی بە نیشتیمان تیابەدیناکرێت. نووکی خامە لە شاری وادا سەری لەتەکچووە. بنمیچی ئەم جۆرە شارانە بە هیوایی هایگرتوە؛ ئەمەی دەیبینن هەشبینی نییە، دەرئەنجامی تەنهایی شارە.
شار، کە بە مەژووی خۆی نامە بوو، کە هەی مەژوویی زۆری دەرهەق بەخۆی کرد، بەگومان دواتر زۆرینەی شار زوو زوو کولەمەرگانە ژیاندەکەن. لە شاردا مەژوو وەک بەدبەختی لێدەوانرێت، بۆیە لە هیچ سوچێکی شارەوە بیری مەژوویی جێگای تەامان نییە.
شار لەبەرئەوەی، دەمکە شرۆڤەی مەژوویی خۆی ناکات، گەیشتووتە چەپەپەی باوەبەخانبوون و بێگانەپەرستی، هاهاتووە لەسەر قەیران، لەگەڵ قەیران هاوسەزە. ئەم شارە قەیرانایییە، قەیرانی هەشنەبیرانیشی، لەبەر ئەو ڕاقەی هەیەتی لە مەژووی خۆی، هەرگیز نانووسەتەوە. بۆیە ئەوی ڕۆژانە لە شاردا دەنوسرێت خودێکی هەشنگێری دروستنەکردوە. وەکیتر، شار دەمکە لەگەڵ هەشنگێریی پێوەندی قرتاندووە.

.....

شاری بە بیرکردنەوە بیمارە
شار بیمارە. بیماریی شار دەرمانی تری پێویستە. کاتێک شار بیمار دەبێت و دەرمانسازی یان بیمارناسی، هیچیپەناکرێت پێویستمان بە بیرکردنەوەیە لە خودی دەرمان، کە بە هیچیپەناکرێت؟
شار؛ شاری ئێستای ئەمە، نایەێت لە فەلسەفە، کە بیرکردنەوەیە، وەک دەرمان لێیەوانین. فەلسەفە دەمکە دەرمانە؛ چەندین سەدەیە. لە فەلسەفە، ئەم دەرمانە، لە دەرمانخانەکانی شاردا دەستناکەوێت.

شاری ئەم لەو جارە دەرمانخانانەی نییە، کە وەک دەرمان لە فەلسەفە بوانیت.
دەرمانخانەکانی شار بەدەست سەرمایەدارە سیاسییەکانەوەن، ئەمانە ناخوازن فەلسەفە دەرمانبێت و فێلەسوف دەرمانخانە بباتەوە. هەر کە سەرمایەدارە سیاسییەکان لە فەلسەفەیان ڕوانی وەک دەرمان سەرمایەکانیان دەخانە بەرمەترسییەوە. دەرمانخانە، کە بەدەست پارەدارەوەبێت، نەک پسپۆر لە نەخۆشیناسی و دەرمانساز شار ناتەندروستدەبێت. سەرمایەداری سیاسیی، کە ڕوو لە وەبەرهینان لە بواری دەرمانسازی دەکات پێش هەموو شتێک خۆ بە بیماری و پەکەوتەیی ئەمەوە دەبینێت.
.....
فەلسەفە دیاردەیەکی شاریین
فەلسەفە، کە شای بیرکردنەوەیە، دیاردەیەکی شاریین. ئەوەتا کەمارکەی ئەفلاتون پەماندەێت فەلسەفە واتە شار؛ شاری بە فەلسەفە شارەکە گشت دژەکان(بە دادی، گەندەڵی، نەزانین، ...) تێیدا بەسەر فەلسەفەدا زاڵدەبن.
شار ئەو شوێنەیە، کە فەلسەفە لەخەدگرێت. شار و فەلسەفە دەستەملانن. شار پەیوستی بە فەلسەفەیە و فەلسەفەش شار دەکاتە گەڕەپانێک بۆ هەناکایەوەی ململانێی بەرهەمداری هزریی و گفتوگۆی نادوبارە و پەیوست.
فەلسەفە دیاردەیەکی شاریی مرۆییە. لەو شوێنەی شار هەیە، پەیوستە فەلسەفەش هەبێت. فەلسەفە کە دێتە شارەوە گومان، تەڕامان و ڕەخنە دەستپێدەکات. وەکیتر، فەلسەفەیەک لە شاردا گەشەیکرد و هەقی بەسەر دەسەڵاتی سیاسیی و ئاینییەوە نەبوو فەلسەفە نییە. فەلسەفە کاتێک وەک فەلسەفە تەماشادەکرێت، کە بە چەنوچوونە ڕۆژانەیەکانەوە سەرقاڵمانبکات و لە کێشەکانمان بدوێت.
کاتێک فەلسەفە دەبێتە دیاردەیەکی شاریی دەبێت لەوە بەئاگابین، کە شار پڕە لە دیاردە داماو و نەگبەتەکان. ئەمە داوامان لێدەکات پرسیاری سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی دروستکەین.

.....
شاری بە فەلسەفە شاری بە بیریارە
شاری بە فەلسەفە شاری بە بیریارە. شار چ شارێکە حەز لە چارەی فەلسەفە نەکات، کتێبی فەلسەفیی تیایدا هەرزانترین کتێب بێت، شانۆکان، تابلۆکان، فیلمەکان، وانەکانی هونەکانی زانکۆ، گفتوگۆی نێوان هاوڵاتیان دوور دووربێت لە فەلسەفە؟؟ ئەوەی لەم بارەوە وەک وەڵام دەشێت بوترێت، ئەوەیە، کە دەخی نالەباری فەلسەفە لە

شارکانی ئەمەدا بەرهەمی ئەستا نییە، ئەم دۆخە دیرەکی هەیە.
شار کە بە ئاگا بوو لە سەرچاوەی بیری یۆنانی و رۆمانی واتە ئەم شارە بیرمەندی نییە. شار کاتێک دەکارێت بێیت بیرمەندم هەیە، کە ئەوانەی پێیان دەوترێت بیرمەند لایەک ئاشنابن بە سەرچاوەی بیری یۆنانی و ڕۆمانی و لایەکی تر خوێندەرێکی باشی مێژووی هزر و ئایینەکان بن. شاریش کە بیرمەندی نەبوو کاولگایە، باشترین شوێنە بۆ گۆشەی نادادی و بێ وەفایی.
شاری بێ بیریار، شاری بێ بیرکردنەوەیە، شاری وا دین و دەوڵەتی لێکجیانەکردووەتەوە و ترسیشی لە جیاوازیی هەیە. لە شاری لەم شێوەیە ڕێنسانس ناخوڵقێت، گۆشە پەرت و پەرشوبڵاو و ڕووتی هزری جیاوازیش بوونی نییە؛ شتەکان هەموو هاوشێوەن؛ هاوشێوەیی بکوژی جیاوازییەکانە.
.....

ناکرێت فەلسەفە نەبێت و فەیلەسوف هەبێت

ناکرێت فەلسەفە نەبێت و فەیلەسوف هەبێت. شاری بێ فەلسەفە شاری بێ فەیلەسوفە. باشە پێوەرە شارستانییەکان سەبارەت بە نەبوونی فەیلەسوف لە شار دا چیمان پێدەڵێن؟ ئەوەمان پێدەڵێن، کە ئەوە چ شارێکە بانگەشەی بوونی فەیلەسوفەبوون دەکات و فەلسەفەی نییە! شارێ بێ فەیلەسوفەکان ئاڤەکاریان تیا بەرهەمنایێت. ماقوڵ نییە فەیلەسوف نەبێت و باشترین شیکاریش هەبێت. ناکرێت هزری فەلسەفیی نەبێت و توێژینەوەی فەلسەفیی هەبێت. شار و فەیلەسوف پێکەوە هەن. مەگەر هەر زوو پیرەمێردەکەی یۆنان(ئەفلاتون) نەیووت: فەیلەسوف دەبێت شار بباتەوە. کوا شار قسەی فەلسەفیی بەهەند وەردەگرێت. لە شاردا، کە وتنی فەلسەفیی لە قەیراندا بوو، ئەوا لەو شارەی کە وتن لەژێرپرسیارە.
گەر لە شاردا فەلسەفە هەبێت جێگا فراهەمدەبێت بێ ناجۆر و جیاوازەکان، بێ ئەوانەی لە ئەمە ناچن و ئەمەش، کە لە ئەوان ناچین. شار گەر شاری کەکردنەوەی جیاوازەکان نەبێت شار نییە؛ مەرجەکانی شاربوونی تیانییە. هەر ئەو شارەی دان بێ جیاوازییەکان ناهێنێت نە فەلسەفەی هەیە و نە فەیلەسوف.
.....

شاری فەلسەفەدار ئازادی دەستنیشان تیایە، نەک کۆپی

شار و ئازادی وەک شار و فەلسەفە دەستەملانە. کە فەلسەفە لە شاردا هەبوو ئازادی هەیە؛ ئازادی ڕاستەقینە، نەک ئازادی گوندەکراو. ئازادی و فەلسەفە پێکەوە مانا بە بوونی شار دەدەن. شار بە ئازادییەوە جوانە. فەلسەفە دەتوانێت لە ئامدەبوونی شاردا گفتوگۆی ئازادی بکات.

ئازادی زەردەیتیاکراو ئازادی نییە و فەلسەفە لێیبگومانە. بۆئەوەی شاریش بخرێتژێرپرسیارەوە پێویستە فەلسەفە لە شاردا بوونی هەبێت. ئەمش نایەتدی تا ئازادی چەتری فەلسەفە نەبێت. ئەمش لەبەرئەوەی ئازادی پارێزەری فەلسەفەیە و خودی فەلسەفەش لە گەرووی ئازاددا چردەردەکات.

.....

فەلسەفە کە شاری جەهەشت شار پێدەبەخشێت لە کەشە

فەلسەفە کە شاری جەهەشت شار پێدەبەخشێت لە کەشە. هەنووکە شار لەوانلەوە لە کەشە. شاریش کە وابوو پێویستی بە فەلسەفەیە. وەکیتر، شار و ئەمەی کورد هیچکات هەندێ ئەستا پێویستمان بە فەلسەفە نەبووە. شار پڕە لە زۆرە سیاسی، زۆرە نووسەر، زۆرە پەروەردەیی، تەکفیریی، مناڤکانی نیولیبرالیزم، دەخوازکانی سەسیال میدیا، زۆرەژورنالیست، سیاسی چەنەباز و داوێنپیس و سەرمایەداری بێ ئاگا لە واتای سەرمایە و مافکانی کرێکار.
شار موحتاجی فەلسەفەیە. کەشکانی شار، شار ناچاردەکات کاری بە فەلسەفە بێت. شار، کە بە کەشە بوو فەلسەفەی ناوێت. لەو شوێنەی فەلسەفە هەیە، کەشێک بوونی هەیە. فەلسەفە هەیە تا کەشە دەستنیشانبکات؛ بەدوای چارەسەر و وەڵام بە کەشکان بگەڕێت.

.....

بیرکردنەوەی شاری ئەستای ئەمە فەلسەفیی نییە

ئەو نەختە بیرکردنەوەیەی لە شاردا هەیە فەلسەفیی نییە. فەلسەفیی بوایە بیرکردنەوەی بەدوا دەهات، پرسیار دروستدەبوو و تەماان لەرە و لەوە گفتی دەهات. بەرپرسیارێتی بیرکردنەوەش دروستنابێت شار بە فەلسەفە بێت.
مژووی گەشەسەندنی بیری فەلسەفی لە شارەوە دەستپەدەکات. ئەو مژووەش لە دەرەوەی بیرکردنەوە نییە. بیرکردنەوە و شار یەکتر بەرەو پێشەودەبەن. بیرکردنەوە شار دەگۆڕێت. شار بە بیرکردنەوە جێگیرە، وەستاوە.
شار شوێنی چالاکییە مرۆییەکانە. ئەو شارە، کە دواجار کردە داهێنانییەکان دەخاتەوو. داهێنان لە شاردا وێنەیەکیتر لەسەر شار دروستدەکات؛ بیرکردنەوە بەرەو ئاستەکیتر دەبات. خودی سەرهەڵدانی بیرکردنەوەی فەلسەفییش بەشیکە لەم پرسیارە لە شاردا.

.....

شار و داهێنان

ئازاربەخش و پەکەنیناویش شار پشت لە فەلسەفە بکات. سێیرە، شار

پەیوابەت بە فەلسەفە میدیا، شانۆ، موزیک، سیاسەت و داد تیایا سەروەردەبەت و بە فەلسەفە زانکۆ، پەروەردە و نووسەکانی تۆژینەوە کارکانیان بەکاوەدەچەت.
بیری فەلسەفیی ئاستەقینە کەی بیرە داهێنیەکانی شارە. شار مەگەی داهێنانە، بنکەی چێنوچوونە ئاخنیەکانە. لە شاردا سینەما، شانۆکاری، بالەت، شانۆ، ئۆپێرا گشتدەکات. ئەم بوارە داهێنانییانە توانای بیرکردنەوە لە شاردا بڕەو ئاستەکیتر دەبات.

.....

کاتێک شار بیرکردنەوەی فەلسەفیی بچوکدەکاتەوە

شاری سیاسیی و ئایینیی (لاهوتیی) بیرکردنەوەی فەلسەفیی بچوکدەکاتەوە. شاری ئەمە بەئاشکرا والە پرسیاری فەلسەفیی، بیرکردنەوە دەکات بچوکبکرێتەوە بە پرسیاری ناسنامەیی سیاسیی یان نەتەوەیی یان ئایینیەکان. ئەو بیرکردنەوەیەی بەو پرسیارانەوە سەرقاڵدەبەت لەکاڵی و سادە دەبەت. بەیشە شار بە بیرماندە. بیریار لەناو ئەو جۆرە ژینگەیە دروستنابەت، کە بە پرسیارە بچووکەکانەوە سەرقاڵە.
بڕژەوەندی شاری ئەستای ئەمە ئەوەیە، کە شار نزیکبێتەوە لە شێوە قسەی سیاسیی و ئایینیی تەکفیریی و سەلەفیی. شاری ناساغ لەزەت لەوە وەردەگرێت، کە شار لە دەزی خەی بیرنەکاتەوە. شارێک، کە دەزی خەی نەخستۆڕپرسیارەوە؛ کە لە شاربوونی خەی تێاماینەکرد، ئەو شارە جێگای متمانە نییە. شار پەیستە دەسەزی خەی بەت. شارێک بەرامبەر بە دیرەکی خەی بەوفا نەبوو؛ کاری لەسەر دەخی شاربوونی خەی نەکرد، هی ئەوە نییە هیوای لەسەر هەچنرێت. شاری لەم شێوەیە بڕبەستە لەبەردەم بیرکردنەوەی فەلسەفیی.

.....

شاری دوای ئاپۆکالیپس

شاری دوای ئاپۆکالیپس بیردەکاتەوە؟ بۆچی بیردەکاتەوە، لە لە چی؟ ئەوەی شاری دوای ئاپۆکالیپس بیریلەکردوەتەوە بە چی گەیاندین؟ بە زەربوونی حیزب، بە زۆرئاڵیست، بە سیتی دروسکردن، بە کەمپانیای حیزبی، بە زەربوونی کەمیتە و بە سەرکێبی سیاسیی گەیاندین.
شاری دوای ئاپۆکالیپس بە هیوایکردنین لە دروستبوونی وتارێکی ئوناکبیریی فەلسەفەدار. نوسینزبە زیادیکرد، چاپخانە و کتێبفرۆشی زەر و زەر بوون، ئەبەتە بە ئەوەی فەلسەفە خاڵی هاوبەشی نەوان زانکۆ و چاپخانەکان بەت. لە دوای ئاپۆکالیپسەوە هەڵبژاردنی نزیک ملیۆنێک سیمپزیەم، هەرکشپ، مەزگرد، کۆنفرانس، پانێل و گفتوگۆ سازکراوە بە ئەوەی فەلسەفە لەناویان بخولێتەوە، بە ئەوەی فەلسەفە

زمانی هەنینەوە و داشتنی کار و سەمینارەکان پێکبهێنێت.
گشت گفتوگۆکانی ئەو سیمپۆزیۆم، هەرکشپ، مەزگرد، کۆنفرانس، پانێلانە چییان بەرهەمهێنا؟ دەزی پەروەردە، تەندروستی، بەاوبوونەوەی ناساغی و بیماریی کوشندە، ژینگە، منالە، باری پیر و خانەنشینی خستە ژێرپرسیارەوە؟ ئەوەی بەرباسخست بە سیاسیی هەم سیاسییە هەم سەرمایەگوزار و بگرە هەوناکبیریش؟ بە ژن دەکرێتە فیگەر و دەشکرێتە کالا؟ ئەوەی گرنگی پێنادرێت پیرە. لاوانیش دەخیان لە پیرەکان باشترنییە؟
.....

شاری ئەمە شوێنێک نییە بۆ هەڵتکردنەوەی گریمانەکان و وێنامە ئامادەکراوەکان

شار گریمانە و وێنامی ئامادەکراو بەرهەمدێنێت؛ ئەمەش لەبەر بە هەزرییە شار پرسیاری نوێ ناکات و پرسیاریش خولیای دەزینەوەی وێنام نییە. کاتێک شار شوێنێک نابووە بۆ هەڵتکردنەوەی گریمانەکان و وێنامە ئامادەکراوەکان ئەوکات بەگەمەندی و بیانووهێنانەوە بۆ بەها دەبێت. لەژیێك، کە هونەر و زانستی بەکارهێنانی ئاوەز، بەیارمەتی ژیرانەش لەسەر چی هەڵدێ و چیش هاستە، لە شارەکانی ئەمەدا نالەژیک حاکمە و پەویستیش بە بەگەهێناوە یان دژبەگە بوونی نییە.
قەدەغەکردن لە شاردا کاتێک دەستپێدەکات، کە فەلسەفە کۆچیکردبێت. لەبەرئەوەی فەلسەفە لەسەر بوون و بوونەوەر قسەدەکات، کار لەسەر شیکاریی و گومان دەکات. شار، کە نەیتوانی گومان بخۆبکات خێی لەسەر پاساوی بە بناغە و بەگەی دور لە هاستی هادنێت. ئەمەش پرسیاری بەش و وێنامی ژینگاوی بەدوای خێیدا دەنێت.
.....

کە لە شاردا بیرکردنەوە نەما شیعر، شانۆ، هونەری خراپ باودەبێت

چەند دیاردەیەکی کوشندەیە، کاتێک لە شاردا بیرکردنەوە نامێنێت و شیعر، شانۆ، هونەری خراپ دەنەکایەوە. ئەمە ناکرێت وەک کێشەیەکی لاوەکی شار ببینرێت. ئەو بوارانە کردەیەکن لە بیرکردنەوە، گەر ئەوە وەزعیەتی شار بێت، کە پێشتر باسکرا، لەسەرخە شیعر، شانۆ، هونەر لە ئاستێکی نادروشاوەدا دەبن.
تیشک خستنەسەر دەخی بیرکردنەوە لە شار بە ئاوەدانەوە لە ئاستی شیعر، شانۆ، هونەر تێنەگەیشتن لە ئاسای شار دروستدەکات. مخابن، کاتگەلێک هەبووە ئەم شارەی ئێستامان ئەدەب تیایا لە ترۆپک دا بووە، نووقمی ناو ژینگەیەکی کولتوری بووە. کەچی ئێستا شار هەقی لە

بەرهەمەکانی خۆیەتی.
کەشکی ئەدەبیی ئێستامان لە شار هی لەمەوبەرە. بەرلەوەی ئەم ئێستایە بێت بە سالیقەوە ئەم کەشکە دروستکراوە. خۆ پێشتریشمان پێبووە لە ناخۆشگوزەرانی، نەهامەتیی و ژیانێکی سەرسەختانە، بەڵام ئەو دەمە هێشتا بیرکردنەوە مابوو؛شار ئەو کات پێ بوو لە بیرکردنەوە.
سەرئەنجام، زیادەڕۆیی ساتەوەختی ئێستامان لا پەسەندەرەمدار بێت. تاکە شتێک شار پێوەی سەرقاڵە دیاردەی سێکسیزم و پارگرایی. گەر شیعر، شانۆ، هونەری ئێستامان بگۆڕێ ئەم دوو دیاردەیەدا نەچێتەوە مشەخۆردەبێت لەسەری بیرکردنەوەی پێشوومان.
.....

شار و شارەوانی پێیوەندیان زەر خراپە
شار حەوسەڵەی بیرکردنەوەی نەماوە و شارەوانیش بە بیرکردنەوە هەنگاو دەنێت. هاوکات شار و شارەوانی لای ئێمە پێیوەندیان زەر خراپە. شار بە قسەی شارەوانی ناکات و لە مەژووی شاربوونی خۆیشی تێناگات. شار بە گوێدانە خەی گۆشەدەکات، شارەوانیش مامەڵەی بگانە لەتەک شاردا دەکات. شار لە شارەوانی یاخییە، چونکە شارەوانی شار بە مەبەستی سیاسیی و بازرگانیی خەی بەکاردەبات.
شار و شارەوانی دژی جوانیین؛ دژی ژینگە و نەکخستنن. کەش و هەوای سیاسیی شاریش لەوبارەوە هاوکارە. شار، کە لە جوانی خەی حاڵینەبوو، کە بایەخپێدرنەبوو بە سروشت و ئاو و هەوای خەی، گومانیناوێت ناتوانێت خەی خۆشبوێت. خۆشویستی شارەوانی بە شار بە لافیتە و گوزارەی نەتەوەیی کاتیی پینەناکرێت؛ شارەوانی دەبێت لە تەلار تێبگات، لەوە حاڵیبێت تەلارسازی قاچکی لەناو جوانناسییە.
دیاردەکانی شار دوژمنی بیرکردنەوەی جوان و باشن. کە بوون ئەوانەی شاریان بەم دەردەبرد؟ ئەوانەی ناهەڵن شار بیربکاتەوە. شار،کە جوان نەبوو، کە دژە جوانیبوو ئەوکات بیرکردنەوەی پەروەردەیی و بیریی ژینگەپارێزیی بەبەهادەبن. شار بەمجۆرە بێت، نە لەبووردەدەبێت و نەش لە مانای دراوسێی و هاوڕێیەتی تێدەگات. شاری ئێستامان بووەتە، کراوەتە، موکی پەڵەک سیاسیی و بازرگانیی لادێی ناشاریی، کە ڕقیان لە شارە؛ لە واتای شاربوون و جوانکاریی شار تێناگەن. ئەم پەڵە لەوە حاڵی نیین، کە شار شوێنی سینەما، باڵەت، شانۆ و ئێپڕایە.
سەرئەنجام، شارەوانی، بە مەبەستی سیاسیی خەی، گوشاردەخاتەسەر شار. ئەمەش پێگەی شار لاواز دەکات و پەراوێزکارییش لە شاردا دەگەیەنێتە تڕپک؛ مخابن شاریش لەوباریەوە پرسیارناکات. شار

تائستا لەو تێنەگیشتووە لەسەر بنەمای تێسەندنەوە گۆشەناکات. شارەوانی سەرقالی شتی ژێر بژێرە؛ ئەم دیاردەیە فرە زیادیکردوە، شاریش لە گێانکاریيە خراکان، کە شاریان قەزتووتەوە، تێامانناکات.

سەرنج: بەشی شەشەمی ئایا ئەمە فەیلەسوفمان هەیە؟

هەرەمی کوردستان بازاڕێکی گەورەی سەرمایەی جیهانی ، و خراپی ژیان و گوزەرانی خەڵکی چەوساوە!.. سابیر . م

مەسەلەی دواکەوتن و نەدانی مووچەو پاشکەوتکردنی مووچە ، بۆتە تارماییەکی ڕەش بەسەر سەری چینە هەژارو کەمدەرامەتەکانی خەڵکی کوردستان لەو ناوچەیە . ئەم سەبەری تاغوتەی کە بەسەر سەری خەڵکی چەوساوەو دانراوە، گەلێک هەی ئابووری، سیاسی ، و ئەمنی ، و هەروەها ستراتیجی گەمژاندنی خەڵک و دوورخستنەوەیان لە خەباتی چینایەتی بنەڕەتی هەیە ، کە ڕەنگە لەم کۆرتە باسەدا مەڵەتی ئەوەمان نەبێت بچینە سەر ووردەکارییەکانی ئەم هێلووەرجە و ئەم سیاسەتە دیاریکراوە.

بەڵام وەک سەرنجێکی سەرپێی ئەوەمان بە دەرئەکەوێت ، کە :

یەکەم ؛ سیاسەتی پێکهێنانی حومەتێکی تائیفی و ڕەگەزی و مەزهەبی لە عێراق ، خێی لە خێدا ستراتیژیەتێکی گەورەی ئیمریالیزمی ئەمریکاو سەرمایەداری جیهانی لە پشتەوە بووەو تا ئێستاشی لەسەر بێت.
دووەم ؛ دانانی ئەم جۆرە حوکومەتە تائیفیە ، بەمانای پێدانی مافی ڕەوای خەڵکی کوردستان نیە، کە بتوانێت سەربەخۆیانە ئیدارەی خێی بدات.
سێیەم ؛ لە ڕاڕێتدا وەک گەمەیەکی یان پلانێکی سیاسی نێوان

دەسەڵاتداریەتی هەرێم و بەغدا بێتە بەرچاو ، بەڵام لە بنەڕەتدا خودی تەواوی دەسەڵاتدارانی بەکرێگیراوی کوردو عەرەب و تورکومان و ئاوانی تریش ، هەر هەموویان هاوپەیمان و شەریکی یەکترن لە دابەشکردنی دەسکەاتی سیاسی و داهاتی ئابووری عێراق و کوردستانیش ، وە بە ئەنجامدانی ئەو سیاسەتە مەرگەزیانەی خەیان وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد ، جەرگ لە ناتەبایی و ناکۆکی هاوکێشیانە و سەرلێشێواوی و تێپوتڕز و کۆرکردنی جەماوەر پیادەئەکەن ، وە وای نیشان ئەدەن کە بەرژەوەندی نەوان دەسەڵاتدارانی هەرێم و دەسەڵاتی بەغدا، دوو شتی جیاوازو ناکۆکن بەیەکتر .
چوارەم ، لای هەمووان ئاشکرایە کە خودی حیزبە چەکدارەکانی کورد پشتیوانی سەرەکی ئەمریکیەکان بوون، بە پلەی یەکەم ، وە دواتریش حیزبە شیعەکانی بەرەی موقاوەمەت ، بەکرێگیراوی ئاستوخێبوون لە جەنگی ئیمپریالیستانەی ئەمریکاو هاژئاوا دژ بە عێراق و کوردستان ، وە تا ئێستاش ئەوان سەرخەتی تەواوی ئەو سیاسەتەی ئەمریکاو دەستوورەک کە بە عێراق و حوکومەتی مەرکەزی داناوە لە بەغا ئەبەن بەڕێوە .
پێنجەم ؛ خودی کەمکی ئەمریکیەکان وە ئیمپریالیزمی جیهانی کە ناوچەی هەرەمی کوردستان بکەن بە نموونەیەکی دەسەڵاتداریەتی بەناو دیمەکراسیانەی هاژئاوا لە ناوچەکە، وە بیگەڕێن بە ناوچەیەکی ستراتیژی و بنکەیەکی موخابەراتی و چەقی ئاوگەڕی سەرمایە لە ناوچەکەدا ، وە لە هووی پشکەوتنی ئینفەاستوکتوریەوە واتە گەشەی میعماری و دروستکردنی ناوەندە هافاهیکان بە خودی سەرمایەدارانی بیانی و ناوخەیی ، کراونەتە هەیەک و ئامرازێکی بەراوردکارانە لە بەرامبەر بە مەدلەلی حوکومەانیەتی شیعەو ئێران بەتایبەتی لە ناوچەکانی ناوەاست و خواروووی عێراق، واتە ئەم جیاوازی گەشەی میعماریە ی هەرەم نیازێک و ئامانجێکی ستراتیجی سیاسیانەی ئەمریکای لە پشتەوەیە .

شەشەم ؛ دواخستن و پەندانی مووچەو ، گەینینی بە کەشێکی سەرتاپاگیری ناوچەکە ، لە پەناو زیندووەاگرتن و گەشەپەدانی بیروبۆچوونی ناسیۆنالیستی و شۆڤێنیستی نەتەوەی کوردو عەرەبە و ، وە هێگە گرتنە لەهەر هاوخەباتێکی هاوبەش لەبەرامبەر خودی تەواوی دەسەڵاتدارانی بەرژو – کەمبرادەری کوردو وعەرەب و نەتەوەکانیتر .
لە لایەک دەسەڵاتدارانی هەرێم لەپەناو گەیشتن بە ئیمتیازاتی زیاتری خەیان ، وە دەستگرتن بەسەر تەواوی خێرو بەراتی ئەو ناوچەیە ، کە بواری ئەویان بە نەماوەتەوە ، مووچەو خەرجی ژیانی

خەڵک و خزمەتگوزاریە گشتیەکان پێشکەش بە جەماوەر بکەن ، تاوانی نەدانی مووچە ئۆگۆنەوە بە خودی دەسەڵاتداریەتی مەرکەزی ، ئەم کێشەیش لە سەر بنەمای ئەو ناکۆکیانە هاتنەتە ئاراوە ، کە پەیوەندیان بە پشکی بودجەو داهاتی هەرێم لە بودجەی گشتی عێراقدا بۆگۆڕی ڕێژەی دیاریکراوی دەستووری عێراق ، لە بەروارد بە داهاتی نەوت و گازو گومرگی دەروازەکان و داهاتەکانی تری ناو خودی ناوچەکانی هەرێم ، کە ئێچەتە دەستە دەسەڵاتدارانی هەرێم خەیانەوە ، کێشەی ململانێکی گەورەی ڕووتە شۆڤێنیستیەکانی ناو دەسەڵاتی مەرکەزی دروستکردووە ، لە بەرامبەردا دەسەڵاتێکی قەومی کۆنەپەرست و کەمتەرخەم و مشەخۆر دژ بە جەماوەری خەڵکی هەژار و کارگەرە لە هەرێم .

هەروەها هەوڵەکە لەلایەن حوکومەتی بەغداوە ، بە ئاکۆشانی ئاوبڕووی خەڵکی کوردستان و هەرێم ، بە لایەنگریکردن لە سیاسەتێکی شۆڤێنیستانە دژ بە خودی خەڵکی هەرێم خۆی ، لەبەرامبەر هەر فەسادێکی ئیداری و فینانسیی کەلە هەرێم ئەنجام ئەدرێت لەلایەن سەرانی دەسەڵاتدارانی ئەو ناوچەیە ، وە داهاتی ئەو ناوچەیە ئێچەتە گیرفانی تۆڕێکی دیاریکراوی چینە داراکانەوە .

لە سەرجەم کەی تەواوی ئەم هەنگاوانەو ئەم سیاسەتە ئیمپریالیستیانەو گۆشەو دەستگیریی ئەحزابی قەومی حاکم لە هەرێم و مەزهەبی و تائیفی لە بەغدا ، ئامانجە سەرکیەکەی ئەویە کە دەسەڵاتداریەتی ئەمریکاو ئیران بە گۆڕەی تای تەرازووی سیاسەتە نەودەوڵەتیەکان لە ناوچەکە بپارێزن و هەڕەشە بەم جۆرە مەدلەلە لە حوکمڕانیەتێکی تائیفی و مەزهەبی و فیدڕاڵیەتێکی ڕوکەشانە ، بدەن لە عێراق و هەرێم ، ئەمە لە لایەک ، لەلایەکی تریشەوە بتوانن ڕێگری بکەن لە گەشەی هێزرو بیری سۆسیالیستی و ڕادیکاڵانە بدەن لە کەمەگادا ، وە خودی جەماوەری کارگەرو چەوساوەکان دوور ڕابگرن وە سەریان نەپەرژێتە سەر ئەوەی کە خەباتی هاوبەشانەی خەیان دژ بە سەرجەم سەرمایەدارانی کوردو عەرەب ڕێکبخەن ، وە کەمەگا تاسەر لەم سەرگەردانیەتە بهێنەوە.

سابیر . م
٢٤ / ٨ / ٢٠٢٤

دارایی عێراق داوای لیستی مووچەی مانگی 8ی هەرێم دەکات – خەڵک میدیا

ئاشتبوونەی رەنگەکان.. رەزا شوان

رەژەک رەنگەکان، لە شوێنێکدا بە یەکتری گەیشتن. هەر رەنگێک بە شان و باڵی خۆیدا هەڵدەیدا و خۆی بە (شاڵەنگ) دەزانی.
زەرد: من رەزەکی تایبەتیم هەیە، چونکە من رەنگی زەردم، رەنگی گەنم و لیمۆم. بە شانازیشەوە دەڵێم، رەنگی رەژەکەی سەر ئاڵای کوردستانم.
سەوز: زۆر کەس هەگری جوانی منن. چونکە من رەنگی بەهارم، رەنگی هیوا و ئومێدم. رەنگی ژیان و ژیانەوەم. رەنگێکی پیرۆزم. دەخۆشم کە یەکێکم لە چوار رەنگەکەی ئاڵای کوردستان.

سوور: من رەنگی لاوی و جوانیم، رەنگی شۆڕش و راپەڕینم، رەنگی گەرمی و ئاگرم، رەنگی گوڵاڵە سوورە و گوڵە ئەرخەوانم. بە خەڵکەشان، من رەنگی ژیانم.
شین: من رەنگی ئاسمانی بە کۆتاییم، رەنگی ئاو و رووبار و دەریا و ئۆقیانووسەکانم، لەلای زۆر کەس رەنگێکی پەسەند و جوان و ناوازەم.
سپی: من رەنگی ئاشتی و دەپاکیم، رەنگی کراسی بووکەنیم، رەنگی بەفرم. رەنگی پەلکە جوانەکانی گوڵە نەرگز و گوڵە حاجیلەم، بۆیە خۆشەویستی هەمووانم.
هەریەکەش لە رەنگەکانی، وەنەوشەیی و پەمەیی و قاوەیی و پرتەقاڵی و شەکەری و خەڵامۆشی و ڕەش، ئەوانیش کەمیان نەوت و بە جوانی و بە شان و باڵی خۆیاندا هەڵیاندا و خۆیان بە شاڵەنگ دەزانی.
رەنگەکان لەسەر ئەوەی کە کامیان شایەنی نازناوی (شاڵەنگ)ە، بوو بە مشتومڕ و هەرایان و لە یەکتری زویر بوون.
لەم کاتەدا، منداڵەکی رووخۆش و چاوگەشی کورد، چووە نێوان رەنگەکانەوە. تەنووسی وێنەکێشانەکەی و پاکەتێک پێنووسی رەنگاوڕەنگی بۆیەکردنی لە جانتاکەیدا دەرهێنا. لەسەر لاپەڕەیەکدا، بە پێنووسەکی ڕەش، وێنەی دیمەنێکی کێشا. وەرزی بەهار بوو. منداڵەکە دەستی بە ڕەنگکردنی

تابلۆکەی کرد. قەد پاڵی زنجیرە چیاکانی سۆز و قاوەیی کرد، سەر لووتکەکانیانی سپی کرد. دەشتی دامێنی چیاکانی سۆزکرد. بە گوڵاڵەسوورە و ئەرخەوان و نەرگز و بەیبوون و مینا و وەنەوشە و گوڵزەردە و بە چەندین گوڵی جوانی رەنگاوڕەنگی تر رازاندیەوە. ئاوی جۆگەکە و ئاسمانی سەروی شاخەکانی شین کرد. لە نێوان دوو لووتکەی زنجیرە چیایەکەدا، خەڕەکی گەشی تیشک زەینەبی بە رەنگی زەرد کەشا. لە دامێنی زنجیرە چیایەکەدا، وێنەی گوندەکەی قژەنگی کەشا. هەریەکە لە خانووەکانی گوندەکەی بە رەنگێک رەنگرد. پاڵکە زەینەبێکی کەوانەیی حەوت رەنگی، لە ئاسمانی گوندەکەدا کەشا. لە سەربانی قوتابخانەی گوندەکەشدا، لە قەدی سەروی ستوونێکی داری زەر بەرزدا، ئاڵای رەنگینی کوردستانی بە هەر چوار رەنگەکەی کەشا. منداڵەکە تابلۆیەکی رەنگینی زەر جوانی، بە هەموو رەنگەکان رازاندەوە. لەژێر تابلۆکەیدا نووسی
"دیمەنێکی کوردستان". ئینجا لەپشتی رەنگەکانەدا هەڵیواسی. رەنگەکان کە ئەو تابلۆ رەنگینەیان بینی. زەر سەرسام بوون! هەستیان بەوە کرد، راستە کە هەر رەنگێک جوانی و دڵخوازی خۆی هەیە، بەڵام کە پێکەوەبن، جوانتر و رەنگینتر دەبینرێن و دەبن بە تەواوکەری یەکتری.
رەنگەکان دەستیان خستە ناو دەستی یەکتری و ئاشتبوونەوە.
چەپڵەیەکی قایمشیان
بە ئەو منداڵە هونەرمەندە بلیمەتە و بە تابلۆ جوان و رەنگینەکەی لێدا.

دزی شەریف و نیشتمانفرشی دز.. وەرگێڕانی: نەوزاد بەندی

شاعیر و نووسەری پاکستانیی میرزا ئەدیب ، کە لە ساڵی 1999 دا کەچی دوایی کردووە ، لە ووتارێکیدا ئەڵێ :
لە کارەکەم دەرکرابووم ، بەڵام مانگانە بڕە پارەیەکم بە دایکم ئەنارد ، بەڵام ئەو مانگە تەنها 9 ڕوپیەم پێ بوو ، لە زەرفەکی

نامەدا دامنابوو ، ناونیشانی دایکمی لەسەر بوو ، بێ نیاز بووم لە هیچی پەستاوێ بۆی بنێرم ..
کە لە پاسکێ دابەزیم ، ئەبینم زەرفێکی لە گیرفانمدا نەماوە و دزراوە ..
هەرچەندە 9 هوپیە زەر کەم بوو ، بەڵام لەو کاتەدا کە بێ ئیش بووم ، زەر بوو ، بێ تایبەت بە دایکم کە زەر کەمدەست بوو ..
ئەوەی بێ لامەوە سەیر بوو ، پاش چەند هەفتێک نامەیەکم لە دایکمەوە بە هات، پێش ئەوەی نامەکە بکەمەوە توشی دڵەڕاوکێ بووم، دڵنیا بووم لەوەی دایکم گلەیی ئەوەم لێ دەکات کە بەچی پارەی مانگانەم بێ ناردووە ، کەچی کە نامەکەم کردەوە ، نوسیبووی : زەر سوپاس کۆی ئازیزم بێ ئەو 50 هوپیەی بۆت ناردووم !!

سەرم سوڕما ، ئاخۆ کە بە 50 هوپیەی بە دایکم ناردبێ ؟
پاش چەند هەفتێک ، نامەیەکی ترم بە دەست گەیشت ، کە بە خەتێکی ناشیرین نووسرابوو ، بەو حاڵە جا ئەخوێنرایەوە ، تیایدا نووسرابوو : (ناونیشانەکەتم لە زەرفی نامەکەتا دەزیەوە .. کە گیرفانتم بۆی و نامەکەتم خوێندەوە ، دایکم و دایکتم بیر کەوتەوە ، هەر بۆیە 41 هوپیەم خستە سەر 9 هوپیەکەت و ناردم بە دایکت ، چونکە ناکرێ دایکت بێ برستێتی بتلێتەوە ..
نەمویست گوناهی تۆ و دایکیشت هەبگرم !!)

بە ڕاستی لە سەردەمێکدا ئەژین هەندێک دز زەر لەوانە شەریفترن کە دروشمی نیشتمانپەروەریان بەرز کردۆتەوە و هیچ بەزەییەک و لەپرسراوێتییەکیان تێدا بەدی ناکرێت و .. هەست ناکەن بە برستی مرۆڤ و تەنها بە خەیان ئەژین و ئەدزن و گیرفان پڕ دەکەن .

ـــ وێنەکە ، وێنەی نووسەری پاکستانیی میرزا ئەدیبە ـــــ

30ی ئاب رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەران

ئەمڕۆ 30ی ئاب رۆژی بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەران لە جیهان, کوردستانیش هەرەمەکە لە وەتەکەچ خۆی و چ عێراق یەکێکە لەو 80 وەتەی جیهان

کە هاووڵاتیانی تەدایە بەسەروشوێنکراون بەهۆکاری سیاسی.
لە جیهاندا ژمارەی بەسەروشوێنکراوان بە 52250 کەس دیاریکراوە, ئەوانەن تەمارکراون لە ناوەندە جیهانیەکان بە تایبەت نەتەوە یەکگرتووەکان و خاچی سوری جیهانی و هاوپەیمانی جیهانی دژ بە بەسەرو شوێنکردن و ... لە کاتێکدا تەنها ژمارەی بەسەرو شوێنکراوانی ئەنفال و بارزانی و فەیلی و ئەزیدی و ...چەندین بەرابەری ئەو ژمارەیەیە, تا ئێستا ژمارەیەکی زەر کەمی نەبەت چارەنووسیان دیارینەکراوە, تەنانەت ئەو روفاتانەی دەزراوینەتیشەوە بەهۆی نەناسینەوەیان بە بەسەروشوێنکراو هەژمار دەکرێن, بە شێوەی گشتی ژمارەی بەسەروشوێنکراوان لە جیهان خێی دەدات لە زیاتر لە 50 ملیەن کەس, هەروەها لە 30 وڵات زیندانی نهێنی بوونی هەیە, لە ناویاندا لە عەراق.
بەسەروشوێنکردن تاوانێکی زەقی مافی مرۆڤ و یاسای نێو دەوڵەتی و جانامەی گەردونی مافی مرۆڤ, بە پێی پەیمانامەی رەما دەچەتە چوارچێوەی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییەوە, کات و شوێن تاوانێکە بە زیندویی دەیهێڵێتەوە, بنەماڵەی قوربانی مافی قەرەبوو و زانینی راستیەکانیان هەیە, هیچ دەسەڵات و گروپێك مافی بەسەروشوێنکردنی هاووڵاتیانیان نییە, کە تاوانکار بە پێی یاسای نێودەوڵەتی نابەت لە سزا رزگاری بەت.
بەسەرو شوێنکردن پێشێلی مافی یاسایی تاك,مافی ئازادی و ئاسایش, مافی ئەشکەنجە نەدان , مافی ژیان, مافی ناسنامە, مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە, مافی قەرەبوکردنەوە, مافی وتنی راستیەکان, مافی ئابووری, کۆمەڵایەتی, ڕەشنبیری, مافی ئاستی ژیان, مافی تەندروستی و فەربوون, مافی کەرامەت و داوالێبوردنکردنی قوربانی ..ە.
لەم بۆنەیەدا وەڵای ئیدانەکردنی بووونی سەدان دیاردەی بەسەروشوێنکردن بەهۆی عەقیدەی سیاسیەوە لە باشووری کوردستان و دەیان هەزار لە پارچەکانی دیکەی کوردستان لە لایەن رژەمە دکتاتۆرییەکانی ناوچەکەوە, داواکارین :
1- پێویستە لیستی ناوی بەسەروشوێنکراوان, هەکاری بەسەروشوێنکردن و هەکاری مردن, شوێنی مردنیان بەاو بکاتەوە, ئەوانشی ماون ئازاد بکرێن.
2- شوێنی کەکردنەوەی بەسەروشوێنکراوان بپارێزرەت و بە یاداوەری بەسەرو شوێنکراوان و دروست کردنی مەنمەنتی یاداوەریان.
3- بە یاسا بەسەروشوێنکردن لە کوردستان و وەاتانی ناوچەکە قەدەغە بکرەت.
4- داوای لێبوردن لە بنەماڵەکانیان بکرەت و پەیمانی دوبارە

نەکردنەوەی تاوانی لەو جۆرە بدرێت.
5- ڕوفاتی قوربانییەکان بگەڕێنرێتەوە بۆ کەسوکاریان.
6- قەرەبووی ئابووری کەسوکاریان بکرێتەوە بە ماوەی ڕابردوو, ژیانەکی شەرافەتمەندانەیان بۆ دابین بکرێت لە ڕوی دارایی و خوێندن و چارەسەری تەندروستی.
7- مافی کەسوکاری بەسەروشوێنکراوانە هەموو ڕاستییەکان لە سەر بەسەروشوێنکردنی ڕەگەکانیان بزانن, تەواوی زانیارییەکانیان لە بەرواری بەسەروشوێنکردنەوە بە ئاشکرا بکرێت.
8- بە یاسا پارێز بەندی بە کەسوکاری قوربانیان, پارێزەرەکانیان, ڕێکخراوەکانیان دیاریبکرێت بە وتنی ڕاستییەکان و داکۆکیکردن لە مافەکانیان.
9- پێویستە زیندانەکان سجلی هاتووان و دەرچوانی هەبێت, هیچ کەسێك لە دەرەوەی زیندانە فەرمییەکان زیندانی نەکرێن و بوونی زیندانی نهێنی وەك تاوان سەیر بکرێت.

ڕێکخراوی کوردستان بۆ جینۆساید
تێمی KONCICC
هەماهەنگی دادپەروەری

30-8-2024

هێوتی مارکسیستی و هێوندەکانی دەخی ئێستای عێراق.. موئەیەد ئەحمەد

تێبینی: ئەم وتارە دەقەکی ئامادەکراوی ئەو باسەیە کە پێشکەشم کردووە لەو سیمینارەی کە (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) پێی هەستا لە شاری بەسرە لە (٣١ی ئایاری ٢٠٢٤)، لەگەڵ دەستکاریکردنەکی پێویست بۆ مەبەستی فۆرمی نوسین (ئەدیتینگ).

لە چوارچێوەی ململانێ جیۆپۆلەتیکی و ستراتیژییەکان و جیۆئابووریی بەردەوامەکانی نێوان وڵاتانی ئیمپریالیست و جەمسەر

ناوچەیەکان، بە جڤیرکردنی نفوز و تێپەڕاندنی بڕژەوەندییەکانیان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دوو زلهێزی دژ بەیەک، زلهێزی نوودوودتی ئەمریکا و زلهێزی ناوچەیی ئێران، هەشتا لە بنەڕەتدا ئەوانن کە دەخی سیاسی و ئابووری و هەندێ ئەمنییەکان لە عێراقدا کۆنترۆڵ دەکەن، و هەژموون بەسەر هەموو ئەم هێزانەدا، و سیستەمی سیاسیدا پیادە دەکەن. ڕژێمی سیاسی و هێزەکانی دەسەڵات و دەوڵەت لە عێراقدا هێڵی گواستنەوەی ئەم هەژموونە بەسەر وڵاتدا دەگرێن.

ئەگەر لە گۆشەیەکی گشتگیرترەوە سەیری بارودۆخەکە بکەین، نەک تەنها لە ڕوانگەی هێندی سیاسی و ململانێ سیاسی و سەربازی و ئەمنییەکانەوە، بگەڕێینەوە بۆ دوای قووڵایی ئابووری و بنەمای ماددی ئەو هێزانەدا بگەڕێین کە عێراق پێیدا تێدەپەڕێت، دەبینین کە جووڵەی سەرمایە لە ناوچەکەدا ئەم فاکتەرە ماددییە، و ئەمڕۆ بناغەییترین و گشتگیرترین پرسیارە. هەر بوونەوەرێکی توخمی ماددی بنەڕەتییە بۆ شکڵدان بە پرس و ململانێ سیاسی و جیۆپۆلیتیکییەکان لە ناوخۆی عێراق و لەسەر ئاستی ناوچەکە. ئەمڕۆ بۆ مانایەکە ئەم سیاسەت و ململانێیانە لەسەر ئەم بنەما ماددییە و ئەم پێشهاتانە کە لە هێندە ئابووریەکانی عێراق و ناوچەکەدا ڕوودەدەن، خەیان بەرهەمدەهێنن.

پێش (٧)ی ئۆکتۆبەر و شەڕی جینۆسایدی ئیسرائیل لە دژی فەلەستینییەکان، هێندێک لەئارادابوو بۆ ئاسایێکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا، لەلایەن سعودیە، ئیمارات، بەحرەین، سودان و وڵاتانی دیکەی عەرەبیەوە، و ئەم ئاسایێکردنەوەش لەژێر فشاری گەلانی بارودۆخی ماددیدا بوو، کە مەبەستم فشاری بڕژەوەندییەکانی سەرمایە و واقیعی هەرچی زیاتری هێکهەپیکرانی سەرمایەی ئەم وڵاتانەیە بۆ سەرمایەی جیهانییەوە. هەر بەم پێیەش لەژێر فشاری بڕژەوەندییەکانی ئەم بلۆکە ئابووریانەدا بوو کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدان وهەر چی زیاتر تێکەڵاون لەگەڵ سەرمایەی ئمپیریالیستی ئەمریکا و ڕژئاوا و ئیسرائیلدا.

(٧)ی ئۆکتۆبەر هات و شۆکێکی گەورەی لێکەوتەوە بۆ ئەم بارودۆخ و ئاراستەیە، و بووە هۆی پاشکۆ و خاوبوونەوەی کاتیی ئەم هێزانە. هەرچەند ئەم خاوبوونەوەیە ڕوویدا، بەڵام هێزانە ئابووریە بنەڕەتییەکان و لێکهەڵپێکانی هەرچی زیاتری بڕژەوەندییەکانی سەرمایەی جیهانی و سەرمایەی ناوچەیی لەگەڵ یەکتری هەر بەردەوامن. هەر لەم ڕاستایەشدا، دەوڵەتی ئێران و ڕژێمی ئیسلامی ئێران، دەوڵەتی تورکیا و ڕژێمی ئەردۆغان، واتە ئەم دەوڵەتە ناوچەییانە کە زاڵن و هەژمونیان هەیە بەسەر هێزەندی بارودۆخی ناوخۆی عێراق،

بەتایبەتی ئێران، کە هێزی سەرکیی تێدا دەگمەنە، تەنها هێزی سیاسی و سەربازی نین، بەڵکو هێزی ئابووریشن.
ڕژیمی سیاسی ئیسلامی ئێران و ئامانجە سەربازی و ئەمنی و فراوانخوازیەکانی و هتد، دابەاو نیە لەو ڕاستییەی کە کۆمەڵگای ئێران سیستەمکی سەرمایەداریە و هەر بوونەوەرێکی ئابووری و ناوەندکی کۆمپانیای سەرمایەیە، بۆیە دەتوانین بڵین سەرمایەی نەتەوەیی ئێران لە لایەن ڕژیمی ئیسلامی واتە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دەپارێزرێ، و ڕژیمی ئیسلامیش دەسەڵاتدار نوێنەرایەتی بۆرژوەندییەکانی سەرمایەی نەتەوەیی ئێران دەکات.
بە هەمانشێوە ئەو ڕژیمە سەرکوتگەرانەی کە لە کۆنەداودا هەن، نوێنەرایەتی بۆرژوەندییەکانی سەرمایەی کۆنەداو دەکەن، واتە سەرمایەی سعوودیە و ئیمارات و وڵاتانی دیکەی کۆنەداو، کە زۆر تەکنەاو و لەکەپەکراو بوون لەگەڵ یەکتری.
هەمان مەسەلە بە سەر سیاسەتی فراوانخوازی تورکیا و ئەردۆغان لە ناوچەکەدا تەتبیق ئەبێ و هەمان شت بە ئێران و سیاسەتە فراوانخوازییە ناوچەییەکانیشی دەگونجێت. هەم ئێران و هەم تورکیا بڵەکی ئابووڕین و بۆرژوەندییە ئابووریەکانیان بە پلەی سەرەکی ڕێبازی سیاسی و سەربازی و ئەمنییان لە ناوچەکەدا دەجوڵێنن و دیاری دەکەن.
کاتێک باس لە عێراق دەکەین، دەبینین کە زۆریی و قەبارەی گەورەی هێزەکانی دەسەڵات و ڕژیمی سیاسی کە لە سەدان هەزار هێزی سەربازی و میلیشیایی و ئەمنی پێکهاتوون، هاوتا نییە لەگەڵ پەداویستییەکانی جوڵەی سەرمایەی نەتەوەیی عێراق لە بواری کەبەکەی ناوچەییدا.
ئەو ڕوونە کە بەرجەستەکردنەوەی بۆرژوەندییەکانی سەرمایەی نەتەوەیی لە ڕێگەی دەوڵەت و دەسەڵاتی ئەمڕی عێراقەوە بەربەستی گەورەی لە بەردەمدایە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە سیستەمی سیاسی لەسەر بنەمای پشکپشکێنەی نەتەوەیی و تایفەگەری دامەزراوە و لەلایەن هێزە ئیسلامی و ناسیۆنالیستەکانی ڕکابەرەوە کۆنترۆکراوە، و هەروەها بەو هەیشەوە کە وڵاتەکە لە ژێر کاریگەری ئەمریکا و ئێراندایە، و تا ڕادەیەکیش لە ژێر کاریگەری ئابووری تورکیادایە. ئەمەش بەو مانایەیە کە بۆرژوەندی سەرمایەی نەتەوەیی، واتە بۆرژوەندیی بۆرژوازی نەتەوەیی لەسەر ئاستی عیراق، لاواز و پەپووتە، و ئەم سەرمایە نەتەوەییە توانای کەبەکەی لەگەڵ سەرمایەی نەتەوەیی وڵاتانی ناوچەکە و بەڵکە ئابووریە ناوچەییەکان و وڵاتانی ئیمپریالیست نیە.
سیاسەتی فەرمی بۆرژوازی حوکمرانی عێراق و بۆرژوازی نوودوەتی

دابەشکردن و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی دابەشبوونی کۆمەڵگای عێراق لەسەر بنەمای دین و نەتەوە و تایفە، و درێژدانە بە ژەمی سیاسی بەرژوازی بەم شیوەیە.

تەنانەت ئەگەر گریمانە بکەین کە دەسەڵاتی ئێستا، یان باشتر بڵێین دەوڵەتی عێراق، توانیبێتی کۆشکێی یەکلایی بکاتەوە و ستوون و باڵ و هێزە جەراوجێرەکانی ژەم لە چوارچێوەیەکی سیاسیدا یەکبخات بەجێرێک کە هەمەلایەنەتر لە ئیستای نوێنەرایەتی بەرژەوەندیی سەرمایەی نەتەوەیی عێراق بکات، ئەوا ئەم دەوڵەتە، – لەلایەن بۆشک لە چەپ و ئەو هێزەوە سیاسیانەی کە باس لە "نیشتمان" و "بەرژەوەندی نیشتیمانی" دەکەن، و دەربارەی دەوڵەتی "مەدەنی" و "دیموکراسی" ئەدوێن و بڕوا بە بیرکەی جیگیرکردنی دەسەڵاتی ناوەندی و چەکداماڵینی میلیشیاکان و بلۆکە جەراوجێرەکانیان ئەدەن-، وا لە قەڵەم ئەدری کە خەکارانە خزمەت بە جەماوەر دەگەیەنێت.

بەڵام ڕاستییەکە وانییە، ئەگەر دەسەڵات هێزەکانی یەکبخات و دەوڵەتێکی بەهێزی ناوەندی دامەزرێنێت، یان وەک دەڵێن "دەوڵەتێکی کۆنترۆکەر"، ئەوا ئەم دەوڵەتە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی سەرمایە دەکات، واتە بەرژەوەندییەکانی چینی بەرژوازی، هەربەیە زەحمەتکێشان و ستەملێکراوان و کرێکاران و گەنجان و ژنان لە جەمسەری پێچەوانەدا دەبن و بەدەست چەوساندنەوەی بەرژەوەندییە چینایەتییە ناسیونالیستییەکانی سەرمایە و دەوڵەتکەیەوە ئازاردەچێژن.

ئەوە بەرژەوەندی سەرمایەی گەورە و سەرمایەی ئەم بلۆکە سیاسیانە و دەوروبەرەکانیانە کە دەوڵەتە دامەزرێوەکە دەیانپارێزی و خزمەت بە بەرژەوەندی جەماوەر ناکات.

ئەمەش ئەوەیە کە لە ساڵی (۲۰۰۳)ەوە تا ئێستا بینیومانە، واتە ئەوەی کە چەن قۆناغێ جیاوازەکانی شەڕی تایفەگەری، تیرۆر، ناسەقامگیری دەوڵەت و ژەم، و کۆنترۆڵکردنی داعش، تێپەڕین، و چەن هەرێمێک لەو قۆناغە سیاسی و سەربازیانە دەسەڵات و دەوڵەتی بەهێزتر کرد، و چەن ئەم دەوڵەتە لە بەرژەوەندی جەماوەر دابڕاوە و سیاسەتگەلێک جێبەجێ دەکات کە دژی بەرژەوەندی ئەوانە.

ئەوەی پێشتر ڕوویدا لە داهاتووشدا ڕوودەدات، بەیە دەمەوێت جەخت لەسەر خاڵێک بکەمەوە، ئەویش ئەوەیە کە هەر خەشباوەڕییەک بەوەی کە گوایە کۆشەی جەماوەر چارەسەر دەبێت لەگەڵ سەقامگیری دەوڵەت و دامەزراندنی بەم ناوەڕۆکە چینایەتییە بەرژوازییەوە، دوای یەکلاییکردنەوەی مەسەلەی میلیشیاکان و کۆشکانی دیکە، زیان دەگەێنێت بە پرسی ڕزگاربوونی ئینسانی زەحمەتکێش، چونکە لە واقعدا کۆشە بنەڕەتیەکانی جەماوەری بەرینی خەڵک وەک خەی دەمێنێتەوە و

گەلانیکاری لە بەرژەوەندی ئەوان بووناداد. تاکە گەلانیک کە دەتوانێت لە بەرژەوەندی ئەوان بێت ئەوەیە کە جەماوەری ستەملێکراو و زەحمەتکێش خۆیان ڕێکبخەن و ببنە هێزێکی سیاسی کە کاریگەریان لەسەر ڕووداوەندە سیاسییەکانی وڵات هەبێت. تا ئێم ساتە هێزی بەرژوازی ناسیۆنالیستی و ئیسلامی ناوخۆ و دەرەتانی ئیمپریالیستی و ناوچەیی کۆنترۆڵی ئەو ڕووداوانە دەکەن.
بەدەر لەوانە، جەماوەری کرێکاران، زەحمەتکێشان، گەنجان و ژنان بەدەنگ نەبوون. بینیمان چۆن ناڕازایەتی کۆمەڵایەتی لە قەناغە جیاوازەکاندا لە ساڵانی (٢٠١١) و (٢٠١٥) و (٢٠١٧) و (٢٠١٨) و پاشان ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری (٢٠١٩) کە گەورەترین ڕاپەڕین بوو لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا سەریهەڵدا.
ئێم هەوڵانەی گەنجان و جەماوەری ستەملێکراو کە قوربانیی دەستی سەختیی ئێم هەلومەرجانە بووون، ئامانجیان فەراهەمهێنانی گەلانکاریەکی ڕیشەیی بوو لە بەرژەوەندی خۆیان، بەڵام ئێمە نەهاتدی. ئەویش هەر تەنها بەهۆی سەرکوتکردنەوە نەبوو، هەرچەندە سەرکوتکردن ڕێژەیکی بنەڕەتی و سەرەکی هەبوو لە سەپاندنی پاشکۆکدا، و سەرکوتیک بوو لە ڕابردوودا بە دڵگەمەن بینراوە لە ناوچەکدا و تەنانەت بەراورد ناکرێ بە ڕادەی سەرکوتکردنی شۆشی میسر کە سەرکەوتوو بوو لە ڕووخاندنی ژێمی موبارەک. واتای ئێمە ئەوەیە کە ململانێکان و بەرژەوەندیی ئەو هێزانەی کە کۆنترۆڵی دەخی عێراقیان کردوە زۆر گەورەن، ئەمەش مانای ئەوەیە جەماوەر پێویستی بە جۆرێکی تری کار هەیە، واتە کاری ڕێکخراوتر و دیدگای سیاسی ڕوون و ڕێکخستنی بەهێز، و بەو مانایەیە کە ئێم هەوڵە پڕشوبەڵوانەی ئیساتیان پێویستیان بە یەکگرتوویی هەیە لە هێزێکی سیاسی شۆرشگێڕانە و سۆشیالیستی ڕێشندا.
ڕۆڵی ڕێوتی مارکسیستی
سەبارەت بە ڕۆڵی ڕێوتی مارکسیستی لە ڕووەندی بارودۆخی عێراقدا، هەروەک لە ناونیشانی سیمینارەکدا هاتووە، پێویستە دوو بابەت لەبەرچاو بگیرێت. یەکەم، جەماوەر بە بەدەنگی دانەنیشتووە، و کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی زەرەمەند لەم بارودۆخانە ناڕازایەتیان دەربڕیوە و بەردەوام دەنگیان هەڵبڕیوە، و دووەم، ئەرکی بنەڕەتیش گەینی ئێم ڕووندە و یەکخستنی خەبات و ڕێکخستنەیتی.
خۆتان ئەوە دەبینن کە ڕووتی ناسیۆنالیستی هەیە و بەرچاوە، و خەڵکی تەدا ڕێکخراوە و دەسەڵات و حزبیان هەیە و کاریگەریان لەسەر ڕووەندی بارودۆخەکە هەیە. هەروەها، بزووتنەوە ئیسلامییە جەراوجۆرەکان، لە ئاستە جەراوجۆرەکان، نفوز و سیاسەت و

کاریگەرییان لەسەر کەمە ڕگە هەیە، بەڵام ئەگەر سەیری ڕووتی مارکسیستی بکەین، دەبینین تا ڕادەیەک لاوازە، هەرچەندە بەسروشتی ڕووتکە لە ناو کۆمەڵگەدا هەیە و پێوەندیدارە بە خەباتی جەماوەری کریکار و زەحمەتکێش و چەوساوەکان لەبەرامبەر چەوسێنەرەوە و نادادپەروەری و ستەمکاریدا، و پێوەندیدارە بە خەباتیان لە پێناو بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی و یەکسانی و ئازادیدا. ئەمانە تووخمە ماددییەکانی ڕووتی مارکسیستین و تووخمگەلێکن کە بە زەری لە ناو کۆمەڵگادا بوونیان هەیە، بەڵام لە فەرمەکی سیاسی ڕێکخراو و کاریگەردا نین.
بێگومان گوشاری هەرشەکانی بۆرژوازی نەوەوەتی و هەرشی هێزە ئیسلامی و ناسیۆنالیستەکان بە سەر کۆمۆنیزم، تا ڕادەیەک ئیمیجی کۆمۆنیزمی شێواندووە لای جەماوەردا بەڵام تاکە هەکاری نەگەتیف نیە لەسەر ڕووتی مارکسیستی.
ئەو پارتانەی کە بە ڕووکەش بانگەشەی کۆمۆنیستی و مارکسیستی دەکەن، پاشکۆیانکردووە، وەڵی نەگەتیڤیان هەبووە، ئەویش بەهۆی سیاسەتی سازشکارانە لەگەڵ بۆرژوازی دەسەڵاتدار، سیاسەتی سازشکردن لەگەڵ نزیەت و بەها کۆنەپارستانەکان کە لە کۆمەڵگادا هەن، هەروەها سیاسەتی تێکەڵبوونیان لەگەڵ دەسەڵات و ڕووتە دەسەڵاتدارە ئیسلامییەکان و ئەوانی تر، ئەوەش بە ئەوەی ژەمی سیاسی بورژوازی بنیات بنێن و بەسەر کۆمەڵگادا بیسەپێنن.
ئەوە ڕوونە کە ژەمی سیاسی قەت لەسەر بنەمای گشتی و بۆرژوەندییە گشتیەکانی کۆمەڵگا بنیات نەنراوە، بەڵکو لەسەر بنەمای چینایەتی بنیات نراوە. هیچ دەوڵەتێک و ژەمێکی سیاسی نیە لە جیهاندا کە چینایەتی نەبێت. دەوڵەت یان لە بۆرژوەندی چینی کرێکار و زەحمەتکێشان و چەوساوەکانە، یان لە بۆرژوەندی بۆرژوازیە، واتە بۆرژوەندی سەرمایە. بەاوکردنەوەی خشباوەی لەم بارەیەوە، بۆربەستدانانە لەبەردەم بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی زەحمەتکێش و زیانگەیاندنە پێی ، و یەکێک لەو هەکارانە بووە کە بۆتە هۆی زۆربەدان لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و ڕووتی مارکسیستی.
لە هەمان کاتدا ڕووتی تریش هەن وەک چەپە ڕادیکاڵە سیاسییەکان هەرچەندە ئەوان دوورن لە کۆمەڵگا، بەڵام ڕەخنەی سیاسییان دانەپچراوە لە ڕووتی ناسیۆنالیستی و لیبڕاڵی بۆرژوازی، و شێوازی کارکردن و سیاسەت و ئاسۆکانیان جیا نییە لەو ڕووتانە، و ئەم دانەپچرانەش هەکاری سەرەکی ناکامیەکانی ئەم جۆرە چەپەیە.
بەشێکی تریش هەیە، کە ئەوانە ڕۆشنبیرانن لەکەدارەوە بە جیهان دەکەن و هەگری سیاسەت و کولتوورن، بەڵام بەکردەوە هەنگاو نانێن بە هەنادی گۆڕانکاری، واتە مارکسیزم و ڕووتی مارکسیستی

گرنادنەوە بە بزووتنەوە کۆمۆنیستی و چینایەتییەکانی ناو کۆمەڵگە و بەو بزووتنەوە کۆمۆنیستیانەی کە پشتر ئاماژەم پێکردن.
ئەوە ڕوونە کە بوونی ڕووتی مارکسیستی شتێکی بابەتییە و تەنیا سوبژێکتیف نییە و پێکهاتەکانی ئەم ڕووتە لەناو کۆمەڵگادا بوونیان هەیە.
هەروەها سپێکترەمێک (طیف) لە ڕۆشنبیران و ڕووت و گرووپگەلێک هەن کە لەسەر بنەمای چینایەتی بیر لە سیاسەت ناکەنەوە، بەڵکو لەسەر بنەمای جەماوەر بگشتی و بەرژەوەندییە گشتییە هاوبەشەکان بیر لە سیاسەت دەکەنەوە، وە ئەو ڕاستییە لەبەرچاو ناگرن کە کۆمەڵگا دابەشبووە بەسەر چین و توێژەکاندا کە بەرژەوەندیی جیاوازیان هەیە و ناکۆکەکن. پێویستە هێزێکی جیاکەرەوە لە نێوان ڕووتی مارکسیزم و ئەم جۆرە ئاراستانەشدا بکەشرێت.
ئاشکرایە، پگەی سیاسی و فیکری هەر کەس و لایەنێک لەسەر بنەمای بەرژەوەندی ئەم چینە یان ئەو چینە دیاریدەکری، و هەربۆیە بە گشتی بژاردەی سێیەم نییە، بەڵام هەندێک لە بەناو مارکسیستەکان ئەم ڕێبازە سەهمیە هەڵدەبژێرن. هەڵبژاردنی ئەم ڕێگای سەهمە تەنیا ئاکامەکەی دوورکەوتنەوەیە لە چینە کۆمۆنیستیەکەیان، و گەنجان و ژنان و لە پرسەکانی ئەم چین وتوێژانە.
سەبارەت بە ڕێگای تیۆری مارکسیستی، گەر بکورتی باسی بکەم؛ مارکسیزم لەجەوهەردا تیۆری خەباتی چینایەتییە، تیۆری ڕزگاری شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکارە، و تیوری و ڕووتی ڕیفۆرمیستی سوود بە چینی کرێکار و زەحمەتکێشان و بەهێزارکراوان ناگەیەنن. ڕووتی مارکسیستی، پەیڕەوی لە تیۆری شۆڕشگێڕانەی مارکس دەکات، وە ئەم ڕێبازە و تیۆرییە بکارد هێنە بە لێکدانەوەی واقیع و لایەنگریکردن لە هەوڵەکانی ستەملێکراوان و بەهێزارکراوان و خەباتەکەیان. ئەمەیە گرنگی تیۆری مارکسیزم، ئەم تیۆرییە تەنیا کۆمەڵێک دڕق و بابەتی تیۆری و زانستی نییە، بەڵکو ئامرازێکی ڕزگاریخوازیە لە دەستی چینی کرێکار و ستەملێکراواندا کە پێویستیانە بە تێگەیشتن لە جیهان و فەراهەم هێنانی گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانە لە کۆمەڵگادا.
ئەگەر کرێکاران و زەحمەتکێشان لەژێر کاریگەری بیرکۆکانی بەرژوازیدا دەستبەرداری ئەو تیۆرییە ببن، ئەمە مانای ئەوەیە کە بەدەستی خۆیان خۆیان لە چەک دادەماڵن، و خۆیان ئەم چەکە فیکرییە وەلادەنێن کە پێویستیانە بە گرتنەبەری تیۆری و بەرنامەیەکی کاری شۆڕشگێڕانە بە گۆڕانکاری.
جارێکە تر ڕووندی سیاسی بارودۆخەکە
جارێکی تر دەگەڕمەوە بە باسی ڕووندکانی دۆخی سیاسی عێراق و

ئەو خاڵە بنەڕەتییەی کە دەستم پێکرد، مەبەستم بەرژەوەندیی سەرمایەی نەتەوەیی عێراق و لاوازیکەیەتی لە نەو کەبەکی وەاتانی ناوچەکەدا، هەروەها بە تاوتوێکردنی هەندێک لایەنی دیکەی بابەتەکە.
بە نموونەی ئێران دەست پێدەکەم: ژیمی ئێران پێویستی بە هەڕەشەی سەربازی و ئەمنی و میلیشیایی زۆر بەهێز هەیە، بۆچی، چونکە بەرژەوەندیی سەرمایەی نەتەوەیی ئێران گەلێک قەبەیە و توانای کەبەکی لەسەر ئاستی ناوچەکە هەیە، هەروەتر سەبارەت بە تورکیا کە سوپا و هێزی سەربازی گەورە و بەهێزی هەیە، و ئەمەش ڕێکدەتەوە لەگەڵ بەرژەوەندی سەرمایەی نەتەوەیی و وەبەرهێنانکانی و بەرژەوەندییە ئابووریییە گشتییەکانی لە ناوخۆی وڵات و لە ناوچەکەدا. هەمان شت بۆ دەوڵەتانی کەنداو و ستەمکاری و میلیتاریزم و شێوازی لە یەمەن و فراوانخوازییەکانی دیکەشیان دەگونجێت کە دەتەوێ لەگەڵ قەبارەی گەورەی سەرمایە و قەبارەی گەورەی بەرژەوەندییەکانیان لەم وڵاتانەدا.
بەڵام کاتێک سەیری عێراق دەکەین، بەرژەوەندییەکانی سەرمایەی نەتەوەیی لە بنەڕەتدا پەرشوبڵاوە، و وەک ئاماژەمان پێدا، تاکادیەک دابەشبووە لەنێوان بەرژەوەندییەکانی سەرمایەی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان، و سەرمایەی ناوەندی و سەرمایەی ڕۆژئاوای عێراق، وە ژێرخانی سیاسیش لایەن ڕەوتە نەتەوەیی و تایفگەریەکانەوە باڵی بەسەردا کیشراوە، و دەوڵەتی ناوەندیش دەستی بەسەر ڕەوەندە سەربازی و سیاسی و ئەمنییەکانی ناو وڵاتدا نەگرتووە بەتەواوی.
ئەو پرسیارەی کە دێتە ئاراوە ئەوەیە؛ لەکاتێکدا جوڵەی سەرمایە لەعێراقدا بەم شێوەیە و لە ژێر هێژمۆنی ئێران و ئەمریکا و کاریگەریی ئابووری تورکیادایە، کەوایە بۆچی ئەم قەبارە گەورەیەی میلیشیا و هێزی سەربازی و ئەمنی و هەواڵگری و پۆلیسیان هەیە، کە بە سەدان هەزارن ؟ هەکاری ئەم زۆرییەی هێزی سەرکوتگەرانە چییە؟ بەگومان هەکاری سەرەکی بە بەکارهێنانێتی لە ناوخۆدا، بە سەرکوتکردنی ئاپۆزیسیۆن و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان و کنترۆڵکردنی بارودۆخی هەنووکەیی و ڕێگرتنە لە سەرهەڵدانی هەر بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵایەتی بەهێز لە وڵاتێکدا کە دەرگیری قەیرانی هەمەچەشنەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییە.
سەرەڕای ناکۆکییەکانی نێوانیان، هێزە ئیسلامی و ناسیۆنالیستەکان، بەرژەوەندیی سیاسی و ستراتیژیی هاوبەشیان هەیە لە پاراستنی ژێرخانەکەیان و ڕووبەروبوونەوەیان بەرامبەر جەماوەر. بەدەر لەهەر جیاوازییەکی نیوانیان هاوبەشن لە چەوساندنەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشان و سەرکوتکردنی ناڕەزایەتیی جەماوەر و زەوتکردنی

مافەکانی ژنان و سەرکوتکردنی بەرهەستیان. ئەو هەزانە هاوبەشن لە سیاسەتی ئابووری دەوڵەت کە بێکاری و هەژاری دروست دەکات، و هەروەها هاوبەشن لە خنکاندنی خواستەکانی گەنجان و فراوانکردنی هادەی دواکەوتوویی فیکری و مەعنەوی لە وڵاتدا. هەروەها ئەو حزبانەش کە خەیان بە ئەپەزسیۆن دەزانن لە واقعدا بەشێکن لە دەسەڵات تەنانەت گەر وەزارەتکیشیان نەبێت و نەگەشتبنە پەرلەمان. فەلسەفەی هەبوونیان لەبەرەوخستنی بزووتنەوەی شۆشگێرانە و نەهێشتنی هەر جوڵەیەکی جددییە بەرەو گۆڕانکاری.
ئەمە لە (ڕەخنەگرانی بەدیلی کۆمۆنیستی) ئەم سیمینارەمان سازداوە لە بەسرە و شانازی دەکەین کە لەم شارە دێرین و کریکارییەدا لەگەڵتاندایین. ئەمە ئەو ئاراستە بنچینەییانەمان گرتەبەر کە باسمانکردن، هەروەها لەکار و تێکۆشانێکی بەردەوامیش داین بە گەشەپێدانی بزووتنەوە و ڕەوتێکی مارکسیستی بەهێز، و بە زیندووکردنەوەی مارکسیزم و گۆڕینی بە هێزێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکریی بەهێز لە کۆمەڵگەدا.
(ڕەخنەگرانی بەدیلی کۆمۆنیستی) کراوەیە بە هەموو کەسێک، بە هەر مارکسیستێک، هەر شۆشگێرێک، و هەر کەسێکی کرێکار و زەحمەتکێش و هەر کەسێک کە بیروەت سەرکەوتنی خەباتی جەماوەری کرێکاران، زەحمەتکێشان، گەنجان و ژنان سەرکەوتن بەدەستبهێنێت. (ڕەخنەگرانی بەدیلی کۆمۆنیستی) ئامرازێکی ڕەخنەگرانەیە بۆ ئەوان، و بەشێکە لەوان، خەباتی ئەمە لەگەڵیان هاوبەشە.
٢٠٢٤-٧-٤

نیفاق.. نەوزاد بەندی

نیفاق بریتیە لە درەکردن لەگەڵ بیروباوەڕدا .. واتا بە ڕووکەش خۆت وا نیشان بدەیت هەڵگری بیروباوەڕێکیت ، بەڵام بە کردەوە ، جیاواز بیت لە بیر و باوەڕەکەت .. یان بە ماوەیەکی دیاریکراو کار بە بیر و باوەڕەکەت بکەیت و دوای ئەوە هەڵبگەڕێیتەوە و ببیت بە کەسێکی دژ بەو بیر و باوەڕەی پێشتر هەڵتگرتووە ..
لە قورئاندا سزای گەورە بۆ ئەو کەسانە دانراوە کە بە ڕووکەش موسوڵمانن ، بەڵام کە داوای کارپێکردنی بیروباوەڕەکەیان لە دەکرێت ، هەڕەشە و خەیان دەشارنەوە و بیانووگەلێک دەدەزنەوە بە

ئەوەی ئەرکەکانی تایبەت بەو بیر و باوەڕە جێبەجێ نەکەن ، ئیتر ئەو ئەرکانە بەخشینی زەکات بێ ، چوون بە شێوەی چارەنووسساز بێت ، کاری چاکە بێ ، خانەویستیی بێ ، یان هەر ئەرکێکی تر ، لە وەسفی داهاتووی ئەم جۆرە کەسانەدا ، بنی دڕۆخ دەست نیشاندەکرێت بەیان ، واتا ئەم بەناو باوەڕدارانە ، لە خراپترین کەسەکان حیساب دەکرێن و ئەخرێنە بنکی ئاگری دڕۆخەوە ..
لە سەردەمی ئەمەویەکانەوە شتێک نەمایەوە بە ناوی بیر و باوەڕ ، چونکە خەلیفایەتیی بوو بە پشتا و پشت ، لە باوکەوە بە کوڕ .. ئیتر خەلیفە لە جیاتی کار بە بیر و باوەڕ بکات ، سەرقاڵی پێگەیاندنی کوڕەکانی بوو ، هەتا بەهەزترینیان بکات بە جێگرەوی ناز و نیعمەتی نیفاقی خەلافەت ، ئیتر جەنگی نێوان براکان و ژەهرخواردن هاتە گۆڕێ ..
ئەبینیت بانگخوازێک گەزێک ئیشی بەرداوەتەوە کە زەرترین کاتەکانی لە شانەکردن و نیگرەکردنی ئیشیدا بەسەر دەبات ، هەر ئاگایشی لەوە نییە کە هەرماتکەڵکی ئاوژکاری یەکەمی ئەمانیا لەسەر ملیۆنێک دۆلار پێگە و حزبا و شەرەفی شکێنرا و پەلکێشی دادگا کرا ، لەبەر چاویدا وار و وەخی ووتاکە ئەکرێتە تێنکەرەوە و ئەدزرێت ، ئەمیش باسی فیقهی ژنی دووەم و سێیەم و چوارەم دەکا ، یان دژایەتیی ئیش درێژکی تر دەکات کە پێی وایە دەعای قنوت لە نوێژی بەیانیدا بیدعەیە !! ..
چەندین جار ووتار خوێنی ئیش وەک کلووی بەفرم خستۆتە دەخکەوە کە نەتوانێت دەڵێک قسەیش بکات ، چونکە کاتە پێی دەڵێیت لەسەردەمی بیر و باوەڕدا نادادیەک هەبووایە ، لە بانگی مزگەوتەکاندا داوا دەکرا خەڵک بە چاکەوە بڵن بە دژایەتیی نادادیەک کە هەڵتەقیوە ، پەم ووتون ئەوە وا ئیشتان لە ووتار و مینبەردا سپی بووە ، ئایا تا ئێستا نادادیەکتان نەبینیوە وا هەشتا لە بەندگی مزگەوتکەوە نەتانتووە خەڵکینە کەبنەوە ، با دژایەتیی نادادیەک بکەین کە یەخێ گرتووین ؟
نەیانزانیوە بڵێن چی .. یان وتوویانە ئەم سەردەمە جیاوازە !! ..پەم وتوون ئەی بەچی سەردەمی دوژمنەکانتان جیاواز نییە و بە تەپ و تانکەوە ئەدێن بە سەرتاندا ؟؟
بەچی گەنمی جوان و سروشتیی ووتاکە لەو دەشتە تەپە دراوە و .. لەیان وەرناگیرێت ، کەچی ئاردەکی پە لە ژەهر لەو سەری دنیاوە دێت ، ئەبە بیکەن و بیکەن بە نان و بیخەن ؟ ئایا ئەوە وەک ووتارخوێن و هەنیشادەری موسوڵمانان هیچتان لەسەر ئەم گاتەجاییە باسکردووە ؟؟ ..نا .. ئەو سەرقاڵی ئەوەیە کە تەکفیری کەسەک بکات ئیشی تاشیبە یان سەرقاڵی کردنەوەی سەدان نوسینگەی عەمریە ..

ئەگەر وابزانین نیفاق تایبەتە بە باوەدارانی ئیسلام ، بە هەڵە چووین .. نیفاق لە هەموو بیر و باوەڕێکدا هەیە و کەسانێکی خۆپەرست و زەمانەساز هەن ، لە پەناوی بڕژەوەندیی تاکە کەسی و خزانی خۆیان ، نیفاق ئەخڵقە ناو بیر و باوەڕەکانەوە .. بە نمونە سەدام حسێن ، کە گەیشتە کورسی حوکمڕانی سەرجەم پیاوە دەسەڵاتدارەکانی حیزبەکەی قڕتە و عام کرد ..یان کەسێکی وەک ڤلادیمیر لینین کە باوکی بیر و باوەڕی کۆمۆنیست بوو ، هەموو ژیانی خۆی بە بیر و باوەڕەکەی تەرخان کرد ، سەدان کتێب و ووتاری لێو پەناوەدا نوسی ، دوای خۆی جۆزێف ستالین پەیدا بوو ، کە بە حیساب سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی ڕوسیایە ، بەڵام بووە کۆمۆنیستێکی مونافیق و ..زۆرینەی تەکنۆکرێە کۆمۆنیستەکانی لەناو برد ..یەک دەیی لە ئایدیاڵژیای کۆمۆنیست زیاد نەکرد و کڕوتە کەمەکوژیی لەناو ووڵاتەکەی خۆیدا و هیچی کەمتر نەبوو لە هیتڵەر و مسۆلینیی ..
بە پێچەوانەوە ، ئەمڕۆ ئەبینین هەموو وڵاتانی سیکیولار لە پرسی سیکیولاریزمدا هاوڕا و تەبان و نزیانهەشتووە نیفاق تەکنۆلۆژی قوتابخانە فیکرییەکانیان ببەت ، ئەوەتا ئاشکرا وەوونە یابان و ئەمریکا و بەریتانیا و فەڕەنسا و ئەڵمانیا و ئیسرائیل ، یەک دە و یەک دەستن و ..تەکڕا لە دوژمنەکانیان دەدەن ..ئەمەیش وایکردووە ببنە خاوەنی جیهان .. لە بەرامبەردا ، ووڵاتانی مونافیق ، کڕووتووەتە ژێر پەڵاوی سیکیولارە دەسەنکانەوە .. واتا موسوڵمانێکی مونافیق ، یاخود ئەژهەلاتییەکی مونافیق ، لە دنیا و قیامەتیشدا ئەکەوێتە ژێر پەڵاوی سیکیولارێکی پاک یان ئەژئاواییەکی دەسەز بە بیر و باوەڕەکەی خۆی ..
ئەستا تە بچیتە ووڵاتێکی ئەوروپی و ..سەدان هاوڵێی ئەوروپیت هەبە ، هیچیان پایەکانی سیکیولاریزم بە تە ناشکێنن ، ئەوان بەو کارە دەڵێن دەسەزیی بە یاسا و .. یاسا لە سەروو هەموو شتێک دادەنێن .. کاتێ سەرۆک وەزیرانێکی وەک هەرماتکەل لە ئەڵمانیا ، نیفاقێک دەکات و بەڵک پارەی گشتی بە حیزبەکەی تەرخان دەکات ، بە دەستکی پەڵاپین لەی دەدرێت و پەلکەشی بەردەم دادگا دەکرێت و دەخرێتە زبڵدانی مێژووی ووڵاتەکەیەوە ..بە هەمان شێوە کلینتێن و یەهود ئەمەرت و بەرلسکونی و هەموو ئەو سەرکانە کاتێ ئیانەوە نیفاق تەکنۆلۆژی دەسەڵاتی ووڵاتەکەیان بکێن ، سزای قورس دەدرێن و حیایان دەبرێت و دادگایان پێ دەگیرێت و زیندان دەکرێن و ئاودوو دەنرێن ..
بەڵام لە ووڵاتی نیفاقدا ، ئەوەندە بەس خزمی بەرپرسێک بیت ، ئیتر یاسا وەک تەم ئەوەڵدەوە و ئەتوانیت هەرچی بە حورمەتییە بە یاسا و دەستووری ووڵاتەکەی بکەیت ، هیچ کەسکیش ڕەگریت لە ناکات ،

چونکە هەمووان خەریکی نیفاق لە پگەی خیاندا .. واتا تەماتە فرۆشتک کە تەماتەی شکاو بە حیسابی تەماتەی ساغ ئەفرۆشت ، بەلایەوە ئاسایی سەعاتی مەچکی سەرک وەزیران نرخکەی دوو ملیۆن دۆلار بۆ ، چونکە هەردووکیان مونافیقن ، خۆ ئەگەر جگەرکێیان پێ بکرێت ، ئەوسا تەماتە فرۆشکە سەعاتی چوار ملیۆن دۆلاریی دەکاتە مەچکی و ..سەرکەکێیش تەماتەی بگۆن و شکاویش تەکەڵاو ئەکا و بە حیسابی تەماتەی زۆر ساغیان ئەکاتەوە ..ئەمەیش ئەو دەردە کوشندەیە کە وا دەکات کەمەگا دابزێت و هیچ گۆڵانکارییەکی ئەرێنیی تێدا دروست نەبێ .. کاتێ کەمەک کەس لە بەردەم ژووری بەڵێنەوبەڕەکدا ، چەندین سەعات بە ئیمزایەک ڕادەوستن و بەلایانەوە ئاسایی کە جەنابی بەڵێنەوبەڕ تاقەتی ئیمزای نییە و لەگەڵ گۆڤەرەندەکێیدا نیسکافە ئەخواتەوە .. چونکە هەموو ئەوانیشی چاوەڕوانی ئیمزای جەنابی بەڵێنەوەن لە شوێنکاری خیاندا گاتێ بە کاتی خۆکەکەی دەکەن و نیسکافە لەگەڵ گۆڤەرەندەکانیاندا دەخەنەوە ..بەو جۆرە پرسی شەش و چاکسازیی و ڕیفەرم بە هەتا هەتایە لە گۆڕەت ..

هەر بۆیە لە قورئاندا جگای مامستایەکی ئاینیی کە تەنها قسە دەکات و یەک هەڵوەستی کرداریی نییە ، لە بنکی دەزەخدا دادەنێت ، واتا لە ژێر پێی ئەوانەی کە لە دنیادا نازانن ئایین چییە و خراپیکی کوشت و بڕ و زینا و شەرابخواردنەوە و قومارکردنن ..بەڵام بەو جۆرەیە ، چونکە ئەو کەسەی کە درۆ لەگەڵ خەڵک و خوادا ناکات و ..وەک ئەوەی هەیە خەی دەردەکەوێت و درۆ ناکات ، زۆر باشترە لەوەی کە ووتار و ڕوکەشکی ئاینیی بە خەی دادەتاشێ ، بەڵام ئامادە نییە بچووکترین فیداکاریی لە پێناوی بیر و باوەڕەکێیدا بکات .. ئەوەی یەکەم ڕاستیەکەی دیارە و ئەوانەی لە دەوری کۆدبنەوە وەکو خەی وان ، بەڵام ئەوەی دووەم بەو ووتار و ڕووکەشە ئاینییە ساختەیەی بە خەی دایناوە ، هەزاران و ملیۆنان کەس فریو دەدات و لە خشتەیان دەبات و ..ئاینەکێیش سوک دەکات و بە لاڕێدا دەبات .. کاتێک ڕوسیا چاویکردەوە ، شتێک نەما بە ناوی کەمۆنیست و یەکسانیی ، بەڵکو کەمەک ئاغا و دیکتاتۆریان بینی کە لە پشت ئاڵای سووری چەکوش و داسەوە ، خەیان و خەزانکانیان ژیانکی شاهانە ئەژیان و میللەتیش لە هەردوو جۆزە بوو بوو .. کاتێ میللەتانی ئیسلام چاویان کردەوە ، ئەبینن هەزار و یەک خەلیفە بە ڕیشی درێژ و ژیانی شاهانەوە لە پشت ئاڵای ئیسلامدا ، قوت بوونەتەوە ، شتێکیش نەماوەتەوە بەناوی ئیسلام لەسەر زەوی واقیع .. دەیان و سەدان ووڵاتی بە ناو ئیسلامیی ، لاواز و مونافیق ، لەبەامبەر سەدان ووڵاتی یەکگرتووی ئەژئاوادا ، وەک پەی خوراویان

لەهات ..
ئەستا سیکیولایزمکی یەک دە و فیداکار لە دژی ئیسلامکی هەزار خەلیفە و دژبەیەک شت دەکەن ، بەگومان سیکیولاریزم ئەیباتەوە .. چونکە فیداکاریی هەمیشە بەسەر نیفاقدا سەردەکەوێت ..

لە شەریعەتی ئیسلامدا هاتووە ، دەستاتکی بە دینی دادپەروەر ئەمنەتەوە و دەستاتکی دینداری نادادپەروەر ئەوخە ..
لەرەدا دادپەروەر واتا دەستز بە بیر و باوەکەی بەرام نادادپەروەر واتا درزن و مونافیق بە بیر و باوەکەی ..
موسومانان لە جەنگی ئوحوددا شکان ، چونکە نیفاق تکەلاوی بیر و باوەکەیان بوو ، هەمەتیان بردبە کەکردنەوەی غەنیمەت و گیرفانپەکردن ..
ئەم حەقیقەتکە کە دەی زانەک لە خەلیفە هەتەقیوکانی کەمەگای خەمان زیز دەکا .. هەروەها دەی کەمونیست و سیکیولاریزم و عەشایەری و هەموو تایتەکانی تری ناو کەمەلگای کوردیمان لە دەنجە ، چونکە هەمەویان مونافیقن .. یەک تەسقاڵ بیر وباوەڕ لەناو کەمەگای کوردیدا نەماوە نیفاق داینەزاندبە ..کەمونیستی وامان تەدا بووە ، کە خەی بە کەمونیستی عیارە 24 داناوە و خاونی گەڤار و بەاوکراوە و گوتاری کەمونیستیی بووە ، بەرام لە یەکەم هەلدا بووە بە کاپیتالیستەک کە هەتا بینەڤاقای لەناو ملیارە دەلاردا نوقم کردووە و هەشتا بە هەر چوار لادا هەڵپە دەکات ..ناوی خەی لە دامەزراوە ناشەرعییەکانی داکوتاوە ، ئەستا هەر بە گاتە و گەپ پەی بەی کابرای کەمونیست ، هەنگە دەرگای دادگات پە بگرێت و داوای قەرەبووی مادی و مەعنەویت لە بکات ..
پیاوی ئاینیی وامان تەدا بووە ، بە ووتارکانی خەکەکی زەریان کردەتە گریان و لە ئەلفەوە هەتا یائی دەستاتی کوردییان ێت کردەتەوە و بە جەردە و مافیا و حەرامخەریان لە قەەم داون ، بەرام کاتە دەستاتی کوردیی ، کورسییەکی وەزارەت یان پەرلەمانی بە داناون ، یەکسەر ێیش و مەزەر و شەواڵیان تەو داوە و .. قات و بینباخی فەرەنگییان پەشیوە و ..جەیان داوە لە قژیان و ..کەشک و جەبە لاندکەزەریان لە اکەشاوە و کەوتوونەتە داکەکیکردن و جوانکاریکردن بە ئەو دەستاتی پەشتر بە مافیا و جەردە ناویان دەبرد ..
ئیتر ئایدیەلوژیای کەمونیست و ئیسلامیی چی لەناو کورددا ؟
ئەوانەیشی خەیان بە وبەرهەن و کاپیتالیست ناساندووە ، لە ئاغایەکی چنگ به خوەن و مونافیق و بە ویژدان زیاتر شتکی تر نین ، ئەوندە بەسە بەیەن لە کەرتی تایبەتی کاپیتالیستە

نەخوێندەوارەکانمدا بە هەزاران کرێکار و فەرمانبەر بە خۆبەخشیی کاردەکەن ، بە ئاوەی ئاو درامای نائومێدکردنەی دەسەڵاتی کوردیی بەرامبەر بە گەنجی کورد پیادەی کردووە ، ئەمان چاپتەری دووەمی بەو پڕۆژەی بەربەیەتووە ، بە تەواو بکەن ..
نیفاق ، ئاو دەردە کوشندەیەی کە بیر و باوەڕەکان دادەزنێ.. کەسایەتییەکان ئاپوکەنەتەوە .. شەڕش و کەرامەت و شەرەف ئاشکێنێ و وورد و خاشیان دەکات .. وای لە دەت ، متمانە ناهێڵێت ، تاکەکانی کەمەڵگا لە ترس و درۆ و فێڵ و تەڵەکەدا سەرنگون ئەکا .. دیندارە ووکەشەکانیان چاوەڕێی خوا دەکەن کەمەڵەک فریشتەیان بۆ بنێرێتە خوارەوە و بار و دۆخەکەیان بە چاک بکات ، سیکیولارە ووکەشەکانیش چاوەڕوانی کەڕەچەڵی ڕۆژهەڵات و هەزەکانی مارینز ئەکەن بۆت و بۆیان بکا بە ووەاتەکی مەدەرن ، ئاوە لە کاتەکدایە کە تەکچوونی بار و دۆخەکە بە هەی خودی خیانەتەیە .. بە هەی ئاو درۆ و خۆپەرستی و دنیا پەرستی و نیفاقەوەیە کە لە ژیاندا پیادەیان کردووە و .. یەک بە یەک بوون بە جەلادی یەکتری و .. هەموویشیان بوون بە کەیلە و مەگەلی دەسەاتە مونافیقە گەورەکە ، کە خەیشی لە ژێر پێی سیستەمکی دەرکیدا گیری خواردووە و بچووکترین کەرامەت و کەسایەتی و بژاردەی بە نەهەرەوتەوە .. تەنها وەک بریکارەک کار دەکات بۆ بە سواکەر کردنی میللەتەکە و ..شکاندنی بەها کەمەایەتییەکان و ..یسواکردنی کەلەپور و زانست و ئەدەب و هونەر و ئیستاتیکا …و هەر شتەک کەنیالیزمی جیهانی لێی بخوازێ ..

شیعری ئازادی.. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: پشکۆ ناکام

" ازادی "

(ئەم پەخشانە شیعرە ، نەکراوە
بە گەرانی ، داریوش ئایخونەتەوە
وابزانم لە نووسینی خەیشتی ،
زەر گەڕام ناوی کەسم وەک
نووسەرەکەی دەست نەکەووت)

،،،،،،،،،،،،،،،

گەر ھەژێک بە سەر زەمینی من گەیشتی
لە شەوە " قاپ " ی پیرەمەردەکی
ھەش پشی عەبا ھەشی یش سپی
بە زاراوەیەکی نەناس وفەرھەنگی عەرەب
و
چاوەکی سارد و ترسناک مەیە...
دەربارەی مەرگ مەدوە
مەچە گەستان، گەستان کەتایە
نابە دەست پە کردن بە
ئەمجارە لەدەمی کەس مەیە
پەیمانی بەتاڵ مەیە
نەوت مەھێنە سەر سفرەکان
نانمان لەسەر سفرەکان
بھەڵەرەو..
لە ئاو و کارەبای خەایی مەدوە
لە کەششی ئینسان بدوە
لە دروست کردن و ئاوەدانی
.....بدوە
لە بەیاری کوەر مەدوە
لە تایبەتمەندەتی و زانست وھەست
...بدوە

ئەی ئازادی
گەر ھەژەک بەسەر زەمینی
من گەیشتی
لەگەڵ " شادی"یا وەرە
بە پەچەی ھەش و ئەقڵی بە بەرد بوو
و
یشەوە مەیە..
بە مارشی سەربازی و جەنگەوە مەیە
بە ئاواز و مەسیقا و ئاھەنگەوە وەرە
بەتفەنگی گەورەی دەستی
منا بچوکەکانەوە مەیە
بە گوە و ماچ و کتبەوە وەرە
لە " تەقوا " و جەنگ و شەھادەت مەدوە

لە ئینسانیەت و ئاشتی و شەهامەت بدوێ
بەمان لە ژیان بدوێ
لە پێنجەرەی کراوەوە بدوێ
دەمان بە شەمالی ئاشتی
بە هاوڕێیەتی و عەشق ئاشناکە
فەرمان کە چۆن بژین
چوونیەتی مەرگ کاتی خۆی فەر بووین
فەری مەسەلەی " ئینسان بوون "مان کە
بە خودا " خود " دەمکە گێشتووین

ئەی ئازادی
گەر بە سەر زەمینی من گێشتی
لە دڵی عاشقەکانمان
هەنگاو بنێ
میهرەبانیت لە دەمانا داگیرسێنێ
تا ئازادی لە ناخمانا بجۆشێ
و
ئیتر چی دی پەلامارت نەیەین
لەگەڵ هەر هەناسەیەک
لە یادمان بی
کە تۆ لە هەناسە ئازیز تری
بزانین کە ئازادی نیعمەت نیە
بۆکو بەرپرسیارێتیە
فەرمان کە: کە لەبەر دەستا بوون
و
سەیرکردنی تۆ ،،ئاسان نیە
بە خەتمان ئاشنا کە
زەرت لەسەر نازانین
تەنها نامەکەت بۆزاری کردین
ئەمە بە پانتایی
یەک مژوو لە تۆ ..مەحروومین

ئەی نەبینراو ترین
گەر هاتی بە نیشانەیەکەوە وەرە تا بتناسین

ئەی ئازادی
گەر هاتیتە سەرزەمینی ئەمە
بە ئاگایەوە وەرە

تا لە دەروازەی ئەم شارەیا
بە شمشێر ملت نەپەڕێنین
تا لە بیرەوەری لەسەرخۆی مێژووا
نەهێڵین تەمان لە بدزن
تا نەچین بەهەڵەیا
بزانین بە چۆن و چوون
جەنگرەوەو نیە و خۆتی..

ئەی ئازادی
" بەهای تۆ لەسەر ئەم خاکە، خوێنی
باشترین کەسانی ئەم خاکەیە....."
بەهای تۆ گرانترین بەهای دونیایە
بەناو ئەم جارە
بەناو ئەم جارە بە ئاگاییەوە وەرە
.....بە ئاگایی
.....بە ئاگایی

https://www.facebook.com/100000251431170/videos/347057151296119/96

مـوچـە.. تـۆنـزە شیعـر.. نـەوزاد بـەندی

پەی بەتن بەتیشەوە ،
تازە بەزای گرانـــــــە
چونکە دەسکەلای دەستی
قەبە و بەگرانە ..

بە فیکە و بە ئاماژەی
دز ، گیر ئەخواو پەی ئەچە ..
هەتا پەتری بکەن ،
ژەری زیاتر لەی ئەچە ..

باکی نییە بە ئاهی
هەژار و داماوی شار
پاشی لەداوەتەوە ،
بە ئەمری دز و زەردار

جاران ناوی موچە بوو ،
ئێستا سەدەقە و قەرزە ..
دەعای شەڕ لە هەکاری
ئەکرێ لە هەر 5 فەرزە ..

یەکەم جار لە مەژوو ،
موچە بکرێ بە فشار ..
تەنانەت خودی شەیتان ،
شەرمەزارە ..شەرمەزار

نەوزاد بەندی

کــورتەچیرۆک: بووک-ە-شــووشە..
نووسینی: ئامانج شەروانی

مەلا لە دەرگاکە هاتە ژوورەوە، هەموویان لەبەری هەستانەوە. کاکەسوور دەستی ماچ کرد و فەرمووی لە کرد و لە شوێنی شیاوی خۆی داینیشاند. کانەبی پشتی دایە دەستی و یەک دوو شپەماچی لە کرد و سەیرێکی باوکی خۆی کرد، ئەمیش سەری خۆی بە لەقاند، وەک ئاوەی ئافەرینی بە بنەڕەت.
کانەبی گەنجێکی چوارشانەی، کەمێک سادە بوو، سی و پێنج ساڵان بوو و ژنێک و چوار منداڵی هەبوو، منداڵە گەورەکەی هەر لەگەڵ خۆی لە دوکانی سەوزەفرۆشییەکەی کاری دەکرد، خە ئەگەر خوەندبای، ئەمساڵ دەبوایە بچێتە زانکۆ.
ملی ئەم گرانییە بشکێ، کانەبی هەتاوەکوو ئێستاش هەر لەگەڵ کاوەسی باوکی دەژیت. ژنە قوەبەسەرکەشی، ژیان، نەیدەورا فززەکی بکات، ئەگەر کانەبیش شلمکوتی نەکردبوایە، ئەوا خەسوو و خەزوور بەم ئەرکە هەڵدەستان.

ئەم چەند مانگەکە، کانەبی چاوی چووتە سەر کچەکەی هاوسێیان، هەموو جارێک کە لە کار دەگەڕێتەوە، سەرنجی دەداتێ، جا چ لەم کاتانەی کە لەگەڵ دەستەخوشکەکانی قسان دەکات، یان کە لەبەردەم دەرگای ماڵەکەیانە، یان کە بەرەو ماڵەوە دەگەڕێتەوە. کانەبی چیتر خەی بە ناگیرێت، بەیاری داوە کە وەکوو مەردێک دەستی کچە داوا بکات، بەڵکوو کاکەسووری باوکی دەی نەرم بێت و ئایشەی پێشکەش بکات.
مەلا پێاوەکەی دەستی لەسەر مەزەکەی بەردەمی دانا و کردیەوە، سەیرێکی کاکەسووری کرد، ئینجا ئاوڕێکیشی لە کانەبیی داوە، لەیانی پرسی ئەگەر ئامادەنە و گەواهیدەرەکان ئامادەن. کانەبیش بەتامەزرۆیەکەوە تێی گەیاند کە هەموو شتێک ئامادەیە، خە ئەم یەکەم جاری نییە!
مەلا ڕووی لە کانەبی کرد، ناوی پرسی، تەمەنی، دەنیا بووەوە کە کوێکی سی و پێنج ساڵانە و خەزاندارە، دووپاتیشی کردەوە کە بەڵێن بدات کە ژنەکەی یەکەمی دژایەتیی ئەم خوازبێنییە ناکات، کانەبیش سوێند و قوڕئانی بە خوارد، لە دڵەوەش داوای لەخشبوونی لە خواکەی کرد، بەم دەی خەی دایەوە کە شتێک خوا ڕەی پەدابێت، ژنەکەی کەیە تا لەی بستێنتەوە.
پاشان ڕووی لە کاکەسوور کرد، لەی پرسی کە ئەگەر ئەو ڕێ بە کانەبی دەدات تا کچەکەی بهێنێت و ببێتە کوێی، کاکەسووریش دەستی خستە نەو دەستی مەلا و تێی گەیاند کە لە شەکری پە خەشترە، چما کوێکی چاکتر لە کانەبیی بەدەست دەکەوێت، بەتایبەتی وا ئایشەش گەورە بووە، کاتی هاتووە.
دوای ئەمەی کە کچە و کوێی لێک مارە کرد، وتارێکی کورتی دا، پاشان مەڵێتی لە وەرگرتن، هەرچەندی تکایان لەی کرد تا بمێنێتەوە و شەربەتێک بخواتەوە، بەڵام ئەو سوێ بوو بەوات، گوایە دوو مارەیی تر هەیە کە دەبێت بەڕەوەی ببات. دەفزەنەکان کەوتنە دەفزەنین، گەنجەکان کەوتنە شایی و پیرەکانیش هەر لە شوێنی خەیانەوە، بە دەستی بە تەسبیحەوە شانی خەیان هەدەتەکاند.
کاکەسوور چووە دەرەوە، ئەم لا و ئەو لای کرد، ئایشەی نەدەزیەوە، بەقیەوە هاواری دەکرد: «ئایشە، ئایشە!» هیچ وەڵام نەبوو، چووە پێش دەرگای ماڵەوە، سەرنجی دا وا ئایشەی تەمەن نە ساڵان، لەگەڵ هاوڕێیەکەی یاری بە بووکشووشە دەکات. پیلی گرت و شەقازلەیەکی لەدا و فەرمانی پە کرد تا بچێتە ژوورەوە، دەست و پلی بشوات و جلەکانی بگۆڕێت و بچێتە لای زاوا تا یەک دوو وێنان بگرن. ئیتر گەورە بووە و بووەتە ژن، کاتی یاری بووک بووکانە بەسەر چوو!

واتای وشکان:
گواهیدەر: شاهد

لانەوازان، مستەفا ئەحمەدی پێشاندەوە کەنارەکانی نەمری.. حەیدەر عەبدولڕەحمان

لەبووردووی هونەری (مستەفا ئەحمەد) پێ لەچالاکی و کاری هونەری، لەبواری شانۆ دراماو سینەما، بەڵام کەس ناتوانێت نکۆی لەوەدا بکات، کە ئەو ئەکتەرە بەردەوام ئەکتیفە، لە ڕێگەی زنجیرە درامای (لانەوازان) پێیەوە کەنارەکانی نەمری.
ئیدی مرۆڤ کە خوا چانسەکی وای پێ بەخشی، ئیدی دوای مردن ژیانەکی تر دەست پێدەکات، بەڵام کەس نازانێ ئەو ژیانەی دوای مردن چەند ڕۆژو چەند مانگ و چەند ساڵ و چەند سەدەیە؟ بەڵام ڕەنگ بەقەد قەوارەی ئەو بەخششەیە کە پێشکەش بژیانی دەکەیت.
(مستەفا ئەحمەد) وەک ئەکتەر فەرمەکی چەسپاوی نەبووە لەنواندندا، ئەمەش نیشانەی تێگەیشتنی ئەکتەرە بە هونەری نواندن، بەڵام لەدرامای (لانەوازان)دا و لەڕێی (وەستا عەلی) خاوەن هوتێل، ئەکتەرەکی کەمەدی بووە، وەنەی کاراکتەرەکی ترسنۆک و لەرزۆکی دەبینی لەزەمانەکی تێنگەتاوی سیاسی، کە زۆرینەی تاکی کەمەگاکەی، تێکەڵ بەسیاسەتی بەرەنگار بوونەوەو بەرهەستی کردنی دەسەڵات ببوونەوە، کە لەهەموو لایەکدا هاودەنگران و جەزرەبە دەدران، بەتایبەت (ڕەفیق) کە هەمیشە هانی سەرنشینانی هوتێلەکەی دەدا هوشیار ببنەوە، هەوڵی ئەوە بدەن خەیان لەو خەپڕستی و ترسنۆکیە ڕزگار بکەن.
هوتێلەکەی (وەستا عەلی) خەی لەخەیدا موگەیەک بوو بە خە حەشاردان و گرد بوونەوەی زۆرێک لەبەکارو دەست بەتاڵ و کەسانی بێ ئومێدو بێ مراد، کە ماڵ و حاڵەکیان نەبوو، بێ کەس و بێ خزان، ئەو کەلاوە بەناو هوتێلیان هەبژاردبوو تێیدا بژین.
لەهەمان کاتدا شۆڕەک بوو بە گەینەوەی بیرو باوەڕو بۆکردنەوەی ئاپڕتی سیاسی.

(هوتەلی لانەوازان) ئاگرچی تەکستەکی تەرجەمە کراو بوو، لە نووسینی (پامر مگر) لە هەشت بەش پێك هاتبوو، بەقابە چوار بەشی لە فەە دابوو، چوار بەشی لە ماباوە، بەڵام چونکە ئاوەندە جوان وەرگێڕابوو، وەك ئاوە وابوو کە تەکستەك بێت نووسەرەکی کورد بە بەرجەستەکردنی کێشەو ئاریشاکانی کەمەگای کوردی نووسەبێتی، لەووی سیاسی و کەمەایەتی و ئازووری، هەروەها دەرخستنی ئاو نەخشیانەی گەنجی کورد هووبەووی دەبێتاوە لەئەنجامی ئاو واقیعە تاەە.

بەیە تەکستەکە هەگزەکی بنەەتی بوو بە سەرکاوتنی بەرهەمەکە بگشتی، ئینجا ئەکتەرە لەهاتووکانی، کە هەر یەك لەوان بەەحەکی هونەری گاورە، هەموو توانست و وزەی خەیان لە کاراکتەرکانی خەیاندا نیشاندا، بە ئاوەی بینەر بشۆیەك لەگاە بەرهەمەکاو نواندنی ئەکتەرکان ئاوێتە بێت کە هەرگیز کاریگەر بوونی پەیان لەبن نەهێت، بەتایبەت (مستەفا ئەحمەد) لەەەی وەستا عەلی، (دەشاد مەریوانی) لەەەی (قوتبەدین) و ئازادی حەمە بچکە– لەەەی هادی، کەمال سابیر ـــ لەەەی عەباس، حەسەن تەنیا، مەریوان مستەفا، تەها باراوی، حەمە ەەشید هەرەس(لەەەی ەەفیق، عوسمان چەوارـــ لەەەی دکتەر) ئەندامانی تیپی پەشەوی شانەی کوردی بوون لەسلەمانی.

ئاو دراما ەەش و سپیە ئاگرچی بەتەکنیکەکی لاوازو کامەرایەکی سەرەتایی و چەند ئامرازەکی سادەو تەچووکی کەم بەرهەم هاتووە، بەتەنیا ەەژەك لەستەدیەکانی بەغدا تەمار کراوە، بەڵام بینەر ئەستاش ئاوەندەی ئیشتیاقی بینینەوەی ئاو بەرهەمە یە، هیچ ئاوەندە ئیشتیاقی بینینەوەی زنجیرە دراماکانی دونە نیە کەخەرجی خەیانیان بە خەرج دەکرە.

خە (مستەفا ئەحمەد) ئەکتەرەکی ئەکادیمی نەبوو، بەڵام نواندنەکی بەرجەستە کرد، کە نەوەی حەفتاکان ونەوەکانی دوای ئاوانیش دەن، لەوە تە بگەن کە داهێنان بەئەکادیمی و نا ئەکادیمی بوون نیە، چونکە شکسپیریش کە شانەی جیهانی داگیر کرد، ئەکادیمی نەبوو.

مستەف ئەحمەد بەتەنیا ەەەك سەروەتەکی هونەری گاورەی بە خەی و گەلەکەی بەجێ هێشت کە ەەنگە جارەکی تر بە ئاو دووبارە نەبێتاوە..

بەیە پاویستە لەقاغەکی وەك ئەستادا، بە بەرپرسیاریتەکی گاورەترو هوشیاریەکی زەتر، ەەفتار لەگاە ئاو داواکاریانە بکات کە دەخرێتە ەووی بە بەشداری کردن لەهەندە بەرهەمدا، کە ەەنگە لەئاستی ناوبانگ و شکەی ئاودا نەبن و زیان بەو ەابووردووە زەینەی بگەینە، بە تایبەت لەتەمەنەکی وەك ئەستای دا، بە هەموو ەەەك گونجاو نەبێت.

دەبێت ئاگای لەوە بێت کە هەندەك بیانووت بە ەەحمانە ناوی ئاوو

ئەو هابوردووە جوانەی بە بەرژەوەندی خەیان قەرخ بکەن.

حەیدەر عەبدولڕەحمان

ئایا وەاتی شاخاویی بەهایە؟!.. سەدیق سەعید هەواندزی

(سەرنجێك لە بارەی بەچوونەکی محەمەد مسعود محەمەد)

هەمیشە دەگوترێت: (کوردەکان جگە لە چیاکان دەستی تریان نییە) ئەمە وەك گوزارشتێك لە پەیوەندی هەوحی و سروشتی نێوان مرۆڤی کورد و شاخ بەکار دەبرێت. شاخەکان، کە وەك دەستکانی دیکەی کورد لە سەر بنەمای بەرژەوەندی و هەڕەژ دەستایەتی کورد ناکەن و خاوەنی ئاکاری جەنگیری خەیانن و ناگەڕەن، هەمیشە پەنا و لانەی ئەمە بوون و لە هەژگارە هەرە سەخت و دژوارەکاندا، کە کەسەك دادەی نەداوین و هەستی مرۆییان بەرانبەرمان نەجوڵاوە، ئەوان پەنایان داوین و بە هانامانەوە هاتوون. مەگەر شاخی شنگال، هەزارەها ئێزیدی لە چەنەکی ئیسلامییە داعش بەربەری و تیرۆرستییەکان ڕزگار نەکردوو نەبوو فریادرەسیان؟ بۆیە شاخەکان، خەشوێستییەکی تایبەتیان لای مرۆڤی کورد هەیە و لە سەنگەی ئەو خەشوێستییەشەوە، هەزاران کەس بە ناوی (هەندرین، زاگرۆس، ئارارات، سورین، شنەوە، دابان، زمناکۆ، مەتین، گارە، شیرین، ئاگری، ئەلبەرز، هەگەرد، کارەخ، ژیلوان، سورکەو، ئاراسن، بەمۆ، ئاسۆس) کراون. بۆیە شاخ پانتایەکی گەورەی لە هزری مرۆڤی کورد بە گشتی گرتووە و جەرگ لە گەورەیی و پیرۆزیی و شکۆمەندی لای ئەمە هەیە. شاخەکان، هەمزی خەاگریی و هێز و پە ناو وەستانەوە بوونە لە بەرانبەر نەیارەکان و وەك فیگەرەك هەمیشە لە دنیای شیعری شاعیراندا، وەك تیمەیەکی شیعری بەرجەستەکراوە. پەیوەندی مرۆڤی کورد و شاخ، پەیوەندییەکی دێرینە، بە پێی سەرچاوە مێژوویی و ئەریکەلۆژییەکان، کوردەکان سەرەتا و بە یەکەم جار، لە بناری زنجیرە چیای زاگرۆس دەرکەوتوون و ژیاون، بەمەش شاخ دەبێتە یەکەم لانکەی سەرهەڵدانی مرۆڤی کورد و مێژوو شوناسکەی، هەنگە هەر ئەمەش بێت، ئەو پەیوەندییە تونددوو هەوحییە لە نێوان مرۆڤ و

شاخەکاندا لە ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووری ئەمە دروست کردبێت. هەمیشە و بە ئەستاشەوە، مرۆڤی کورد وەختە ژینگەی ئاڵاَز و جۆنجاڵی شارەکان جەدەبێت و دەچێتە شاخ، هەست بە حەسانەوەیەکی گەورەی دەروونی و ڕوحی دەکات و سوارە ئێلخانی زادەش، لە شیعرەکەیدا کە دەڵێت بەم لە شارەکێت، زەر جوان گەڕاوەتەوە نەو سرووشت. مرۆڤی کورد، شاخی وەک هاوڕێ و هاودەمێکی خۆی بینیوە و هەمیشە وەک پەنایەک و پەسیوەک، فریادڕەسێک سەیری کردووە، لەبەرەوش شاخ لە پانتایەکی سرووشتییەوە، دێتە نێو ژووبەری ئەدەبیات و هونەر و دەبێتە فیگەر و تیمەیەکی دیاری دۆقی ئەدەبی. لە ئەدەبیاتی ئەمەدا، شاخ ئەو ڕۆهەندە سرووشتییەی خۆی کە هەمای جوانی سرووشت و ژینگەیە، تا ڕادەیەکی زەر لەدەست دەدات و شوناسێکی دیکەی سیاسی لە پاڵ ئەو شوناسە سرووشتییە پێ دەدرێت، کە ئەویش وەک ڕەمزی خەباگری و مانەوەی گەلێکی بە پشت و پەنا، لە ڕووەوەی ژیانی مرۆڤایەتی دەبینرێت، بەیە بەدرێژایی مێژووی کورد، لە پای ئەو ڕۆژە سرووشتی و خەپارێزیی و خەباگریی و جوانییەی چیا لە ژیانی ئەمەدا هەیەتی، بەردەوام چیامان خۆشدەوێت و وەک سیمبولێکی بەرز و جوان و بە شکۆ سەیری دەکەین. بەواناکەم لە کەمێگەی کوردیدا، بە درێژایی مێژوو، کوردەک هەبووبێت ڕقی لە چیا بوو بێت، ئەم سرووشتە شاخاویی و ڕکییەی کوردستان هەیەتی، ئەم ئاوهەوا بەستەڵەکی و ساردو سۆیی لە سرووشتی کوردستان هەیە، ئەم هەموو داخراویی و دابەاویەی بە هەی ژینگەی شاخاوییەوە لە نێوان پارچەکانی دیکەی کوردستان هەنە، هەرگیز نەبوونەتە هەکاری ئەوەی ئەمە ڕقمان لە چیا بێت و وەک بەڵایەک بیبینین، چونکە دەزانین مانەومان پێویستە بە چیاوە، بەیە وەک کوردەک کاتە لەو ڕۆژانەی ڕابردووەدا، لە بەرنامەیەکی کەناڵی ڕووداو دا، گوبیستی (محمەد مسعود محمەد) بووم کەوتی :_ (وەاتی شاخاوی بەڕایە) بە ڕاستی تاسام و تووشی شۆک بووم، ئاخر یەکەم جارە، لە سەر زاری کوردەکەوە، وەک کوردەکیش گوبیستی ئەوە دەبم، کەسەک ڕقی لە چیا بێت و وەک بەڕا بیبینێت. چیایەک کە چەند ساڵەکی کەم لەمووپش، بووە پەنایەکی ئارام و فریادڕەسێک بە ڕزگارکردنی هەزارەها ژن و منداڵ و پیری ئەزیدی، لە دەست تیرۆرستانی داعشی ئیسلامی. من کاتە گوبیستی ئەو قسەیە بووم، ژیلوان، کارەخ، پیرە مەگروون، ئاگری و ئەلبورز، ئەزمەر و گەیژە، قەپی قەرداغ، دابان و هەلاج، قەندیل، باواجی و خاخاخان و ئاسنگەران و چەکوچم هاتنە بەرچاو. محمەد مسعود، کە لە بەرنامەکەی ڕووداودا ئەم قسە سەیر و نامۆیەی بە مێژوو، کولتووری کورد کرد، پاساوی بە ئەو وەسفەی شاخ ئەوە بوو، کە گوایا وەاتی شاخاویی دەیان نەتەوە و تیرە و هەزی جیای هەیە،

بە ئەم مەبەستەش نموونەی بە وەاتانی قەقفاز هێنایەوە و گوتی:_ (لە قەفقاز هەردەم و تیرە و نەتەوەیەکە، هەر شاخێکە و هەزگێکە) بگومان ەاست دەکات، بەەام ئەوەی خۆی لە بواردوو وەەامی نەدایەوە و زانیاریی لە سەر نەبوو ئەوە بوو، کە ئایا وەاتانی قەفقاز سەد وەاتن؟ سەد ئاڵا و وەات و نەتەوەیان هەیە؟ بگومان نەخێر، وەاتانی قەفقاز، تەنە جورجیا و شیشان و ئازربایجان و ئەرمینیان، واتا تەنها چوار وەات، بەیە ئەو شەڤەی ئەو کردی، لە پەراوێزیی مێژووناسی و زماننناسی، لە ەاستیدا بە ئاگایە لەو دوو بوارە، چونکە ئەم سرووشتە شاخاویە و ئەو پێکهاتە ئاەاز و ئەتنیکییە، نەبەتە هەی ئەوەی کە وەاتانی قەفقاز پەرت و لێکدابەاو بکات، ئەمە بە کوردستانیش هەر وایە. هەورامانی نەوان باشوور و ەەژهەات، کوردستانی لێك جیا کردەتەوە یاخود بوونەتە شوناسی کوردستان بە گشتی؟ چیاکانی شاناخش، سەفرە و زەروون، دلانپار، بوونەتە لە نەوبردنی ئینتمای کوردبوون، یاخود هەر کاتێك ناویان دەبیستین، کوردستانمان لا خۆشویستر دەکەن؟ ئەم جەرە بیرکردنەوانە، ئەم جەرە تەگەیشتنە لە پەیوەندی نەوان کورد و چیا، تەگەیشتنێکی نا لەژیکی و نا سیاسی و نا مێژوویە لە پەیوەندی نەوان مرۆڤی کورد و چیاد،.ناوبراو هەر لەو بەرنامەیەدا، قسەی سەمەرەی دیکەی کرد، کاتە گوتی زەربەی ئەوانەی دەبوونە پێشمەرگە، لە ترسی سەربازی بوو، نەك ئینتمای کوردایەتی و خەبات، گەرچی یەکەك لە ئامادەبووان بە تونەدی وەەامی دایەوە کە ئەو کاتەی ئەو بەتە پێشمەرگە، هەر ناویشی بە سەربازی نەهاتووە، بەەام بەداخەوە محەمەد مسعود بە جەرەك شکاندیەوە و تووڕە بوو، کە دەرفەتی زیاتری پێ نەدا قسەی زیاتر بکات، ئەمە لێکاتێکدا کۆبەی بیرمەندێکی وەك مسعود محەمەدت، کە بەو پەەی سنگفراوانی و هزرییەوە، مناقەشەی مارکسیومی دەکرد !.

سەدیق سەعید ەواندزی

- ئەم بابەتە لە ەەژنامەی ەەگای کوردستان ژمارە (1400) ەەژی 13/8/2024 بەاو کراوەتەوە.

گفتوگۆ لەگەڵ شۆکار بەرە روانزی.. ئامادەکردنی کامەران حاجی ئەلیاس

شۆکار بەرە روانزی: سەرسامی زەربەی هونەرمەندانی سەردەمی ئێنیسانسم
خاتوونی هونەرمەند بەرە عەبدوڵا روانزی ناسراو بە (بەرە روانزی) خاوەن سەلیقەیەکی هونەری تایبەت بەخۆیەتی سوودی لە چەندین قوتابخانەی هونەری شۆکاری وەرگرتووە، بەڵام لە کارکردن دا خۆی بەهیچ قوتابخانەیەکی هونەری دیارکراو نەبەستەتەوە،سروشتی شاخ ودەڤ و خەرەندی روانز کاریگەری لەسەر ڕووتی کارکردنی هەبووە ئەمە لە نزیکەوە ئەم هەڤپەیڤینەکان لەگەڵیدا سازدا.
هەڤپەیڤین- کامەران حاجی ئەلیاس

***سەرەتا بابزانین بەرە روانزی چۆن ئاشنای هونەری نیگار کردن بوو؟**

- بە سادەترین شێوە هونەری من دەستی پێ کرد. هەشتا نەچووبووم بەر خوێندن کە وێنەم ئەکێشا، کە منداڵ بووم لە ماڵی وێنەکێشانەوە هەستی دەروونی خەمم دەرئەبڕی، دواتر لە قۆناغی سەرەتایی زیاتر ئاشنای ڕەنگەکان بووم. ڕەنگەکانم تێکەڵ ئەکرد. لەسەر کتێب و کورسی دانیشت و دیواری قوتابخانە وێنەم ئەکێشا. زۆر جار لەسەر ئەو کارانە سزا ئەدرام. ئیدی هونەری وێنەکێشان لەگەڵ گەورەبوونم پتر لە ڕەحمدا چەکەرەی کرد. لە قۆناغی ئامادەیی بەردەوام لە پێشانگای سالانە هونەری بەشدار دەبووم ـــ بە هونەری شۆکاری و پەیکەرسازی و مەدەلی ئەندازەی سەرەهەندی. دواتر لە بەشی بیناسازی، لە پەیمانگای تەکنیکی هەولێر خوێندم. لە هیچ بەشێکی هونەری نەمخوێندیە، هونەر هەر لە منداڵیەوە بە شێوەیەکی خەسڵەتی لەناو منداڵ هەبووە، وەکو بەهرەیەکی هونەری .
بەڕزتان لە ڕوانز لەدایك بوون تا چەند سروشتی ئەو شارە کاریگەریی لەسەر تابلۆکانت هەبووە؟ ڕ- بەگومان سروشتی سەوز و ڕەنگینی روانز،زۆر کاریگەریی لەسەر ڕووتی کارکردن و حەز

و سەلیقەی هونەری من هەبووە. هەڵکەوتەی شاخوداخی بەرز و خڕاندی دەفڕینی، هەموو کات سەرنجیان ڕاکێشاوم و سروشیان پێ بەخشیوم، ڕەحمی ئەم شارە هیچ کات لە نەقش و ڕەشنووسی سکەچی کارەکانم دانەبڕاوە.
کامانەن ئەو هونەرمەندانەی کاریگەریان لەسەر بەرهەمزتان هەبووە؟

- بەگشتی سەرسامی زۆربەی هونەرمەندانی سەردەمی ڕێنیسانسم، چونکە سەرەتای سەردەمێکی نوێی هونەر بوو، مەبەستیان کلاسیکیەکانی سەردەمی یۆنانی و ڕۆمانی کۆن لەدایك بووە، لە هەمان کاتدا تەکنیکە مەدرەنەکانیشیان بەکار هێنا. سەردەمی ڕێنیسانس قۆناغی زێڕین بوو لە هونەری شێوەکاری و پەیکەرسازی و تەلارسازی ـــ بە نموونە، (مایکل ئەنجەلۆ) لەو سەردەمە جەستی لە هەر سێ بوارەکە نەخشاندووە و بەگومان کاریگەریی هەبووە. دیارە هونەرمەندانی کوردیش لە قۆناغانی پێشتردا هونەر و پەیامی خۆیان بەجوانی و بە شێوازی جیاواز گەیاندووە. لەوانە(د. محەمەد عارف)کە یەکێك بوو لە خەمخۆرە دەسەڵاتدارەکانی هونەری کوردی. بەخت یاوەرم بوو لە تەمەنێکی بچووك توانیم بیبینم و گفتوگۆ بکەین و چەندێتیی کارکردنی و تابلۆکانیم لە نزیکەوە دیت و کتێبێکی هونەریی ئەکادیمی ڕێستاڤچیفی پێشکەش کردم کە خۆی لە ڕووسییەوە کردبووی بە کوردی ـــ ئەوکات زۆر سوودم لە بینی. بەگومان ئامۆژگارییەکانی و تابلۆکانی تا ڕادەیەك کاریگەرییان لەسەر کارەکانم هەبووە.
*باشە بۆچی ڕواندزی کاتێکی دیارکراوی هەیە بۆ کارکردن لەسەر تابلۆکانی؟

- هەر کاتێك بمەوێت و دڵخۆکەش تۆزێك گونجاو بێت ڕاستەوخۆ دەست ئەکەم بە کارکردن و سکەچ کردن، گرینگ نییە چ کاتێك بێت.. زۆربەی کات ڕەشنووسێکی بچووکم پێیە کە ئەچمە سەر کار یان ناو سروشت و سەر شاخ کە ئارەزووم کرد سکەچ ئەکەم. دواتریش لە دۆرفەتێك لەسەر خامی گەورە دووبارە کاری لەسەر ئەکەمەوە. بەگشتی کاتێکی دیاریکراوم نییە بۆ کارکردن لەسەر تابلۆکان.
*قوتابخانەکانی هونەری شێوەکاری زۆرن، بەرهەمزتان لەسەر کام قوتابخانە کار دەکەیت؟

- ئەوەی من چەژی لە ئەبینم لە هونەر ئەوە کە زۆر خەسکانە

کار ئەکەم. زۆر حەزم بە سنووردانان و یاسا و ڕێسا نییە لە دنیای هونەردا. بەگومان ئەوە گرینگە ئەکادیمیانە زانیاریت هەبێت لەسەر ڕێچکە و گۆشەکردنی قەناغە جیاوازەکانی هونەر و لەتەك پراکتیکی هونەری پەویستمان بە بڕوودان و بایەخدان بە لایەنە تیۆرییەکەش هەیە، بەڵام نەگاتە ئەو ڕادەیە کە کاریگەریی لەسەر هونەرەکی خەسڵەتی دروست بکەن و ئاڕاستە و پەیامی هونەرمەند بگۆڕن. بەگشتی من وابەستە نەبووم بە شێوازێکی کارکردنی تایبەت، بەڵکە ئەتوانم بڵێم ئەو شێوازەی من لەسەری کار ئەکەم بەتەواوی ناچێتە سەر جۆرێك لە قاڵبی قوتابخانەیەکی هونەری دیاری کراو.

- (بەنی فیشك و مەخك) ناونیشانی دوا پیشانگای بەڕێزتان بوو دەکرێت باسێکی ناوەڕۆکی تابلۆکان بکەیت؟
- فیشك و مەخك دەرگای چوونە ناو جیهانی جەنگ و خۆشەویستییە، بەڵام نەخشی فەرش و قەچی بزنەکێوی بەنی کوردەواریین و تەڵامان و وردبوونەوەم قووڵدەکەنەوە بە سروشتی ژنەکێوی و سروشتی شاخ و مەودای خەیاگری ئەمە.

بەنی فیشك و مەخك کە دووەمین پیشانگای تایبەتی منە بە درێژایی یازدە ساڵی ئەزموونی کارکردنم چەند قەناغێکی جیاوازی بڕیوە، هەوڵم داوە ساتەکانی شەڕ و ژیان و بەردەوامبوون بنووسمەوە و ئاوێتەی ڕەنگ و ڕوئیای هونەریان بکەم،هەر بۆیە ژوورە کەنەکانی قەڵای هەولێرم هەڵبژارد تا هەر ژوورەی گوزارش لە قەناغێك بکا و پێناسەی ماوەیەکی زەمەنی ژیانی هونەریم بە. دەمەوێ پارێزگاری کردن لە کەلتوور و سروشت و مەرکی کوردانە بشکێك بە لە پێناسەی کارەکانم.

*بە داهاتوو هیچ پرۆژەیەکت لە هەگبەدایە؟

- ئەوەی ڕاستی بێت چەند کار و پڕۆژەیەکم هەیە ئێستا کار لەسەر بشکێیان ئەکەم، بەو هیوایە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا بەرهەم بێن و بخرێنە بەر چاوی بینەران.

کامەران حاجی ئیلیاس



پرۆژەکانی جیهادی شیعە لە عیراقدا!؟.. عوسمانی حاجی مارف

ئووهەزە میلیشیایانەی ناوکی بلۆکی دەسەڵاتداری لە عێراق پێکدەهێنن کە "چوارچێوەی هەماهەنگیە"، لە ئێندامانێک پێکهاتون بانگەشەی ئەوە دەکەن کە سەر بە بەرەیەکی جیهادین، ئەو بەرەیەی ئامانجیان فراوانکردن و قەرخکردنی دەسەڵات و باڵادەستی ئیسلامی سیاسیە و لە ساڵی ١٩٧٩ لە ئێران دەستی پێکردووە. چوارچێوەی

هەماهەنگیش درێژکراوەی پێژەی شیعەکانە، کە ئێستا خۆی لە کەماری ئیسلامی ئێران، حزبوڵڵای لوبنان، گرووپی ئەنسارولڵا کە بنکەکەیان لەیەمەنە و گرووپە تیرۆریستییە عێراقیەکان و "چوارچێوەی هەماهەنگی"و میلیشیاکانیدا دەبینرێتەوە.
سەرکەوتنی"چوارچێوەی هەماهەنگی" لە پەکهەنانی حکومەتدا، لە دوای هەڵبژاردنی ٢٠٢١وە، قەرخکاری وکۆنترۆڵی هەموو لقەکانی حکومەتیکردوە، بووەتە بانەدەستەکی بوونە لە دوای داوخانی دەوڵەتی عێراق لە ٢٠٠٣دا، بە دەسەڵاتکی هێزەکانی حوکمەانی پێناسەدەکرێت. لەبەر ئاستەقینەکان لە لوتکەی "چوارچێوەی هەماهەنگی"دا، بە سەرکی جیهادی دەناسرێتەوە کە هەریەکەیان پەیوەندیەکی نزیکیان بە ئێرانەوە هەیە، نوری مالیکی، قەیس خەزعەلی، هادی عامری.
"چوارچێوەی هەماهەنگی" دەستەی سەرکایەتی پەرلەمان و دوو لیستی هەڕە ئاشکرا و بەهێزکەی، "هاوپەیمانی ئەلفەتح" و "هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا" کۆنترۆڵ دەکات. هێروهها دەسەڵاتی دادوەری لەڕێگەی سەرکی دادگاکانی ژێر کۆنترۆڵی میلیشیاکان، دادوەر فایق زیدان کۆنترۆڵ دەکات. هێزە سەربازیە ئاسایەکان (سوپا، دەزگای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، هێزی دەریایی، و هێزی ئاسمانی) و خزمەتگوزاریە هاوگریەکان، بە خڕایی لەلایەن گروپ و میلیشیا تیرۆریستیەکانی سەر بە ئێرانەوە دزە دەکرێن. هێزەکانی حەشدی شەعبی بە سەرکایەتی تیرۆریستان، سوپایەکی هاوتەریبن کە لەسەر مەدەلی سوپای پاسدارانی ئێران بنیات نراون. بەرپرسانی وەزارەتکان ڕاژانە بە فەرمانی گروپە تیرۆریستی و میلیشیاکان دەگەدرێن. پارێزگارەکان لەڕێگەی چوارچێوەی هەماهەنگیەوە دەستنیشان دەکرێن.
زۆرینەی میلیشیاکان کە بە "الطلیعە" ناودەبرێن، بەشێوەیەکی زۆرکاریان لەسەر دەستبەسەرداگرتنی دەوڵەت و پێکهاتەکانیدایە، لەوانەش وەک ڕێکخراوی بەدر و عەسائیب ئەهلی حەق و باقی جەراوجۆرەکانی میلیشیاکان بەپلەی یەکەم سەرنجیان لەسەر چالاکیە سیاسی و ئابوریەکانە، کارەکانی "عەسایب ئەهلی حەق" و تەنانەت "ڕێکخراوی بەدر" هەندەکجار "وەک بزووتنەوەیەک بە پەرەپێدانی بزووتنەوەکەیان بەناوی هێزی بەرگری خەیان دەردەخێن، کە بەتوندی سەرنجیان لەسەر قەرخکردنی حوکمەانی و دەستبەسەرداگرتنی دەوڵەت، ئامانجی سەرکیان تاقانی سەروەت و سامانی ژێر دەستی دەسەڵاتی دەوڵەت، لە عێراقدا ئەم گروپانە دەندەترینی بزوتنەوەی جیهادین کە باشترین شارەزاییان هەیە لە چالاکیە بازرگانی نایاسایی و قاچاخچێتیەکاندا. لە ساتەکانی شەڕی ئێستای غەزەدا، خەیان وەک

ئەندامەکی سەرسەختی میحوەری بەرگری ەادگەیەنن.!
ئەوەی جگەای سەرنجە کە "حیزبوەەا"ی لوبنانی و هاوبەشە عەراقیەکانی وەک "لیواکانی ئیمام عەلی" لە ژینگەی عەراقدا تەواو سەرنجیان لەسەر بازرگانی و دەستبەسەرداگرتنی دەوەتە، کەخەیان لە سیاسەتی بەرەنگاری دژی ئەمریکا لە عەراقدا نادەن، وەها مامەە دەکەن ک عەراق گامەشکە شیرەکەی بدەشن بە ئەندامانی هەزی بەرگری لە لوبنان، ئەمەش تاەادەیەک "ەەکخراوی بەدر" ناەەحەت دەکات.
ئەبو فەداک و هادی عامری سەرەکی ەەکخراوی بەدر لە پەرەزە بازرگانیەکان و خەدزینەوە لە گومرگەکان لە هاوردەکردن و گواستنەوەی دەلار بە ئەران، بەردەوام هاوکاری دەکرەن. لە هەمان کاتدا بەەەوبەرایەتی هەواگری و فەەکەی بەفەەکەوانی نوخبەی هەزەکانی حەشدی شەعبی سەر بە ئەبو فەداک ەەەەکی باەا دەگەەن لە هەرشە تیرەریستیەکان بە سەر ئامانجە ئەمریکیەکان و عەرەبەکانی کەنداو. پەویستە ئاماژە بەوە بکرەت کە یەکەک لە بەرپرسانی پەوپاگەندەی سەر بە لیواکانی حزبوەلا و عەسائیب ئەهلی حەق یەکەم ەاوەژکاری سودانی سەرەک وەزیرانن.
پەدەچەت "لیواکانی حزبولەا" لە عەراقدا نەتوانن بەتەواوی بەیارەکەیان یەکلایی بکەنەوە، و لەەاستیدا دابەشبوون بەسەر دوو باەدا، هەرچەندە هەشتا ئەو دوو باەە پەیوەندیەکی نزیکیان هەیە. باەەکیان کە کە ئەبو فەداک سەرەکایەتی دەکات، بەپلەی یەکەم سەرنجی لەسەر کەنترەەکردنی هەزەکانی حەشدی شەعبیە و بودجەی ساەانەی ٢.٦ ملیار دەلارە و پەرەپەدانی بازرگانیەکانی بیناسازی و گرەبەستکردنە کە پەیوەندیان بەحەشدی شەعبیەوە هەیە. یەکەک لەو کارانە "کەمپانیای ئەندازیاری گشتی" بوو کە پلانی بە داەەزرابوو، کە لەسەر مەدەلی کەمەەی خاتەم ئەلئەنبیا لە IRGC دامەزرا.
سەبارەت بە باەەکەی تری "حیزبوەەا کەتایب" کە ئەبو حوسەین سەرەکایەتی دەکات، زیاتر مەیلی پەشەەوی ئاشکراتری هەیە، پەش قەیرانی غەززە لە عەراق و سوریا و ئوردن هەرشی زەری لە دژی ئەمریکا ئەنجامداوە، ئەم باەە ئەندامانی پەرلەمان لەخەدگرەت و لەیەکەکانی هەزەکانی حەشدی شەعبیدا چە دەبەتەوە، بەتایبەتی لەەەەی ئەمنی و هەواگریدا. لەو حاەەتانەی کە کوتلەی ئەبو حوسەین تەوگلاون لە چالاکیە ئابوریەکاندا، ئەم چالاکیانە تاەادەیەکی زەر پەیوەندیان بە قاچاخچیەکانەوە هەیە، لەوانە هەناردەکردنی نەوتی نایاسایی و ساختەکاری لە خانووبەرەدا.
ئەندامانی میحوەری بەرگری،یان"شبکة التهدید الایرانیة" تەەی هەەەشەی ئەران، ەەنگە تەحەدایەکی زەر ئاەەزتر و کاریگەرتر لە هەریەکەک لە گروپە جیهادیەکانی دیکەی بەشدار لە حوکمەانی عەراقی

ئەمەدا دروست بکەن، ئەمش بەشکی زۆری دگەڕێتەوە بۆ ئاستی قەبارەی خاوی ئەو سەرچاوانەی کە لە ژێر کنترۆڵی خێیاندایە، ئەو گروپانەی پاشکۆی ئێران بە ئاسانی دزە دکەنە ناو پکهاتە دەوڵەتیکانەوەو کێیان دکەنەوە، کە توانای قەرزکردنیان لە بازاڕێ نێودەوڵەتیکان و فرۆشتنی نەوت و گاز (بە دۆلار) و کنترۆڵکردنی سندوقکانی سەروەت و سامانی سەروەریان هەیە. لە لوبنان و یەمەن تەنێ جیهادیە شیعەکان کنترۆڵی ئابوریە لەرزەکە توندەکان دکەن، لە ئێران و عێراقیش کنترۆڵی بەرهەمهێنەرانی وزەی جیهانی دکەن کە هەریەکێیان توانایەکی یەکجار زۆریان هەیە لە بواری بازرگانی و بەرهەمهێناندا.
کنترۆڵکردنی عێراق، بەشێوەیەکی تایبەت لێلایەن "شبكة التهديد الإيرانية" تەی هەڕەشەی ئێرانەوە، یاری گێڕینەکە بەمانای کنتڕۆڵکردنی هێزەکانی بەرگریە بۆ تایبەتی ئەوانەی پاشکۆی ئێرانن بەسەر حکومەتی عێراقدا، بەبێ ئەوەی هیچ هاوبەشیەک لەگەڵ موقتەدا سەدر بکەن، چونکە ئێران میلیشیا عێراقیەکان لە هاوپەیمانیەکی تایبەت بەخێیاندا دادەنێت، وەک هێزی ئابووری بە هێزە هاوبەشەکانی ئێرانە، ئەوەش کە تەی هەڕەشەی ئێران تازە بەدەستی هێناوە، ئێرانی کردەتە ئێرانێک کە بە ئاسانی ناچێتە ژێر کاریگەری گەمارۆکانی ئەمریکاوە.
حیزبوڵلای لوبنان و بزوتنەوەی حوسیەکان، یاریزانی بچوکی ئابورین بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا. یەکەم بودجەی حکومەت بە سەرکایەتی "چوارچێوەی هەماهەنگی" گەورەترین بودجەیە لە مێژووی عێراقدا، کە ١٥٣ ملیار دۆلار خەرجی سالانەیە بە ماوەی سێ ساڵی لەسەریەک، کە نزیکەی ٥٠٪ زیادی کردووە بە بەراورد بە دوایین بودجەی عێراق کە لە ساڵی ٢٠٢١ەوە پەسەند کراوە. بەڵام خەرجیە چاوەڕوانکراوەکانی لوبنانی ئیفلاسکراو لە ساڵی ٢٠٢٢دا کەمتر لە دوو ملیار دۆلارە، هەروەها وەاتەکە بەهەی ئەو زیانە دارایەی گەورەیەی کە لە ساڵی ٢٠٢١ەوە تووشی بووە، بە بەهای ٧٢ ملیار دۆلار قەرزارە. هەروەها بودجەی "حوسیەکان" لەیەمەن کەمە و ساڵانە نزیکەی یەک ملیار دۆلارە.
گەر بگەڕێتەوە بۆ دەسەاتی ئێران، ئەوا دەبینێت کە بەهای چوارچێوەی هەماهەنگیەوە باەدەستیەکی بەوەنە لە حکومرانی لە عێراقدا بەرجەستەکاتەوە، لەهەمان کاتدا دەتوانێت سیاسەتی دژەوەیش بگرێتەوەو هاوسەنگیەک لە نێوان وەاتانی زلهێزی دنیا دروستبکات. دەنگدەرترین سەرکردەی بەرگری دژە ئەمریکی لە عێراق، ئەکرەم ئەلکەعبی، لە ساڵی ٢٠٢٢ەوە سەردانکەرێکی پێشوازی لێکراوی مەسکۆ بووە، هەر بەم ئاراستەیە پێوەندی نێوان هێزەکانی بەرگری

عێراق و ڕووسیا بۆ خۆرایی پێکهات، دوای ئەوەی هێزەکانی بەرگری بۆ تۆندی پشتگیریان لێ داگیرکردنی ئۆکرانیا کرد. بایەزخانی ڕووسیا لێ بۆغدا بەردەوام کار دەکات بۆ قۆکردنەوەی ئەم پەیوەندیە، بەتایبەتی لە سەرەتای دەستپێکی قەیرانی غەززەوە، کە دەرفەت دەخسێنێت بۆ ئیستغلالکردنی تووڕەیی عێراق بۆ لاوازکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا.
چین کە زیاتر سەرنجی لەسەر وەبەرهێنانی ئابوریە، هەروەها دەستکەوتی گرنگی لەگێ هێزە بەرگریکاندا بەدەست هێناوە، پشتگیری خۆی بۆ پڕۆژە لاوکیەکان ڕاگەیاندوە، هەروەها ڕێککەوتی گرنگی هەیە بۆ دەستپێشخەری لە پڕۆژەی ڕێگای گۆشەدان، پڕۆژەکانی بەندەر و هێڵی ئاسن، هەروەها هەر پارەدانێکی دیجیتاڵی، بەکاربردنی بەرمیلی نەوت، و سیستەمی بەدواداچوونی کەشتیە دەریاییەکان، وەک ڕێگەیەک بۆ گواستنەوەی پشتیوانی چینی بۆ کەمپانیاکانی سەر بەڕێکخراوی بەدر و عەسائیب ئەهلی حەق.
لێرەاستیا ئەم پرۆژە ئابوریانەش بۆ خۆیان پێوستیان بەدەخێکی گونجاویی ئاسایش، سەختە سەرمایەگوزاری لە دەخێکی نائاسایشدا کارەکانی بەرواتە پێشەوە، بۆیە ئەم پڕۆژە ئابوریانە کە بەشێکی گرنگە بۆ ئایندەی عێراق، لە کاتی خۆیدا کەشە بۆ پرۆژەی جیهادی شیعە دروست دەکات، ئەمەش هەکارێکی واقعی دەبێت کە جیهادی شیعە دەخاتە ناو ناکۆکیەکەوە، کە ناچار بۆ پاشکۆیەک دەبێت.
بەگشتی ئەوەی لەپێش چاومانە پرۆژەی جیهادی شیعە کە لە ساڵی ١٩٧٩ لە ئێرانەوە دەستی پێکردوە، ئەوەش لەو سەرکەوتنەوە مەترسیەکانی ئەم پرۆژەیەی نیشاندا، کە کەماری ئیسلامی لە ئێراندا دامەزراوە توانی لە ڕێگەی پێکهێنانی دەوڵەتەوە و دەست بەسەراگرتنی سەرچاوە دارایەکان و داهاتی ئێران، بە ململانێ لەگێ رووداو و دەخێ جیاوازەکانی جیهان ناوچەکەدا جیهادەکەی فراوانکاتەوە، لەهەمان کاتدا هەردوو جەنگی کەنداو و ڕوخانی حکومەتی سەدام، گەورەترین هەلی ڕەخسان بۆ کەماری ئیسلامی کە شۆڕشی پانتایی جیهادەکەی لەڕێگەی دامەزراندنی بنکەیەکی بەهێز لە عێراقدا فراوانتر کات و دەخەکە بشێقێنێت.
سەرکەوتنی پڕۆژەی ئەم جیهادە لە عێراقدا بەناوی هێزەکانی بەرگری، ئەو دەستەوەردانە ڕاستوخۆیە کە ئێران لە پێکهاتەی حکومەتی عێراقدا هێشتا بەڕەتی بینی و لە هەماهنگتدا ئەندامەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی لە پەیوەند بە پاشکۆ بوون بۆ ئێرانەوە کارەکانیان بۆ ئەنجام دەگەیان.
ئەم پڕۆژەی جیهادەی ئێستا لە عێراقدا دەگوزەڕێ بە پێکهاتەی حزب و هێزەکخراوەکانی و هێزە میلیشیاکانی و پاشکۆکانی تریەوە ناکرێ نێک

کەمتر لە مەترسی نمونەکانی بن لادن و قاعدەو داعش بۆکو پەیوستە زیاتر حسابی لەسەر بکرێت بە ئایندەی سیاسی ناوچەکە، ئەو ئیمکاناتەی کە ئێستا لەبەردەم چوارچێوەی هەماهەنگی و ئێراندایەزیر زیاتر لەوەی لەبەردەم بن لادن و قاعدە و داعشدا بو.
بەڵام ئاسایەک کە پێچەوانەی ئەم مەترسیەمان نیشان ئەدات، لایەک هاوچەرخی و شارستانیەتی کەمەگەی ئێران و عێراق و سوریاو لوبنانە..کە ناتوانرێت ئەو جیهادە لەگەڵ ژیانیاندا ئاوێزان بێت، باشترین نمونە دەخی سیاسی و کەمایەتی خودی ئێرانە کە چوار دەیە زیاترە بە زەرداری چەك و سەرکوت و سەدارە، جیهادی شیعە نیتوانیوە پیوندی هاوچەرخی کەمایەتی لە بەرژەوندی ئەو جیهادە بشوێنێت.
بە هەمان شێوە عێراقیش لە ناسزایەتیکانی ٢٠١٩وە سەلماندیان کە جیهادی شیعەو دەسەاتی شیعە لەکەمەگەی عێراقدا قەبول ناکرێت، ئەوەی شایانی باسە زەرینەی نارەزایەتیکان لەو ناوچانەدا بەرپابون کە بە ناوچەی شیعە نشین ئەژمار دەکرێت.
لایەکی ترەوە پەداویستیکانی گەشەی ئابوری عێراق، کە ناکرێت گەشەی ئابوری لەگەڵ پەژەی جیهادا بگونجێنرێت، بەکو پەژەی جیهادە کەدەبێت خەی لەگەڵ پەژە ئابوریکاندا بگونجێنێت.

بە ئەم ووتارە سود لە نوسراوەکی "مایکل نایتس"وەرگیراوە بە ناونیشانی "السيطرة الجهادية الشيعية على الدولة في العراق".
دکتەر مایکل نایتس، پسپۆڕە لە کاروباری سەربازی و ئەمنی عێراق و ئێران و وڵاتانی کەنداوی عەرەبی.

کچەڵە ئابیجیتا گوپتا بچووکترین نووسەری جیهانە.. رەزا شوان

کچەڵەی روحسووکی هیندی (ئابیجیتا گوپتا) لە تەمەنی حەوت ساڵیدا، وەک بچووکترین نووسەر جیهان بە فەرمی سەریکەردی پەوانەیی جیهانیی لە نووسینی سەپرتووکدا

بەدەستهێنا. ئابیجیتا منداڵێکی بەهرەمەندی پەرجۆ و ناوازەیە. بە بیرکەری نووسینەکانی، ئیلهام لە شتە بچووکەکانی دەوروبەری وەردەگرێت.
ئابیجیتا دەڵێت:"من زۆر گرنگی بە دەوروبەر دەدەم. لەوانەیە لەو کاتەدا وشەی ورد بە گوزارشتکردن بەم نەیەن. بەڵام کاتێک کە دەست بە نووسین دەکەم، لەو کاتەدا هەستەکانم وشەی جوانیان لێدەبارێت، دەتوانم ئەوە بڵێم کە دەوروبەرم بە شێوەیەکی زۆر، کارگەریی لەسەر نووسینەکانم هەیە".
ئابیجیتا لە ساڵی (٢٠١٢) لەدایکبووە. لەگەڵ باوک و دایکیدا، لە شاری (گازی ئاباد) لە هیندستان دەژین. تاقانەی دایک و باوکێتی. باوکی (ئاشیش گوپتا) ژمیریاری گشتییە. دایکی (ئانەپریا گوپتا) ئەندازیارە، ژنێکی خاوەن کاری بازرگانییە. زۆر هاندەر و پاڵپشتی ئابیجیتان.
ئابیجیتا لە تەمەنی چوار ساڵیدا، وەک هەر منداڵێکی دیکە، بە فەنلەڕزیا (زانستی دەنگەکان) ئاشنا بوو. لەم تەمەنەدا، دایک و باوکی سەرسام کرد، کاتێک کە داوای پێنووس و تیانووسی لێکردن. کە دایان پێی چیرۆکێکی نووسی. ئابیجیتا کە تازە فێری کەمێک وشەی سێ و چوار پیتی ببوو، کەچی بە بە هەڵەی ڕێنووسی چیرۆکێکی لە کەمێک ڕستەی کورت نووسی. دایک و باوک و مامۆستاکانی باخچەی منداڵان شۆک بوون. ئەمە سەرەتای دەرخستنی توانای زیرەکی و ناوازەیی ئابیجیتا بوو.
دایکی ئابیجیتا (ئانەپریا گوپتا) دەڵێت:" هەموو دایک و باوکێک، خەونی ئەوەیان هەیە کە منداڵەکانیان بناسرێن. ئێم خەونە بە ئێمە زۆر زوو هاتەدی".
ئابیجیتا لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە، دەستی بە نووسینی کورتچیرۆک و هەنراوە بە منداڵان کرد. ئەم حەزەی لە نووسیندا تا دەهات زیاتر پەرەیدەسێند. نووسین بوو بە خولیای ڕۆژانەی. ڕۆژانەش پەرتووکی دەخوێندەوە بە تایبەتیش چیرۆک و هەنراوە. کە لە باخچەی منداڵانیش بوو، لە چەندین پێشبڕکێی خوێندنەوەدا بەشداری کرد و لە هەموویاندا خەڵاتی یەکەمی بەدەستهێناوە. یەکەم چیرۆکی بە ناوی (ئامۆژگاریی فیلەکان) بوو. یەکەم هەنراوەشی بە ناوی (ڕۆژێکی خەرگیران) بوو. هەردووکیان لە پەرتووکی یەکەمیدا نووسراون. نووسینی چیرۆک و هەنراوە لە خوێنی ئەو دایە.
ئابیجیتا گوپتا، ئاواتخوازە کە درێژە بە میراتی باپیرانی بدات. ئەو نەوەی سێیەمی دوو نووسەر و هەزانقانی گەورە و زۆر بەناوبانگی هیندستانە (راشتراکاڤی شری مایتلیجان گوپت) و

(سانتکاڤی شری سیامچاران گوپت).
ئابیجیتا لە تەمەنی حەوت ساڵیدا، یەکەم پەرتووکی بە ناوی (بەختەوەری لە هەموو شوێنێک) دا، چاپکرا و بڵاوکرایەوە. کە ئێنتەلێژیای کورتە چیرۆک و هەنراوەیە، ئامانجەکەشی منداڵانن. ئەم پەرتووکەی لە (١٠) هەنراوە و لە (٤) کورتەچیرۆک پێکهاتووە. هەنراوەکانی بریتین لە: خۆشەویستیی دایک، خوێندن باشترین هاوەڵمە، هاوڕێی بەنرخ، دایکە زەوی، لەمان بگەڕێن با بفڕین، ...هتد. بابەتەکانی چیرۆکەکانی باس لە هاوڕێیەتی و خواردنی تەندروست و متمانە بەخۆبوونەکی زار دەکەن. ئابیجیتا گوپتا، بە بڵاوکردنەوەی ئەم پەرتووکەی، ناوبانگێکی زۆری بەدەستهێنا. هەر ئەم خشبەختییەی لە خوێندنەوەدا، والێکرد کە ناوی پەرتووکەکەی بنێت (بەختەوەری لە هەموو شوێنێک) هەر خشی دیزاینی بەرگ و نێگاتیڤەکانی کەشاون.
ئابیجیتا گوپتا، کە دەستنووسی پەرتووکی یەکەمی لەگەڵ دایکیدا، برد بۆ چەند دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوە، تا تێچووی چاپکردنی بگرنە خۆیان. هیچ خانەیەکی بڵاوکردنەوە ئامادە نەبوو بۆی چاپ بکەن. چونکە پێیان سەیر بوو، دودە بوون و بۆوایان نەدەکرد، کە منداڵێکی حەوت ساڵان بتوانێت پەرتووکێک وا بنووسێت و وێنەکانی بکێشێت. بەڵام کاتێک کە دایکی قەناعەتی پێکردن، کە جارێک بۆ وردی دەستنووسەکەی بخوێننەوە.
خاوەنی دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوە، بۆ زەردەخنەوە، واو..! ئەو کچە بچووکە جوانە ئەم بابەتە جوانانەی نووسیوە. بۆوای پێی کرد و رەکەوتن کە ئەو پەرتووکە و سێ پەرتووکی تری داهاتووشی بۆ چاپ بکەن و بڵاویان بکەنەوە. دەزگای چاپ و بڵاوکراوەکە وەک بانگشەیەکیش، ئەویان لەسەر بەرگی پەرتووکەکانی نووسیون: "نووسەراوەکە بە بۆ دەستکاری هەڵەراوتەوە بۆ ئەوەی بتاوانییەکەی کاڵ نەبێتەوە".
ئابیجیتا یەکەم منداڵی هەندیە، کە رەکەوتنی گرێبەستی چاپکردنی چوار پەرتووکی لەگەڵ دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەدا واژۆ کرد. لە پەرتووکی یەکەمی وەک مافی نووسەر (١٠٠٠٠) روپییەی (پارەی هیندی) وەرگرت.
ئابیجیتا گوپتا لەلایەن تەماری ریکاردۆ جیهانییەکان، وەک (بچووکترین نووسەر لە جیهاندا) ناسێندرا و ناویان تۆمار کرد و بۆوانامەی دانپێنانیان پێشکەش کرد.

هەر لە تەمەنی حەوت ساڵیدا، بە هەی بەهرە و لێهاتوویی لە نووسینی کورتەچیرۆک و هونراوەی جوان بە منداڵان، ناویان لە پەرتووکی ریکاردکانی ئاسیادا تۆمارکرد و نازناوی (گراندماستاری نووسین) وەتە (مامۆستای گەورەی نووسین) یان پێبەخشی.
ئابیجیتا دەڵێت:"زۆر دڵخۆشم بە وەرگرتنی ئەم نازناوە. دەمەوێت دایک و باوکم شانازی بە نووسینەکانمەوە بکەن. حەز بە نووسین دەکەم و هەست بە دڵخۆشی دەکەم، کاتێک کە خوێنەران لە ڕەگەی پەرتووک و هونراوەکانمەوە چێژ و ئیلهام وەردەگرن"
لە کاتی بڵاوبوونەوەی پەتای (کۆڤید ـ ١٩) دا، کە قوتابخانەکان داخران و منداڵان لە ماڵەوە بوون. ئابیجیتا ئەم هەڵەی قەستەوە و پەرتووکی دووەمی دەربارەی ئەم پەتایە نووسی، بە ناوی (بە دنیاییەوە بەردەوام دەبین) باسی لە گاریگەرییەکانی (کۆڤید ـ ١٩) لەسەر ژیانی منداڵان لە جیهاندا کردووە،. کە چۆن منداڵان ڕووبەڕووی ئەم قەناغە بوونەتەوە. بە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی پەرتووکی دووەمی، هەندەی تر ناوبانگی دەرکرد و وەک بچووکترین نووسەری جیهان، ریکاردی دووەمی جیهانی بەدەستهێنا. ناویان لە لە پەرتووکی ریکاردە جیهانییەکان لە بەریتانیا تۆمارکرد.
ئابیجیتا گوپتا، لە کاتی واژۆکردنی ئەم پەرتووکەیدا وتی:"دڵخۆشم بە خستنەبازاڕی پەرتووکە نوێیەکەم. بە ناوی هەموو ئەو منداڵانەی لە کاتی پەتای (کۆڤید ـ ١٩) دا، هەموو شتێکیان لەدەست داوە، من خوێنی ئەوەم هەیە چەندین چیرۆک و هونراوە بە هاندانی هەمووان بنووسم". کاتی (کۆڤید ـ ١٩) بە ئابیجیتا کاتێکی بەرهەمدار بوو. بەی بە خەڵر. بەو پێیەی کە زەربەی نووسینەکانی لە کاتی ئەم پەتایەدا نووسیون.
پەرتووکی سێیەمی بە ناوی (دەستپێکردن بە شتە بچووکەکان) بریتییە لە کەمەک کورتەچیرۆک و هونراوە. کە لە لایەن پەرتووکخانەی ئێکسفەردەوە بە دیجیتاڵ نمایشکرا. پەرتووکەکە لە لایەن دکتەر خاتوو (چارو وەلی خانا)ی ئەندامی کۆمیسیۆنی نیشتمانی ژنانی هیندستانەوە خرایە بازاڕاوە.
ئابیجیتا گوپتا دەڵێت:"ژینگەی دەوروبەرم و تەنانەت شتە بچووکەکانیش بە من ئیلهامبەخشن. من لەسەر شتە ئەرنییەکان دەنووسم. ئەوەی کە دەیبینم یان هەستی پێدەکەم".
ئابیجیتا گوپتا، بە نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەم سێ پەرتووکەی، وەک بچووکترین نووسەر لە جیهاندا، لە تۆماری ریکاردی جیهانی و لە تۆماری ریکاردی ئاسیادا، ناسێندرا و

ناویان تۆمارکردووە.
بابەتەکانی پەرتووکەکانی ئابیجیتا، کە بە هەندە وانە و بە رەوشت بەرزی کۆتایی دێت، پەیامێکی جوان پێشکەش بە منداڵانی هاوتەمەنی خۆی دەکەن.
ئابیجیتا منداڵێکی سەزدار و میهربانە ئەو بەڕێزەی کە لە پەرتووکانی بەدەستیهێنا، زیاتر لە (٤٠٠) هەزار روپیەی هیندیە. هەمووی بەخشی بە هەژارانی وڵاتەکەی.
ئابیجیتا گوپتا، یەکێکە لەو پینج منداڵە پەرجە و ناوازەی کە لایڤ (ئینديا تایمز) ناوە هەڵبژاردون. کە هیندستان شانازییان پێوە دەکات.
ئابیجیتا، تا ئێستا پێنج ریکۆردی پەوانەیی جیهانیی بە دەستهێناوە.
ئابیجیتا گوپتا، لە ئێستادا خوێندکارە، دەرچوو پێلی شەشی بنەڕەتی، لە قوتابخانەی بنەڕەتی (پڕێسیدیەم ئیندێراپورام) لە شاری گازی ئاباد ـ لە هیندستان.
بەجگە لە ئارەزووی دەخوازی خوێندنەوە و نووسین، خولیای وێنەکێشانە، لەگەڵ دایکی و باوکیدا سەیری فیلم دەکات. لەگەڵ بووکە شووشەکەی و هاوڕێکانیدا یاری دەکات. هەنراوەیەکیشی ئاوازیان بە داناوە و کراوە بە گۆرانی، لایڤن کەمپێک منداڵەوە. لە ڕەژی جەژنی جیهانی منداڵان لە ساڵی (٢٠٢١) دا، پێشکێشیان کرد و تۆمارکراوە. گۆرانیەکیشی لەسەر ژینگەپارێزی، بە بۆنەی (ڕەژی زەوی) یەوە نووسیوە، لە ساڵی (٢٠٢١) دا پێشکێش کرا و تۆمارکراوە. بەرەوامیش سەردانی لای پەرتووکفرۆشکان دەکات. دەڵێت:" گەر نەتازانی لە کۆم، لەلای پەرتووکفرۆشکان دەمدەزنەوە".
تا ئێستا چەند خەڵاتە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیان پێشکێش کردووە. لەوانەش خەڵاتی (گۆباڵ پڕدیگی جیهانی ساڵی ــ ٢٠٢١) وەرگرتووە. لە ساڵی (٢٠٢٢) دا، براوەی (خەڵاتی جیهانیی منداڵان پەرجە) بوو.
هیوای داهاتووی ئابیجیتا گوپتا، دەیەوێت ببێت بە پزیشک و یارمەتیی هەژاران بدات.
دایکی دەڵێت:" کچەکەم وتی، پارە لە خەڵکی هەژار وەرناگرم، چونکە پارەی پۆیستیان نییە".
ئابیجیتا دەڵێت:"لە داهاتوودا پەرتووکی زۆرتر دەنووسم. کاتێک کە شتێک دەبێتە ئارەزووت، ناتوانیت واز لەو ئارەزووت بهێنیت. بۆیە من بەردەوام دەبم. تەنانەت کاتێک کە دەشبم بە پزیشک و کاتم کەمتر دەبێت". دەشڵێت:" سەرەتا کەسێکی

باش بێ و دواتر پزیشک بێ".
نۆرویج: ٢٠٢٤

فیلمەکانی بەشی پشبڕکێی چوارەمین فستیڤاڵی فیلمی کوردی "مۆسکۆ" ناسێندران.. مەنسوور جیهانی

ـ چوارەمین خولی فستیڤاڵی فیلمی کوردی "مۆسکۆ" بە بەشداری بەرهەمی سینەماکارانی ١٢ وڵاتی جیهان لە ڕۆژانی ١٨ تا ٢٢ی ئەیلوولی ٢٠٢٤ لە شاری مۆسکۆ لە وڵاتی فیدراسیۆنی ڕووسیا بەڕێوەدەچێت.

لە چوارەمین خولی فستیڤاڵی فیلمی کوردی "مۆسکۆ" Moscow، ٣٨ بەرهەم پێکهاتوو لە دوو بەشی پشبڕکێی لەوانە؛ لە بەشی پشبڕکێی "فیلمە بینەرەکان"، ٧ فیلمی سینەمایی و ٨ بەگەفیلمی بینند و هەروەها لە بەشی پشبڕکێی "کورتە فیلمەکان"، ١٤ کورتە فیلمی چیرۆکی و ٩ بەگەفیلمی کورت، بێ بەشداریی لە بەشی کۆتایی ئەم فستیڤاڵە دەستنیشان کراون و بێ بەدەستهێنانی خەڵاتی کریستاڵی "هۆتاوی زێڕین"ی ئەم ڕووداوە سینەماییە لەگەڵ یەکتریی ڕکابەریی دەکەن.

خەڵاتی "هۆتاوی زێڕین" ستایلکی کریستاڵ، بە هەمای هۆتاوی زێڕینە و ئەم خەڵاتە گرینگە لە پێنج بەشدا، لەوانە؛ باشترین فیلمی بینەری سینەمایی، باشترین بەگەفیلمی بینند، باشترین کورتە فیلمی چیرۆکی، باشترین بەگەفیلمی کورت و هەروەها خەڵاتی "هاوبەشی لە سینەمای کوردی"دا بە براوەکان پێشکێش دەکرێت.

بەڕێوەبەرایەتی چوارەمین خولی فستیڤاڵی فیلمی کوردی "مۆسکۆ" لە ڕاگەیەندراوێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایانگەیاند: "ئەمساڵ فستیڤاڵی فیلمی کوردی "مۆسکۆ"، بە شێوەی گشتیی تەرکیزی خستۆتە سەر

وتووێژیی نێوان کەلتووری و هاوکاری لەگەڵ ڕووسیا. ئەم فێستیڤاڵە لە درێژەی نەریتی ساڵانی ڕابردوو، بە ناونیشانی بەشێک لە ئاڕووگۆڕیی فەرهەنگی، دیسانەوە فیلمسازان و لایەنگرانی سینەما لە سەرتاسەری جیهان لە یەکتریی کۆدەکاتەوە تاکوو پێکەوە شاکارە ڕاستەقینەکانی سینەمای کوردی پێشکەش بکەن. جوگرافیای بەشداربووان زۆر جۆراوجۆرن، بەرنامەکانی فێستیڤاڵ، فیلمەکان لە ١٢ ولاتی جیهان، لەوانە؛ فەرەنسا، عێراق، تورکیا، ئێران، سووریا، هۆڵەندا، بەلژیکا، دانیمارک، هەرێمی کوردستان و … لە خۆدەگرێت. تەرکیزی جۆری لەسەر فیلمەکانی سەبارەت بە ئیزەدییەکان و دینی کۆنی میزۆپۆتامیای ئەوانە. هەر ئەوەش لە چەمکی دیمەنی فێستیڤاڵیشدا ڕەنگی داوەتەوە: هێمای سەرەکی پێستەری ئەمساڵ، پەیی تاووسە کە هێمایەکی بەهێزە بۆ خەڵکی کورد، بە تایبەت لە بەستێنی ئیزەدیسمدا، کە دینی باب و باپیرانی باستانی هەموو کوردەکانە کە جەخت لەسەر گرینگی پاراستن و پەرەپێدانی کەلتووریی کوردی لە ڕگای سینەما دەکاتەوە. لە پشتەوەی بەستێنی نەرگسیدا وەبیرهێنەرەوەی ئەو لەچکانەیە کە بە شێوازیی دابوونەریت ژنانی کورد بەسەر خۆیانیدا دەدەن. ئەم هێمانە، تەرکیز لەسەر پەیوەندیی کەلتووری و دابوونەریتەکان لە جیلێکەوە بۆ جیلێکی دیکە دەکات."

لە درێژەی ئەم ڕاگەیەندراوە ڕۆژنامەوانییەدا هاتووە: لە بەشی پێشبڕکێی "فیلمە بینراوەکانی سینەما"، لەوانە؛ فیلمی ئەزموونی "مووسڵ، ماڵی منە" Mosul, My Home کە پیاسەیەکی تێروتەسەلە بە ناو داڵمانی شاری مووسڵە و لە هەوڵدایە بۆ دۆزینەوەی ئاسەوارەکانی دوای شەڕ و هەروەها وزەی شار و دانیشتوانی چەند نەتەوەییەک نیشان دەدات. دۆامای "غەریبانە لەم خۆشبەختییە دەڕوانم" Transient Happiness کە خەسارەناسی قارەمانێکی بە ونبوونە گرتووە. دۆامای مۆژوویی "١٩٨٨" بە پێی ڕووداوێکی ڕاستەقینە و گۆڕانەوەیە لە کارەساتی دڵتەزێنی بۆردوومانی کیمیابارانی هەڵەبجە لە گرمەی شەڕیی نێوان عێراق و ئێران. حەماسەی خەمباری "ئەسپ" Horse سەبارەت بە هەوڵەکانی قارەمانێکە بۆ گەڕانەوە بۆ ماڵەکەی خۆی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی سەدام حوسێن و دۆامای "مێسی بەغداد" Baghdad Messi سەبارەت بە کۆمکی تەمەن دە ساڵانە کە قاچیکی تووشی زیان بووە، و باسی ئەزموونی تامەجرۆیی نەکووژانەوەی ئەو بۆ یاریی تۆپی پێی لە عێراقی دوای شەڕدا دەخاتەڕوو. هەروەها "مەهسا پێکەنی" Mahsa Laughed سەبارەت بە کچ بە ناونیشانی ڕگایەک بۆ ڕزگاربوون لە گرفتە کۆمەڵایەتیی و ئایینییەکانە و "ڕۆژ باش" Good Day چیرۆکی هەوڵ و تێکۆشانی ئەکتەرانی شانۆی

کوردستان بۆ دیسانەوە پێشکەش کردنی شانۆیەک دەگەڕێتەوە کە ٢٥ ساڵ پێش، ڕۆگریان لە نمایش کردنی گرتبوو، لە ڕیزبەندیی ئەم بەرنامانەن کە لە ماوەی ٥ ڕۆژی فێستیڤاڵدا بۆ لایەنگرانی سینەما پەخش دەکرێن.

لە بەشێکی دیکەی ئەم ڕاگەیەندراوە ڕۆژنامەوانییەدا هاتووە: بەشی پێشبڕکێی "بەگەفیلمە بینەرەکان"، ئەو فیلمانە لە خۆدەگرێت کە دیمەنی بواری جەراوجەرەکانی ژیانی کوردەکان نیشانی بینەر دەدەن. بە تایبەت، لەوانە؛ "کچانی خۆر" Daughters of the Sun کە چیرۆکەکەی سەبارەت بە هەوڵی ژنان و کچانی ئیزەدییە بۆ بووژانەوەی ژیانی خۆیان کە لە لایەن داعشەوە بە دیل گیرابوون. فیلمی "کوشتن و بڕین لە سەحرا" Desert Massacre سەبارەت بە هەرشی ڕۆمی بەعسە بۆ سەر گوندی دووکان و فیلمی "بۆ عەدالەت" For Justice باسی هەوڵەکانی ڕۆژانەی دایکێکە بۆ ئازادی کوڕەکەی خۆی کە لە گرتووخانە دەست بەسەر کراوە.

بۆجگە لەمانە، ئەم پێشبڕکێیە چەندین بەرهەمی دیکەش لە خۆدەگرێت، لەوانە؛ فیلمی "هیواکان لە دار" Hopes from the Tree پاڵەوانەکەی بۆ ئەو کەسانەی کە دەست و پێیان لە دەست داوە، پێتزیان لە دار بۆ ساز دەکات. "هۆنیاوانانی چیا پیرۆزەکان" Minstrels of the Sacred Mountains باسی چیرۆکی سەفەری ژەنیارێکە لە ڕۆگای مۆزوو و ئەفسانەکانی ئامۆری عیرفانی و باستانی تەنبوورەوە. ژیاننامەی "مستەفا پاشای یاموکی، خەباتکاری عەدالەت" Mustafa Pasha Yamulki the Fighter for Justice سەبارەت بە ژیانی ئەفسەرێکی پلەداری کوردە کە لە ساڵانی ١٩٢٠-١٩١٩ دەبێتە سەرۆکی دادگای عوسمانی لە تورکیا. "پێتڕەی پەنابەرێک" Portrait of a Refugee سەبارەت بە چالاکێکی مەدەنی ــ سیاسی کوردە کە بۆ ئازادی نیشتمانەکەی خۆی، ناچار دەبێت فیداکاریی زۆر بکات و فیلمی "ووباری خەمبار" Sorrowful River سەبارەت بە گرانیبڕێکی ناوداری کوردستانە کە بۆ ڕزگاریی نیشتمان، بە هونەرەکەی خۆی ساڵانێکی زۆرە کە خەباتی کردووە.

لە بەشی کۆتایی ئەم ڕاگەیەندراوە ڕۆژنامەوانییەدا هاتووە: بەشی پێشبڕکێی "کورتە فیلمە چیرۆکییەکان"، لەوانە؛ ١٤ فیلم لە وڵاتانی ئێران، تورکیا، عێراق، سووریا، کەندەدا و هەرێمی کوردستان کە ئەم بەرهەمانە دۆاماکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەروەها ئەو فیلمانەن کە مەسەلەکانی تۆندوتیژیی، لەسێدارەدان و تۆاژیدیا لە ڕۆگای هونەرەوە نیشانی بینەر دەدەن. بەشی پێشبڕکێی "بەگەفیلمە

کورتەکان"، لەوانە؛ ٩ پێژە لە وڵاتانی عێراق، تورکیا، ئێران، فەرەنسا و هەرێمی کوردستانە کە زیاتر بەشی ئەم بەگەفیلم کورت و بینداندە سەبارەت بە گرفتەکانی ژنان و تووندوتیژیی دژیی ئەوان و هەروەها ئەو بەرهەمانەیە کە بابەتە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتووری کوردستان لە خۆدەگرێت.

ناوی ئەو بەرهەمانەی کە چوونەتە قۆناغی کۆتایی بەشی پێشبڕکێی "فیلمە بینەرەکان" و هەروەها بەشی پێشبڕکێی "کورتە فیلمەکان" لە چوارەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی "مۆسکۆ" بریتین لە:

بەشی پێشبڕکێی "فیلمە بینەر چیرۆکییەکان":
١- "مووسڵ، ماڵی منە" Mosul, My Home لە دەرهێنانی "عەدالەت گەرمیانی" لە هەرێمی کوردستان
٢- "غەریبانە لەم خۆشبەختییە دەوانم" Transient Happiness لە دەرهێنانی "سینا محەمەد" لە هەرێمی کوردستان
٣- "١٩٨٨" لە دەرهێنانی "هەژوان زەندی" لە هەرێمی کوردستان
٤- "ڕۆژ باش" Good Day لە دەرهێنانی "ئۆزکان کۆچەک" Ozkan Kuchuk لە تورکیا
٥- "ئەسپ" Horse لە دەرهێنانی "مەهدی ئەحمەدی" لە کوردستان
٦- "مەهسا پێکەنی" Mahsa Laughed لە دەرهێنانی "مەهران شیری" لە کوردستانی ئێران
٧- "مێسی بەغداد" Baghdad Messi لە دەرهێنانی "سەهیم عومەر خەلیفە" لە وڵاتانی عێراق و بەلژیکا

بەشی پێشبڕکێی "بەگەفیلمە بینەرەکان":
١- "هیواکان لە دار" Hopes from the Tree لە دەرهێنانی "حەیدەر دەمیرتاش" لە عێراق
٢- "مستەفا پاشای یامۆکی، خەباتکاری عەدالەت" Mustafa Pasha Yamulki the Fighter for Justice لە دەرهێنانی هاوبەشی "هەرێن غەریب" و "هەردی قادر ئیبراهیم" لە هەرێمی کوردستان
٣- "کچانی خۆر" Daughters of the Sun لە دەرهێنانی "ڕێبەر دۆسکی" Reber Doski لە وڵاتی هێندا
٤- "پۆترەی پەنابەرێک" Portrait of a Refugee لە دەرهێنانی "پێژمان موکاری" لە وڵاتی دانیمارک
٥- "بۆ عەدالەت" For Justice لە دەرهێنانی "ئێلیف ئێگیت" Elif Igit لە تورکیا
٦- "ووباری خەمبار" Sorrowful River لە دەرهێنانی "زانا نەوزاد مەحموود" لە هەرێمی کوردستان

٧- "هۆنیاوانانی چیا پیرۆزەکان" Minstrels of the Sacred Mountains لە دەرهێنانی "فەرید ئێلهامی" لە ئێران
٨- "کوشتن و بڕین لە سەحرا" Desert Massacre لە دەرهێنانی "نەبەز ئەحمەد" لە هەرێمی کوردستان

بەشی پشبڕکێی "بەگەفیلمە کورتەکان":
١- "حەبیبوڵڵا" Habibullah لە دەرهێنانی "عەدنان زەندی" لە کوردستانی ئێران
٢- "لیلی لی" Lili Li لە دەرهێنانی "مەحموود چکموکی ئەحمەد" لە وڵاتی فەرەنسا
٣- "نیشتمانی ژنانی نێژراو" Land of Buried Women لە دەرهێنانی "ئاکەوت حەمە تۆفیق" لە هەرێمی کوردستان
٤- "دارتاش" The Carpenter لە دەرهێنانی "خەلیل سەحراگەرد" لە ئێران
٥- "ئافرەت" Afrat لە دەرهێنانی "میکائیل ڕەحمانی" لە کوردستانی ئێران
٦- "ئەوان لەسەر زەوین …" Those on Earth… لە دەرهێنانی "هاروون یێل"Harun Yel لە تورکیا
٧- "شنەبای کوێستان" Mountain Breeze لە دەرهێنانی "محەمەد فەرەجزادە" لە کوردستانی ئێران
٨- "ژنان لە کوێرەدێیەکان" Women from Nowhere لە دەرهێنانی "بێیند عەلی عەزیز" لە عێراق
٩- "ئەستێرەی سەر زەوی" Star on the Border لە دەرهێنانی "بێریڤان سارخان" لە باکووری کوردستان

بەشی پشبڕکێی "کورتە فیلمە چیرۆکییەکان":
١- "ڕزگاربوون" Liberation لە دەرهێنانی هاوبەشی "میلاد مەجیدئابادی" و "پێدام هەمایوونیژاد" لە ئێران
٢- "تاپۆ" Tapo لە دەرهێنانی "محەمەد دەروێشی" لە ئێران
٣- "کۆچ" Migration لە دەرهێنانی "سەرکەوت نیکدێ" لە کوردستانی ئێران
٤- "سێو" Apple لە دەرهێنانی "مەهمەت ئاکرکی"Mehmet Akaruk لە تورکیا
٥- "دەنگهەڵات" Sound Rise لە دەرهێنانی "فریا یێنسی" لە هەرێمی کوردستان
٦- "سورا" Sura لە دەرهێنانی "ئەوینار مەولایی" لە کوردستانی ئێران

٧- "تریوت" Trivet لە دەرهێنانی هاوبەشی "عەبدولڕەحیم کارابولت"Abdurrahim Karabulut و "مەحسوون سەلائیر" Mahsun Selayir لە تورکیا
٨- "شوان" The Shepherd لە دەرهێنانی "سەرحەت نەریمان" لە هەرێمی کوردستان
٩- "خەون" The Dream لە دەرهێنانی "سامان حوسێنپوور" لە کوردستانی ئێران
١٠- "سێبەر" Shadow لە دەرهێنانی هاوبەشی "محەدین مامێ ئەرسلان" و "مەحموود خەلیل چەکمەکی" لە ڕۆژئاوای کوردستان
١١- "سال" Sal لە دەرهێنانی "سیروان تەخت فیرووزە" لە وڵاتی کەنەدا
١٢- "ژان" Agony لە دەرهێنانی هاوبەشی "بورهان ئەحمەدی" و "لەیلا باغپیرا" لە کوردستانی ئێران
١٣- "سەما بێ ئازادی" Dance for Freedom لە دەرهێنانی "سالم سەهواتی" لە کوردستانی ئێران
١٤- "وتەی کۆتایی" The Last Word لە دەرهێنانی "محەمەد کەمیل مەحموود" لە هەرێمی کوردستان.

چوارەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی "مۆسکۆ" MKFF بە سەرکایەتی مامۆستا "کەرەم گەردەن زەری" Kerem Gerdenzeri ئاوازدانەر و گەرانبێژی ناوداری کوردیی دانیشتووی وڵاتی ڕووسیا، بە بەرپرسیاریی خاتوو "گولیزەر گەردەن زەری" Gulizer Gerdenzeri – "ئینا تەدزۆقا" Inna Tedzhoeva، بە مەبەستی ڕێنگدانەوەی فەرهەنگ، مۆزوو و پاراستنی شوناسی نەتەوەیی و زمانەوانی کوردەکان و هەروەها ژیانی مەدەنی ئەم نەتەوە ڕەسەنە، بە نمایشی کۆمەڵێک بەرهەم لە بەشی پشبڕکێی فیلمە بینراوە سینەماییەکان، بەشی پشبڕکێی بەڵگەفیلم، بەشی پشبڕکێی کورتە فیلم، بەشی "شەویی سینەمای کوردی"، بەشی "نمایشی باشترین فیلمەکانی ڕووسیا" و پشانگای کەلتووریی و هونەریی لە ڕۆژانی ١٨ تا ٢٢ی ئەیلوولی (سیپتەمبەری) ٢٠٢٤ لە شاری مۆسکۆ لە وڵاتی فیدراسیۆنی ڕووسیا بەڕێوەدەچێت.

بۆ زانیاری زیاتر:
www.moscowkff.ru

https://disk.yandex.ru/d/dc30PDNGSWlkTA
بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی گشتیی چوارەمین فێستیڤاڵی فیلمی کوردی "مۆسکۆ".

ژیان و بیری نیچە لە زاری خەیوەن.. دڵشاد کاوانی

(من چارنووسی خەم دەزانم. ناوەکەم ڕۆژێک بە کەمەک یادەوەری شکۆدارەوە دەبەسترێتەوە – تەزێک کە پێشتر لەسەر زەوی نەبینراوە، ململانێیەکی قووڵی ویژدان سەریهەڵدا بە ئەوەی کە داوا لە خەڵک دەکرا باوەڕیان پێ بکرێت، لە گوهەرەوە تا ڕۆحی پیرۆز. لە هەر شوێنێک فانتازیا ببینیت، من مرۆڤایەتی دەبینم، بەڵاستی سەرووی مرۆڤایەتی دەبینم!)

ئەم قسەی فەیلەسووفی یاخیبووی ئەڵمانی فریدریش نیچەیە. ئەو باوەڕی باسی لەوە دەکرد، ئەو باوەڕە بوو کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا ئەوروپای گرتەوە. نیچە یەکەم فەیلەسووف بوو درکی بەوە کرد کە بە باوەڕبوون بە خودا، جیهانێکی تەواو نوێ لە جیهانی مرۆڤدا لەدایک دەبێت و ئەم جیهانە نوێیەش جیهانێکی ئازادی ڕەهایە: کە تێیدا مرۆڤ بە تەنیا تاکە پەوەرێکە بە هەموو گەردوون.

نیچە وەک کارل ماڕکس و ئانیشتاین و سگمەند فرۆید یەکێکە لەو بیرمەندانەی کە لە سەدەی بیستەمدا کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤکان هەبووە. لەژێر کاریگەری نیچەدا حەقیقەتی ڕەها و بنەما ئەخلاقییە ڕەهاکان لەبەریەک هەڵوەشاندەوە و مرۆڤکان بە ئاسانی نەیاندەتوانی ڕاست لە هەڵە، هەڵە لە ڕاست، هەڵبژێرن.

(خودا مردووە. خودا جارێکی تر زیندووناببێتەوە، چونکە ئەمە کوشتمان. ئەمە بکوژانی خودا چۆن دڵنەوایی خەمان بدەینەوە؟ ئەو خودایە بە سنوور میهرەبان و بەهێزە کە لە گەردووندا بوونی هەبووە، لە ژێر چەقۆی ئەمە خوێنی لێدەهات تا مردن. کە خوێنی دەستمان دەسڕێتەوە؟)

ئەو ڕاستییە کە پێشتر هیچ ڕاستییەکی ڕەها نەدەزراوەتەوە، ڕەنگە بە زانایانی سەدەی بیستەم ئەمە پەژیوانکەری عەقڵانی بێت، بەڵام نیچە پێشەنگی ئەم بیرکەیبوو. (ئێستا ڕانەهاتووین و بیر نەکەینەوە کە کردەوەکانمان و چارنووسمان بە ویستی خودا دیاری دەکرێت. ئەمە چارنووسی خەمان دروست دەکەین، هیچ شتێک پێشوەختە دیاری نەکراوە، بە پشتبەستن بە هەوە و بیارە ئازادەکانی خەمان بوونی خەمان دەردەبڕین بەبێ ئەوەی لە ژێر کاریگەری هەزە

دڕەکییەکان بین – ئەمانەن کە پەیمان وایە عەقڵانیترین شتن لە سەردەمی مەدەرن).
هەرچەندە بیرکەکانی نیچە خێکی بە شکەندی بانگ دەکرد، بەڵام ئەو ئازادییەی کە نیچە بە خێکی هێنابوو، جۆرێک لە بارگرانی بوو، چونکە نیچە زۆر باش دەیزانی کە لەگەڵ مردنی خودادا ئەو شتانەی کە بە تەواوەتی بە ڕاست و پیرۆز لە لای مرۆڤکانەوە دادەنرا. بە پێکردنەوەی ئەم بڕشایە، نیچە دەبوو کارێک بکات کە پێشتر کەس نەیکردبوو و بەیە نیچە باجێکی زۆری بە دا. نیچە دەیویست ئەخلاقی جیهانێکی بە خودا بنیات بنێت، بەیە ئەرکێکی بە خەی دانا کە کەسی تر نەیتوانی جێبەجێی بکات. کەواتە وەهمە دەمارگیرکانی نیچە بوون بە حەتمییەتی تەواو.
هەوڵە فەلسەفییە گەورە و مێبەستدارکانی نیچە لە تەمەنی ٤٤ ساڵیدا بە شێتی کۆتایی هات. ئەم بڕپرسیارێتییە گەورەیە وەک بیرمەندێک لە کۆتاییدا نیچەی وەک مرۆڤێک لێناوبرد. ئایا لە گێشتکۆیدا بە جیهانی نهێنی، ئایا ئەو ڕاستییە کۆتاییەی دەزیوە کە مرۆڤ دەکاتە مرۆڤ؟
"لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٨٤٤ لە شاری ساکسنیا لەدایک بووم و پێرستنی پیرۆزم وەرگرتووە." باوکم، فریدریش ویلهێلم، پیاوانی ئایینی ئەم شارچکەیە بوو، نموونەیەکی تەواو بوو بە پیاوێکی لادێیی. بە سروشتی خەی بەهرەمەند و زیندوو و میهرەبان بوو و خەی بە هەموو فەزیلەتە جوانەکانی ئایینی مەسیحی بەخشی. "ژیانەکەی پاک و سادە بوو، بەڵام پڕ بوو لە خەشی."
لە کاتی پێرستنی نیچەدا باوکی لە بەردەم بەرەکەی پرسی: "ئات چییە لەسەر ئەم کوڕە؟" ئەویش لە نیچەی پرسی گەورە ببیت بە ئەوەی کەسێکی باش بیت، یان گەورە ببیت بە ئەوەی کەسێکی خراپ بیت. پاشان درێژە بە باسکردنی هەموو ئەو شتانە دەدات کە منداڵانی بچووک دەتوانن هەوبەووییان ببنەوە، لەوانەش گوناه و وەسوەسە و لەم کارەدا هەڵی نەوان چاکە و خراپە لە دڵی نیچەی گەنجدا دەکەشت.
دوای چەندین ساڵ، نیچە کتێبی "لە دەرەوەی چاکە و خراپە"ی نووسی و بە درێژایی ژیانی فەلسەفی خەی هەوڵیدا ئەم سنوورە هەوون و هەڵهایەی نەوان چاکە و خراپە کاڵ بکاتەوە و چاکە و خراپە بەیەکەوە ببەستێتەوە و ئەو دووانە وابەستەی هەریەکەیان بکات.
هەنگە نیچە بەختەوەرترین بڕشی تەمەنی لە هەموو ژیانی سەردەمی منداڵیی بووبێت، هەرچەندە خوشکەکەی دوو ساڵ دوای ئەو دا لەدایک بووە، دوای ساڵێکیتر برایەکی بچووکتر لەدایک بووە. بەڵام کارەساتێک لە ساڵی ١٨٤٧ هەویدا کاتێک باوکی نیچە تووشی نەخشی ئیفلیجی مێشکی چارەسەرنەکراو بوو. باوکی لە ساڵی ١٨٤٩ کەچی دوایی

کرد، برا بچووکەکەی دوای ساڵێک کەچی دوایی کرد. نیچە هەمیشە وەک پاڵپشتێکی ڕۆحی چاوی لە باوکی دەکرد و ڕۆژی لە دەگرت. لەو کاتەدا نیچە ناچار بوو بە ماوەی ساڵێکی تەواو سەیری نەخۆشی باوکی بکات. نیچە نەیتوانی بەسەریدا زاڵ بێت کە بەچی ئەو خودایەی باوکی متمانەی پێ دەکرد و باوەڕی پێ دەکرد و خزمەتی دەکرد، بەو ئازارەی بەرگێ نەگیراو سزای داوە. ئەمە ئەو فاکتەرە یەکلاکەرەوەیە بوو کە بووە هۆی ئەوەی نیچە سەرتا گومانکانی لەبارەی ئایینی مەسیحییەوە دروست بکات.
کاتێک نیچە تەمەنی تەنها پێنج ساڵ بوو کاتێک باوک و براکەی لەدەستدا، لەگەڵ دایکی و خوشکەکەیدا ڕوویان لە شارچکەی نۆمگ کرد، لەوێ بە خوێندن دەچێتە بەشناوخەیی شولففەر لە دووریی 5 میل.
ئاماژەی بەوەشکردووە: کاتێک کاتی ئەوە هات کە بچمە مانگی نۆمبەر، کەسایەتیم دەستی بە دەرکەوتن کرد. من وەک منداڵێکانی تر بەخەم و دەخەش نەبووم چونکە لە منداڵیدا خەم و پەژارەی زەرم بەسەر بردبوو. هاوڕێکانم گاڵتەیان بە دەخی گرژ و ڕەش و ڕووتم دەکرد. هەر لە بچووکییەوە هەمیشە حەزم دەکرد تەنیا بم، کاتێکیش تەنیا دەبم، دوور لە سەرقاڵکردن و کاتێک لە دەرەوەی خەمم، هەست بە گەورەیی دەکەم".
نیچە وەک "خوێندکارێکی ماندوو، دیسپلین لە کار و ڕەفتارکانیدا، و بە چوستی و تینوێتییەوە فەرمانە ئایینییەکانی خوێندووە". لە ژیانی دواتردا نیچە خۆی بە "دژە مەسیحی" ڕاگەیاند، بەڵام ئیتر وا نەبوو. دوای تەواوکردنی ئەم قوتابخانەیە، شوێنپێی باوکی کەوت و چووە زانکۆی بۆن بۆ خوێندنی ئیلاهیات. بەڵام لە یەکشەممەی جەژنی ئیستەر لە ساڵی ١٨٦٥دا، ڕێتیکردەوە لەگەڵ خەزانەکەی بەشداری لە مەراسیمی پیرەزی کڵێسای ناوخەیی نۆمبەرگدا بکات. لە کاتایی ئەو ساڵەدا بە تەواوی وازی لە پیشەی ئایینی هێنا و دەستی کرد بە خوێندنی زمانەوانی و ئەدەب بە ئامانجی بوون بە زانای کلاسیکی. لە نامەیەکدا بە ئەلیزابەسی خوشکی، هۆکارەکانی لادانە کە دەنووسێت.

- ئەلیزابەسی خوشکی ئازیزم، تاکە مەبەستم لە نووسینی ئەم نامەیەدا ئەوەیە کە بەچوونی خەمتان پێ بەم لە بەرامبەر باوترین بۆگەکانی ئیمانداران. هەر باوەڕێکی ڕاستەقینە بە تەواوەتی بە هۆیە، چونکە باوەڕ لە خۆیدا گوزارشت لەوە دەکات کە باوەڕدار هیوای دڵنیاوەی هەیە، بەڵام باوەڕ هیچ ڕاستییەکی بابەتییمان بە دابین ناکات.

لەرەدایە کە ئەگەی مرۆڤ دەست بە دابەشبوون دەکات: ئەگەر بەدوای ئارامی و بەختەوەری دەتدا بگەڕیت، ئەوا باوەڕ بکە؛ ئەگەر دەتەوێت بتکی حەقیقەت بیت، ئەوا بەدوایدا بگەڕە.
دوای ٢٠ ساڵ لە دەستبەرداربوونی نیچە لە باوەڕکەی، بەرهەمی "دژی مەسیحییەت"ی نووسی. زەرجار بەرهەمکانی بەم شێوەیە دەنووسی "لە سەر بەردی گەڕی خودا نووسیوم". بەهەزترین هەرشی نیچە بۆ سەر ئایینی سروشتی دابەشکەر لە تەنزەکی شتەکدا هات، کە لە ساڵانی کۆتایی ژیانی نیچەدا نووسراوە، کە بە قسە سەرسوڕهێنەرەکەی "خودا مردووە" بەناوبانگە.
لە ساڵی ١٨٦٩ واتە ١٠ ساڵ دوای بەناوکردنەوەی کتێبی (دەرویین لە سەرچاوەی جەرگان)، نیچە بانگهێشت کرا بۆ پێستی پرۆفیسەری زمان و ئەدەب لە زانکۆی بازل. تا ئەم خاڵە بەڕاستی خۆی لە سنووردارکردنی ئایینی مەسیحی ڕزگار کردبوو، بەڵام نەیدەتوانی شتەکی دیکە جگەی مەسیحیەت نەگرتەوە. نیچە پێی وابوو کە ئازارەکانی مرۆڤ تا ڕادەیەک قوواڵن و ئەگەر سزای پیرەزی خودایی نەبێت، ناتوانرێت ئازارەکانی مرۆڤ ڕوون بکرێتەوە. نیچە بە ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانی بدەزێتەوە، ڕووی لە فەلسەفە کرد، بەڵێ لەگەڵ فەرکارییەکانی فیلۆسووفی بەدینی ئەڵمانی ئارسەر شۆپنهاوەردا ئاشنا بوو، هەر لەم فەرکردنەدا بوو کە نیچە وا دیار بوو تەگەیشتووە کە چۆن گەردوون بەبێ خودا دەتوانێت بوونی هەبێت و دەنەوایی و هیوای بە بچوونکەی دەزیەوە.
دوای ئەوەی نیچە بەی دەرکەوت کە چیتر ناتوانێت باوەڕ بە خودای مەسیحییەت بکات، ئاسایی بوو فەلسەفەی شۆپنهاوەر سەرنجی ڕابکێشێت. لە ناوەڕۆکی فەلسەفەی شۆپنهاوەردا جەرگ لە ڕەشبینی و خەمۆکی و ئینکاری و بیرکەی دونیای نەرێنی بەی دەرکەوتووە کە زەرینەی ڕەهای ژیانی مرۆڤکان زەر بەختەوەر نییە، ژیانیش زەر دەتەنگە. بە بڕوای نیچە، لە ڕەگەی هەندێک ڕەگەوە دەمانتوانی ئەم ڕاستییە لە خەماندا بەدی بهێنین: "باشترە بە هیچ شتوێک لەدایک نەبین و ئەگەر نا، با زووتر بمرین".
بە تەواوینی شۆپنهاوەر، تاکە ڕەگە بە ڕزگارکردنی خەمان لە نەهامەتیەکانی ژیانی مرۆڤ، تەنانەت بە ماوەیەکی کورتیش بێت، لە ڕەگەی هونەرەوەیە، بە تایبەتی مەسیقا. مرۆڤ لەکاتێکدا گوێ لە مەسیقا دەگرێت و بە دە و گیان دەچێتە ناویەوە، دەتوانێت بە ماوەیەکی کاتی دەستبەرداری

ئارەزووەکانی بەت و خەی تێپەڕنەت. لە هەمان کاتدا نیچە پەی وابوو هیچ شتەک ناتوانەت هاوتای مەسیقای مەسیقاژەنی بەناوبانگی ڕیچارد ڤاگنەر بەت لە دەربڕینی بیرەکەکانی شێنهاوەر لە خەیدا. بەم شێوەیە نیچە بوو بە هەوادارەکی سەرسەختی ڤاگنەر و جارجارە سەردانی ڤاگنەری دەکرد.
لە هونەری نووسیندا نیچە ئۆگەری زیندووکردنەوەی ئەدەبیاتی ئۆروپی لەسەر بنەمای کارەساتی کلاسیکی یەنانی دەبینی. کتێبی "لەدایکبوونی کارەسات"ی نیچە، زەر ئیلهامەکی زەری لە ڤاگنەر وەرگرتووە، و پێیوابووە کە مەسیقای ڤاگنەر نوێنەرایەتی جیهانەکی پێش مەسیحی دەکات کە لەلایەن دیونیسۆسەوە هەما دەکرەت کە یەکەکە لە خوداوەندەکانی شەرابی یەنانی. کولتوری دیئۆنیست پێ بوو لە زیندوویی، مەسیقا گۆشەی کرد و نیچە زەرجار لەگەڵ سەمادا تێکەڵی دەکرد. هەروەها دیئایۆنیزم پێویست بوو بە سەرخۆشی و خۆبەزلزانین و زیادەڕەوی و ئاهەنگگێڕانەوە و بەڕەزی بە ئازار و خەم و کارەسات نەدەکرد.
وەک چۆن نەخۆشی جەستەیی بە ئازار لە جەستەی خەیدا لاوازی دەکرد، نیچە بەدوای چارەسەرەکی فەلسەفیدا دەگەڕا بە ئازاری بوون. نیچە هەر لە تەمەنەکی بچووکەوە نەخۆش بوو و تا تەمەنی ٣٠ ساڵی بە نەخۆشیەکی بەردەوام و بەتواوی ئەخەی دەگرەت.
ئاماژەی بەوشکردووە و دەڵەت "هەر ٢-٣ هەفتە جارەک، تا ٣٨ کاتژمێر لەسەر جێگاکەم پاڵدەکەوم – ئەوە ئۆشکەنجەی ئاستەقینەیە! ئێنگە باشتر بم، بەڵام ئەم زستانە خراپترین زستان بووە. بەردەوام ئێژ لە دوای ئێژ بیرم لەوە دەکردەوە کە شتەک بە ناوی خۆشی لە ژیاندا نەماوە. من تووشی شەک بووم کە ژیان چەندە قورسە".
نیچە نووسیوێتی نەخۆش، بەڵام نەیگوتووە نەخۆشیەکەی چییە. ئەو هەندە ورد نیشانەکانی نەخۆشیەکەی وەسف کرد کە خوێنەری سادە و ساکارەکان نەیاندەزانی کە نیچە بەڕاستی باسی چی دەکات. لە ساڵی ١٨٧٨ لە کاتی کردنەوەی شانەی ڤاگنەر لە بایرەت، نیچە دوای ئەکتی یەک شانەی بەجێهێشت، چونکە لەناکاو بە هەی نەخۆشیەکەی کە کەس نەیدەزانی چییەتی نیچە کەوتە خوارەوە. کاتە مەسیقای ڤاگنەر دەستی کرد بە وەرگرتنی تەنکەی ناسیونالیستی، پێیوەندی نیچە لەگەڵ ڤاگنەر ساردبوونەوە بەخەوە دەبینەت. لە شانەکەدا، نیچە دیسانەوە لە مەسیقای ڤاگنەر بەزار بووەوە و ئەم جارە بەزاریەە

کاریگەری لەسەر دەروونی گرت و دواتر کاردەکاتە سەر جەستەی: هەستی بە سکچوون دەکرد، شانەوە، ناتوانێت دابنیشێت و شانەکە بەجێ دەهێڵێت. ڤاگنەری هاوڕێشی نەیتوانی لەم شتە لەی خۆش بێت. هەیشتنی نیچە لە شانۆگەدا کەتایی بە پەیوەندی نێوان ئۆو دووانە هێنا.

تەندروستی نیچە خەریک بوو شکستی دەخوارد، چیتر نەیدەتوانی لە هەگەی بیرەکە فەلسەفییەکانییەوە مامەڵە لەگەڵ ژیان و کێشەکانیدا بکات و چارەسەری شێنهاوەر و ڤاگنەر بە ڕزگاربوونێکی کاتی لە ئازار لە هەگەی مەسیقاوە ئیدی کاری لە نیچە نەدەکرد.

- لە نزمترین خاڵی ژیانمدا، هەر لەم خاڵەدا، خەمم لە خەمێکی دەرهێنا. غەریزەی بایەلۆژی زگماکیم بە خۆپاراستن، لە فەلسەفەی نائومێدی و هەژاریی سنووردار کرد. وا دیار بوو ژیانی خەم لە نەخشی درۆژخایەن بێو هەژاری و نائومێدییە تێدەپەڕنم.

ژیانێکی نوێم دەزیوە، خودێکی نوێم دەزیوە. ئیرادەی خەم لەسەر تەندروستی و ژیان دادەنێم؛ ڕووم کردە فەلسەفەیەکی لێو جۆرە – ئیرادەی دەسەڵات".

بە بۆای نیچە گەورەترین زیانی ئایینی مەسیحی دەرکردنی جەستەی مرۆڤ بوو لە کولتوور. لە ڕوانگەی ئۆوەوە وا دیار بوو تەواوی فەلسەفەی جادووگەری لە جەستەی مرۆڤ بە هەڵە تێگەیشتبوو، کە سروشتی فیزیکیمان و سروشتی ڕەحیمان لە کەتاییدا پەیوەستە بەوە کە چۆن بیرمان لە دەکردەوە. هەنگە لەم خاڵەدا چەمکی ("ئیرادە بە دەسەڵات") ڕوون بکرێتەوە. بەچوونەکانی ڕاستەوخۆ تیۆری دەروونی فرۆیدیان لە قاڵب دا.

فەلسەفەی نوێی نیچە بووە هەی ئۆوەی کە کارەکەی بە "مرۆڤایەتی، سەرووی مرۆڤایەتی – کتێبێک بە ڕەحی ئازاد" ناسراوە. کتێبەکە لە لادەکانی شاخی سویسرا نووسراوە، بەرهەمێکی فەلسەفی و هەروەها دەروونناسی بووە. ئۆە یەکەم لێدوانی گەورەی نیچە بوو سەبارەت بە بیرکەی تاکایەتی، داوای لە مرۆڤکان دەکرد سەربەخۆ بیر لە خۆیان بکەنەوە. ئەم کارەی لە ماوەی پیاسە کورتە پشوودانەکانیدا تەواو کردووە، بەم جۆرە بەردەوام بووە تا لە کەتایی ژیانیدا بەدەست دەمارگیرییەوە کەوتووە.

"بەم شێوەیە بە درۆژایی هەگەی حیکمەت، بە هەنگاوێکی دڵگرەوە و ئیمانێکی دەسزانەوە بەرەو پێشەوە ڕەیشتم."

بە هەموو شێوەیەک سەرچاوەی ئەزموونەکانی خەت بە، و واز لە کوفرە سروشتییەکانی خەت بهێنە. لە خەت خەشبە. هەزەک لە سروشتەکەتدا هەیە کە دەتوانیت هەموو ئەو شتانەی کە بەسەرتدا تێپەڕیون، هەنگاوی هەڵە، هەڵە، وەهم، وروژاندن، خەشویستی، هیواکان بخەیتە ناو ئامانجەکانی ئەستای ژیانتەوە.
نیچە خەی لە ڕەسا و بیرکەی کەنی نەریتی خەڵکی دەوروبەری ڕزگار کرد. بە ئەو "ڕەحی ئازاد" بە واتای "هەبوونی ئیرادە، توانای ئەنجامدانی، بوونی بیرکردنەوە لە شتی نوە، پرسیارکردن لە بەچوونەکانی خەی، دەزینەوەی ڕەگەی خەی بە ئازادی". دوای تەواوکردنی "مرۆڤایەتی، سەرووی مرۆڤایەتی"، نیچە خەی فەڵدایە ناو سروشتەکی فراوان. دەیزانی ئەو کتەبەی نووسیویەتی مشتومڕەکی زەری لە دەکەوتەوە، هەروەها بەهەی بیرکەکانییەوە چەندین ناسیاو و هاوڕەی لەدەست دەدات. لەڕاستیدا تەنانەت واگنا توانی کتەبەکە وەک دەرکەوتەی ناسەقامگیری دەروونی نیچە ببینێت. کەواتە، نیچە بەڕاستی تەنیا بوو. هەستی دەکرد وەک ئەوەی پاڕەوانەکی موعجیزەئامێز بێت و بەرەو لوتکە نەبینراوەکانی تاکە شاخەکان سەردەکەوێت، بە ناو خاکە نوێیەکان، هەنگاو دەنێت.
دوای ساڕەک لە بەاوبوونەوەی کتەبی مرۆڤایەتی، سەرووی مرۆڤایەتی، نیچە بەهەی نەخشییەوە دەستی لە پەستی پرۆفیسەری زانکەی بازل کێشایەوە و ڕووی لە دەی بەرزاییەکانی ئەلپەکانی سویسرا کرد و هەموو ساڕەک هاوین و زستانەک لەوێ بە ماوەی ١٠ ساڵی داهاتوو بەسەر دەبرد. نزیک بوو بچێتە فەرەنسا، یان ئیتاڵیا، چونکە دەبوو خەی لەگەڵ گەڵانی کێشوەوا بگونجێنێت بە تەندروستی خەی. لەم نەوەندەدا بە خانەنشینییەکەمکەی دەژیا. ئەو حەزی لە فەنکایی هاوین بوو، حەزی لە هەوای پاک بوو، وای دەزانی بیرکردنەوەکانی ڕوون و تیژ دەبێت. لە نەو شاخەکاندا ئەو شتەی دەزیەوە کە بەدوایدا دەگەڕا – ڕەقبوونەک کە کاریگەری هەستەکانی مرۆڤی لەسەر نەبوو. لە دیمەنی ئەو شاخانەدا ڕەحی مرۆڤ شتەکی بە بایەخ بوو.

- ئەو فەلسەفەیەی کە تا ئێستا لەی تێگەیشتم، ئەوەیە کە بە تەنیا لە نەوان سەهۆبەندان و شاخەکانی بەرزدا بژیم؛ هەر شتەکی سەیر و جێی پرسیار، یان کەوتەتە ژێر سنووردارکردنی ئەخلاقی لە بووندا، نادەزرێتەوە.

سەهۆڕەکە نزیکە و تەنیایی بەکەتایە. لە ژێر ڕووناکیدا

هەموو شتەکان ئەوەندە هەمن بوون، هەناسە ئەوەندە ئازاد بوو، مرۆڤ چەندە بیرۆکەت هەستی دەکرد لەناو خۆیدا نقووم دەبەت.
لە ساڵی ١٨٨٢ لە کاتی سەفەرکردنی لە ئیتاڵیا، نیچە تاکە کچێکی لە ژیانیدا ناسی کە شایەنی خۆشەویستی بوو. کچەکە ناوی لو سالۆمی بوو، خوێندکارێکی نایاب بوو کە تەمەنی تەنها ٢٠ ساڵ بوو. نیچە ئەم کچەی بە "ئازا وەک هەڵۆ، ئازا وەک شێر" وەسف کردووە. کچەکە لەلایەن دەروونناس پۆڵ ڕەی بە نیچە ناسێندرا و لەو ساڵەدا ئەو سێ کەسە پێکەوە وەک تیمێکی جیانەبووەوە گەشتێکی ئیتاڵیایان کرد و وەک ئەوەی ڕۆحی ئازاد بن، دەژیان. دواجار نیچە پێشنیاری هاوسەرگیری بە سالۆمی کرد، بەڵام سالۆمی نەیویست هاوسەرگیری لەگەڵ نیچە بکات، لەبەرئەوەی سالۆمی نەیدەویست هاوسەرگیری لەگەڵ کەس بکات.
دوای ماوەیەک سالۆمی و پۆڵ ڕەی بە تەنیا ون بوون و دیارنەمان، بەڵێ نیچە زانی وازی لە هەنراوە. تووڕەیی ئەو هەڵگیرسا و لە نامەیەکدا بە کەسانی دیکە، نیچە دەڵێت: ڕقم لە بڕشکانی خەم بوو. دەبەت ئەو ژیانە بچووکەی کە ماوە، یەک قووت بە یەک قووت بخەم و هەندەکجاریش لە قوڕگمدا گیر دەبەت. ئەم هاوینە ئەوەندە تووشی ئازار و ئشکەنجە بووم کە شەت بم. هەرچەندە بە هەموو توانامەوە هەوڵدەدەم خەم بگرم، بەڵام ئەگەر موعجیزەیەک ڕووندات و بتوانم چەقۆیەک بکەم بە زگە، ئەوا تەواو بووم.
بەڵام موعجیزەیەک ڕوویدا و تەزەکە بوو بە زگە و ئەم زگەش کتێبی "زەردە ئەستێر بەم شێوەیە دەڵێت" بوو. کتێبەکە دەست پێ دەکات:
کاتێک زەردە ئەستێر تەمەنی سی ساڵ بوو، زەدی خۆی و دەریاچەی زەدی خۆی بەجێهێشت و هاتە شاخ. لەوێدا ١٠ ساڵ بە ئارامی و بەدەنگی بەسەر برد. بەڵام دواجار گیانی دڵی بەسەردا هات. بڕیارێیەک کە ئاسە تازە دەستی بە درەوشاوەیی دەکرد، هەستا و لەگەڵ خۆر قسەی کرد:
ئەی ئەستێرەی گەورە! خۆشبەختی تە چی دەبوو ئەگەر ئەوانەی بەسەرتدا دەدرەوشێنەوە نەبوایە!
دە ساڵە هەموو ڕۆژێک دێیتە ئشکەوتەکەم ئەگەر من و هەڵۆ و مارەکانم نەبوایە، لە گەڕ و چراکانت بێزار دەبوویت.
بەڵام هەموو بڕیارێیەک چاوەڕێی ئەوە دەکەین کە تیشکی درەوشاوەی دەت هەڵبمژی، گەرانی دەڵێین و چۆڕ وەردەگرین.

ەش! وەک هەنگاوێنکی زەر کەدەکاتەوە، لە پاشماوەی خەم بەزارم و دەستە تینووەکان دەستم بە درژ دەکەن.
زەرە ئەستەر سە سایس کتێبکی تاکە کەس. ئەم خاڵە لە کارەکتەری زەرە ئەستەریش لە کتێبکەدا دەبینرێت. کاتک زەرە ئەستەر لە شاخە تاقانەکەیەوە دادەبەزێت بە کەکردنەوەی میر، بەی دەردەکەوێت کە خەڵکەکە گوەی لە ناگرن. ناتوانێت بینەرکی گونجاو بە خەی بدەزێتەوە و هەشتا کەسکی تێنیایە. بە واتایەکی تر مەبەست لە فیلمی So Says ی زەرە ئەستەر تایپکردنی پرسەی دەزینەوەی بینەری گونجاوی زەرە ئەستەرە، لەنەویاندا نیچە. هەروەها لە پرسەکەدا زەرە ئەستەر بەی دەردەکەوێت کە بەڵاستی ئەرکەکەی چیە.

- زەرە ئەستەر هاتە شارچکەیەکی بچووک لە لەواری دارستانەکە. خەڵکەکی زەر لە بازاڕەکەدا کەبوونەوە. چونکە کەسک گوتبووی دەروازەوانەکان نمایشک دەکەن. زەرە ئەستەر بە ەای گشتی گوت: "
هاتووم بانگەوازتان بە بکەم سەبارەت بە بوون بە پیرەز. مرۆڤ دەبێت لە خەی تێپەڕێت. ئایا ئەوە هەوەتان داوە لە مرۆڤایەتی تێپەڕن؟"
نیچە دیدگایەکی ئایدیالیزەکراوی خەی بە تێپەڕاندنی خە پێشنیار کرد، کە ناوی لێنا "مرۆڤی باڵا". بە ئەوەی ئەم "سوپەرمرۆڤە" خەی تێپەڕێنێت، پێویستی بە تێپەڕاندنی جیهانی میتافیزیکی لە دەرەوەی مرۆڤایەتی نەبوو، بەکو ئەو جەرە تێپەڕاندنە خەبەزاندنی مرۆڤایەتی بوو لە چوارچێوەی ئەگەرکانی خەیدا. بەڵاستی ئەمە چەمکەکی پارادکسیکە، بەڵام ئەوەش ئەوەیە کە نیچە بانگمان دەکات بە ئەوەی لەبەرچاو بگرین: ئەمە وەک مرۆڤ چۆن خەمان تێدەپەڕێنین؟
ئەم چەمکە لە "سوپەرمان" لە سەردەمی خەباتی نیچە بە زاڵبوون بەسەر خەدا سەریهەڵدا. بە بەوای نیچە مرۆڤایەتی ئەرکی ئەوەی لەسەر بوو کە دەخی ئەستای خەی تێپەڕێنێت. "سوپەرمان" بە واتای "سەرکەوتن" دێت و ئەوە پرسەی دەزینەوەی ەگەی کەسانی بە خودا بوو لە جیهانەکی ەها ئازاددا بەبە خودا.
لە دەی خەیدا گوتی: "من پیادەڕەو و شاخەوانم و حەزم لە دەشتەکان نییە". پەدەچێت نەتوانم بە ماوەیەکی زەر هەمن دابنیشم.
بارودخەکە هەرچیەک بێت، سەرگەردان و سەرکەوتن پێویستە.

بەرام، هەرچەندە مرۆڤ بە سەختی بگەڕێت، دوا شت کە مرۆڤ تووشی دەبێت خەیاڵی.
چانسکانم نەماون. ئێوەی بەسەرمدا دەت خەمی من نییە!
دوای "خەم" زۆر سەرگەردانی و تاقیکردنەوەی ئیمپریالیزم، گەلامێو ماڵاوە.
هەروەها دەزانم کە ئێستا لەسەر دوا لوتکەی وەستاوم، ئێو لووتکەی کە لە سەرەتای زەمانەوە بانگم کراوە. ئای دەبە سەرکەوم بەسەر سەختترین چیاگەی شاخ کە هی خەمە! ئاە، تەنیاترین سەرگەردانی کە دەستم پێکردووە!
بەرام کەسانی وەک من ناتوانن لەم جۆرە ساتانە ڕزگاریان بێت. ئەم ساتە پەی دەبەت:
ئێستا لە چیاگەی گەورەیی! لوتکە و دەڕە، باش و خراپ، ئەمانە تێکەڵ بوون".
دوای تێپەڕاندنی چاکە و خراپە، ئێو شتە بە بایەخانەی کە مرۆڤایەتی بە ماوەیەکی کاتی پێیان سەرقاڵ بووە، هێستەکانی ژیانی خۆی لە ئامانجە فەلسەفییەکانی خێدا تێکەڵ کرد. بەرام لەبەر ئێوەی لە تەنیایی چیاکەدا دەژیا، وازی لە هەموو پێوەندییە مرۆییەکان هێنا بە جیهانی خەیاڵی خۆی. فەلسەفە بوو بە تاکە دڵنەوایی بە ژیانی نائومێد و قەناعەتی قووڵ.
"عەقیدەی من ئێوەیە کە مرۆڤ تەنیا لە ناو کەسانی هاوبیر و هاو ئیرادەدا دەتوانێت گەشە بکات." من شەریکەکی وام نییە. ئەمە نەخێشی منە".
تەنانەت نیچەش بەرگەی ئێو تەنیاییە لە چادەبەدەرە نەدەگرت، بۆیە لە هاوینی ساڵی ١٨٨٨دا لە بەرزاییەکانی ئەلپ سویسرایەوە ڕووی لە شاری تۆرین لە ئیتاڵیا کرد. دوای ئێوەی مرۆڤایەتی لە ڕابردووی خۆی ڕزگار کرد، ئێستا نیچە ئەرکی دیاریکردنی داهاتووی مرۆڤایەتی پێ سپێردرا. دەستی کرد بە دامەزراندنی بەها ئەخلاقییەکان بە کۆمەڵگەیەک کە خودا تێیدا نەمابوو، ستاندارێکی ئەخلاقی نوێ کە بە تێواوی لە فەرکاریەکانی ئەخلاقی مەسیحی تێپەڕاند کە بریتین لە خۆبەدەستەوەدان و بەزەیی و گرنگیدان بە کەسانی دیکە. نیچە ئەمەی بە "بە نرخاندنەوە بە هەموو بەهاکان" ناوبرد.

- چاکە چیە؟ هەر شتێک کە هێستی دەسەڵات و دەسەڵات بەهێز بکات، واتە ئیرادەی دەسەڵات، خودی دەسەڵات؛ خراپە چیە؟ هەر شتێک کە لە لاوازییەوە لەدایک بووبێت؛ چی لە هەموو گوناهێک زیانی زیاترە؟ هاوسۆزی بە هەموو شکست و هەموو لاوازییەک، واتە مەسیحیەت. ئایینی مەسیحی ئایینی بەزەیی و

کاتێک بۆزیدار دەبین دەستەماتمان لێدەست دەدەین".
تەواوی ئەرکی نیچە داشتنی سیستەمێکی ئەخلاقی نوێ بوو. بەڵام تێگەیشت کە کاتێکی تەواو دەبێت، دەیزانی کە ڕۆژێک دێت دەمرێت، هەروەک چۆن مرۆڤە ئاسایەکانی تر. تادێت توانای ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشیەکەی زیاتر بوو. نیچە پیاوێک بوو کە لە تەمەنی گەنجیدا کەچی دوایی کرد و زۆربەی ژیانی بە مردن بەسەر برد. بۆیە نوقم بوو لە نائومێدی و خەمۆکیدا. زۆرجار مەیلی ئەوەی هەبوو کە خۆی لەگەڵ مردنی ئەو کولتوورە مەسیحییەدا تێکەڵ بکات کە باسی دەکرد و ئەو دووانە لە تەمەنێکی زۆر سەیردا کەبوونەتەوە. بەم شێوەیە لە دوایین کتێبی خۆیدا بە ناوی (سەیری پیاوەکە)دا، هەموو ژیانی داهێنرانەی خۆی وەک سیستەمێک وەبیرهێنایەوە کە هەموو بەهاکانی هەڵسەنگاندەوە. بەڵام ڕەشبینی و خەمۆکی نیچە لە ئاستیدا ڕێگر بوو لە پێکهێنانی سیستەمێکی لەو شێوەیە. لە کۆتاییدا نیچە سیستەمێکی نوێی بە لەناوبردنی کۆن دروست نەکرد.
"هەڵسەنگاندنەوە بە هەموو بەهاکان- ئەمە فەرمولێی پێداچوونەوەی کۆتایی منە بە مرۆڤایەتی.
دەبێ یەکەم مرۆڤی ئاوروس بم." ئەوە چارنووسی منە".
نیچە بە ئەرکی خۆی دەزانی کە بنەمایەکی ئەخلاقی بە سەردەمێکی بە خودایی پیرۆز دابمەزرێنێت؛ بیرۆکە و لۆژیک و گریمانەکانی مژووی خستە ژێر پرسیارەوە و ئاستی دەکرد. بەڵام کاتێک کەشکە لە شکاندنەوە بە چاککردنەوە گەیشت، ئەم ئەرکە مەحاڵ بوو. بەڵاستی بیرکردنەوەکانی بەڵاستی تیژ بوو، بەڵام بیرکردنەوە تیژەکەی دەستی پێکرد بە هێگەیەکی مەترسیداردا. نیچە مرۆڤی وەک حاڵەتێکی ئینتقالی لە نێوان ئاژەڵ و سەرووی مرۆڤدا دەبینی. ئەو پرسیارەی کە کردبووی ئەوە بوو: ئاژەڵگەرایی هێندە هێز و ڕیشەی لە سروشتەکەتدا داکوتاوە، ئەوا تا چەند دەتوانیت لە مرۆڤی باڵا نزیک بیت لەگەڵ ئەم سروشتەدا؟
نیچە لە مانگی یەکی ساڵی ١٨٨٩دا لە شەقامەکانی شاری تۆرینداعەرەبانەسازێکی بینی کە قامچی لە ئەسپێک دەدا کە بەهێی ئازار و هاوسۆزی بە ئەسپەکە کەوتە خوارەوە. نیچە تێک شکا. نیچە بە درێژایی ژیانی فەلسەفی خۆی بەرهەنگاری بۆزیی و هاوسۆزی ددانەکان بووەوە وەک لاوازی؛ بەڵام لە چەند ئاماژەیەکی کۆتاییدا بە جیهان، بۆزیی و هاوسۆزی خۆی دەربڕی کە بارودۆخی ژیانی هاوبەشی ئاژەڵان و مرۆڤەکان

چەندە بەدبەخت و ستەمکارانە. دوا کردەوەی نیچە پێش تێکچوونی دەماركانی تووشی شێت بوون هات، ئەوە ڕوون بووەوە کە ئەو پیرەزنکی سەرووی مرۆڤ نییە، بەڵکو مرۆڤکی سادە و پڕ لە لاوازی مرۆڤ.
دوای ئەوەی نیچە بەهۆش بوو، دەستبەجێ نیچە گواسترایەوە بۆ نەخۆشخانە، پاشان گواسترایەوە بۆ ئەڵمانیا، دایکی زستانی لەوێ بەسەر برد. پزیشکەکان بۆ فۆرمی نیچەیان بۆ "شێت" دەستنیشان کرد. لەو کاتەوە ئێلیزابەسی خوشکی ئاگاداری بوو. نیچە دوای ئەوەی بۆ ماوەی ١٢ ساڵی تر لە حاڵەتێکی شێتیدا ژیاوە، لە ساڵی ١٩٠٠ بەهۆی جەڵتەی مێشکەوە کۆچی دوایی کرد.
_____
سەرچاوەکان
ئیینگیلزیی.
Thus Spoke Zarathustra: A Book for Everyone and No One (Penguin Classics) Paperback – November 30, 1961
The Birth of Tragedy Paperback – January 13, 2018 by Friedrich Nietzsche (Author) out of 5 stars 121 ratings
Beyond Good and Evil Paperback Friedrich Nietzsche – November 6, 2018

ئەی فاکتەری مادی لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا!.. سابیر م

بە تێگەیشتن لە گەڵانکاری پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤ ، لەهەموو بوارەکانی ژیاندا ، پەوسیتە بگەڕێینەوە بۆ ئەو بنەما ئابوریانەی کە ژیانی مرۆڤکان و کۆمەڵگای پێوە بەستراوەتەوە. چونکە پە بەپێی گۆڕانی هەیکانی بەرهەمهێنان ، پەیوەندیە ئابووری

و کۆمەڵایەتیەکانیش گۆڕانکاریان بەسەردا دێت .
وە بەم شێوەیە شانبەشانی ئەم هەڵسوکەوتە تەواوی فاکتەرە سەرکیەکانی یاخود کارگردە لاوکی و بنەڕەتیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤکان ئاگادرن .
تەکنۆلۆژیای میتافیزیکی و ئایینیانەی لە چەشنی ئەوەی کە مرۆڤ تەنها بە (ڕوح) یان هەست و سۆز ئەژی ، تەکنۆلۆژیکی تاک لایەنەو دوورە لە بنەمای زانستی وە تەنانەت واقیعی ژیانی خودی مرۆڤکان.
چونکە ئاگەڕ گریمان ئەم تەکنۆلۆژیە ڕاست بێت ، ئەی کەواتە ئەو هەزکان وە هەیکانی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا چیە لەسەر ژیانی مرۆڤکان ؟
لەکاتێکدا کە ساویلکەترین و نەخوێندەوارترین مرۆڤی سەر ئەم زەمینە ئەوە ئەزانێت ، کە کۆمەڵگا دابەشبووە بەسەر دوو چیندا، چینێک هایلایف ئەژی وە چینەکیش تەنها لەسەر ڕەنجی شانی خەی نەبێت و ئاگەڕ کارنەکات ناتوانێ بژی .
ئەوەی شایانی باسە جار بەجار لەگەڵ پەیدابوون و گەشەی سەرمایەداری و جیهانی نیلیبەرالیزم و هەڵپەی خێرک بە کۆکەی سەرمایەو وە ڕاکردنیان بەشوێن جیهانی دیگیتالیزم و زانستی ڕەبەت ، تەواوی پەیوەندیەکانی مرۆڤ و هەست و نەستی ڕاستقینەیانی لەباربردووەو ئەیانمرێنێت ، هەروەها زیادبوونی ئەژەی نامۆبوون و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ جیهانێکی ئیفترازی (نا واقیعی) وە ڕیاکاری و وە گوێندان بە کەسایەتی وە حەیسیەتی دروستی مرۆڤانەی خەیان ، وە خەچەماندنەوەو وە تەمەڵوقیان بە ئەو کەسایەتی و هەزانەی کە بەرژەوەندیەک و دەستکەوتێکی مادیان لەوەڕئاگرن ، واتە تەواوی هەڵسوکەوت و هەڵوەست و هەست و سۆزو عاتیفەو خۆشەویستی مرۆڤکان بگوڕەی قازانج و بەرژەوەندیە مادیەکانی خەیان ، ئەباتە پشتەو هەرچی چۆنێک بێت لەگەڵ نیازەکانی خەیدا ئەیانگونجێنێت.
هەربۆیە لە لێکدانەوەیەکی زانستیانەی بلیخانەفدا لە کتێبی (ئەی فاکتەری ئابووری لە مێژوودا) ، باس لە ئەی ئەم فاکتەرە ئابووریە ئەکات لە کۆمەڵگای چینایەتیدا ، بەتایبەت لە ئەستای گەشەپێزبوونی سەرمایەدا ، باس لەوە ئەکات کە چۆن فاکتەری مادی کارکردی خەی لەسەر هەست و نەست و مەشاعیری کەسەکان داناوە.
لەوەدا بلیخانەفی بلیمەتانە بەراوردێک لە نێوان دوو دایکدا ئەکات ، لەناو ئەم کۆمەڵگای چیانیەتی و سەرمایەداریەدا ؛
سەرەتا باس لە جۆری لاواندنەوەو شین و گریان وا وەیلای بەوە ژنێکی بەتەمەن و هەژار ئەکات لە گوندێکدا ، کاتێک کە لەسەر تەرمی کوڕە تاقانەکەیدا شین و واوەیلا ئەکات ، وە چۆن وە بە چ جۆرێک شین و واوەیلاکەی بەدەم گریانەوە بە سەر تەرمی کوڕەکەیدا هەڵئەدات ، کە

بەم شێوەیە ئەلاڤتەوە گوزارش لە خەمی ژیانی خۆی ئەکات کە ئیتر چی بەسەر دێت دوای مردنی کوڕەکەی ؟

(" بەدەم گریانەوە ئەپرسێت ، کێ کە ئەتوانێت چاودێری و خزمەتی من بکات بەم بەکەسیەوە ؟!
ئیتر ئەو کاتە بە خەم هەر ئەبەم بە ژنە سواکەرەکی هەژاری بەدەرەتان و هیچیتر !
کە لە سەرمای پایزو زستاندا بە هانامەوە دێت و فریام ئەکەوێت ، وە داری سووتانم بۆ دێنێت وە وردیشیان بکات بەم ؟
وەکێ ئەچێت بە ڕاو شکارو پەیداکردنی بژێوی ژیانم و کەروەشکەکی کەوی بۆنەتەوە ؟
ئای کاسیانۆقنای داماو ، تۆواو کوڕەکەشت مرد ، وە تفەنگی کوڕەکەشت بە هەڵواسراوی مایەوە، بە خەی ژەنگ ئەیخوات ! ") (١)
بەڵام ئەگەر بڕاووردی شین و گریان و وایلای دەوڵەمەندەکان بکەین، سەیر ئەکەیت فاکتەرێ ئابووریەکان کاریگەری و ڕەنگدانەوەیان هەیە لەسەر ژیان و هەست و نەستی و خۆشەویستی وە خۆشی و ناخۆشی ئەوانیش ، بە بزانین ژنە دەوڵەمەندێک چۆن گوزارش لە ماتەمینی و ناخۆشیەکانی خەی ئەکات و لەکاتی شین و گریان واویلای مردنی منااڵەکەی چۆن ئەلاڤتەوە وە ئەڵێ
(" ئەی گیانەکەم ، ئای چەندین ئەوارەو شەوانی خۆش و دڵفڕن بەسەر بردووە لەگەڵ منااڵەکانمدا و ئەوکاتانەی کە هەموویان بەدەورمەوە لە نزیکی دایکیان لەسەر باوەش و ڕانم پاڵئەکەوتن و لەو کاتانەدا کاتی خەم بە بیرکردنەوە لەکەینەوە لەسەر زمان و ڕەزمان و مەژووو بەسەر ئەبرد ، وە هەندێکیش لە دەستەکانمان لەولاوە لە سووچی لای زەپاکەوە بەیەکەوە دەمەتەقێیان بوو !
بەداخەوە
ئەو کاتە ئەو ژیانە خۆشەم بەکەم ئەگرت !
بەڵام ئەوتا دەستی ستەمی ڕۆژگار کچەکەی لەسەندم !
ئای چ جەرگ سووتانێکە ، خوا سەبووریم بدات !
تۆنانێت خۆشیم لەهیچ شتێک نە ئەبینی ئەو ساتە وەختانەی کە ئەمبینی دڵی ناخۆش، تۆنانێت پەست و دڵگران و تووشی خەمەکی ئەبووم ، تۆنانێت خۆشیم لە هیچ شتێک نەئەبینی ئەو ساتە وەختانەی کە جەم ئەهەشت و ئەچووم بە ئاهەنگە خۆشکانی هاوپۆلەکە و سەماکردن ، لەو کاتەدا کە لەناو نیگای چاوەکانیدا خەم و پەژارەم بەدی بکردایە . " «٢٧») (٢)
ئەم بڕاورد کردنەی جۆرج بلەخانۆف بە هەست و نەستی ئەو دوو دایکە ، بە واتای ئەوە نایێت کە دەوڵەمەندەکان منااڵەکانیان خۆشتر ئەوێت

، بەڵکە بەو مانایە کە هەست و سۆزە هەرەکییان بەجۆرێک نمایش لە ژیان و گوزەرانی خۆی ئەکات و ڕەنگدانەوەی ووردەکاری بنەمای بژێوی ئەوانە ، هەروەک چۆن لە شیوەنی دایکە هەژارەکەدا ئەبینرێت کە ژیانی وەک مانەوەی بەند بووە بە کۆمەکیەوە ، بەڵام لە شیوەنی دایکە دەوڵەمەندەکەدا ئەوەمان بۆ ئەخاتەروو کە وردەکاری ژیان ئەو چەند خۆش بووە و ، مردنی کچەکەی ئەو یادەوەریە خۆشانەی وەبیرئەهێنێتەوە کە لەکاتی خۆیدا وەک سەروەختی ژیانی کچەکەیدا تیایدا ژیاوە .

هەربۆیە .
کاتێک کە هەریەکەکمان لەوە تێبگات کە سەرچاوەی بەرخورد و ڕەفتاری مرۆڤەکان لە کۆتاییدا سەرچاوە ئەگرێت ، وە لەبەر چ هۆیەک بەو شێوەیەهەڵسوکەوت و ڕەفتار ئەکات ، ئەو کاتە کەشێکی گەورەمان لە لێکدانەوەی چۆنیەتی ئەو پەیوەندیە کەمەڵایەتیانەدا نامێنێت ، وە بگرە نزیکترمان ئەکاتەوە لە بنەماکانی ژیانی مرۆڤەکان و چۆن کەمەڵگا دابەشبووە بەسەر بە دوو چینی کەمەڵایەتی ، وە هەنگاوێک نزیکترمان ئەکاتەوە لە کۆتایی هێنان بەم پەیوەندیە ساختەکاریەکانی کەمەڵگای سەرمایەداری وە خەبات و تێکۆشانی پێویست بۆ ژێروو ژوور کردنی کەمەڵایەتیە چینایەتیە و بەرژەوەندیە ئابووریانەی ئەم جیهانە ، وە بنیاتنانی (جیهانێکی نوێ وە دنیایەکی نوێ) کە هیچ بەرژەوەندیەکی چینایەتی تێدا نەبێت
. ،
لە کۆتاییدا چەند ووشەیەک لەسەر بلیخانەف بڵێم ، ئەویش ئەوەیە ؛ کە بلیخانەف ڕاستە لە کۆتاییەکانی ژیانی سیاسی خۆیدا چووە بەرەی مەنشەفیکەکان و دژ بە شۆڕشی ئۆکتۆبەر وە درێژەپێدانی وەستایەوە وە ووتی(نە ئەبوو دەستمان بدایەتە چەک)! کە بەم هەڵوەستەشی چووە ناو بەرەی (دژە شۆڕش) ، بەڵام ئەوەمان بیر نەچێتەوە کە خودی بلیخانەف دامەزرێنەرو گەشەپێدەری ڕووتی مارکسیزم بووە لە ڕوسیادا و بلیمەتێکی بەوێنەی نواندووە لە سەرخستن و زیندووڕاگرتنی بیروبۆچوونەکانی ماركس و ئەنگلز ، وە ماموستای خودی لێنینیش بووە ، وە ئەو نووسیانەی تا ئەو کاتە ساتەی کە نەچووبۆ ڕیزی بەرەی دژ بە شۆڕشەوە ، وەک هەر یەکێک لە ئوروستەکراتەکانی تری ڕووسیا ، بە گرنگترین و بەسووترین سەرچاوەکانی ماکسیزم و ماتریالیزمی دیالەکتیک و مێژوو دائەنرێن ، وە زۆر بلیمەتانە ناوەرۆکی ڕاستەقینەی بۆچوونەکانی ماركس و ئەنگلزی نێک بە ڕوسیا بگرە بە گشت پڕۆلیتاریای جیهان شیکردەتەوەو داکۆکی لێکردووە !
ئومێدەوارم هەر تێکۆشەرێکی سیاسی کە سەرقاڵی ڕووخاندنی

سەرمایەداری و تێگەیشتن لە ماتریالیزمی دیالێکتیک و میتۆدی شیکردنەوەی مارکس و ئینگلز ، تەواوی ئەو کتێبە کۆنانەی بلێخانۆف بخوێنێتەوە ، چەندێک کە بەمان بکرێت ، بەبێ ئاگادارکردنەوەی ئەم لێکدانەوانەی بلێخانۆف بەشایستەکی گەورەو پایەیەکی سەرکی مەعریفی و زانستی لەم ناوچانەدا سەبارەت بە تێگەیشتن و شیکردنەوەی باسکانی خودی مارکس و ئینگلز و تەنانەت مارکسیزم وتا ئەو کاتەش وەک بەشێفیکەک خەباتی کردووە شانبەشانی لینین ، ئەم بەشایستە بەبێ ئەم شیکارە مەعریفیانەی بلێخانۆف پێ نابەتەوە .

سابیر م.
٢٠٢٤ / ٨ / ٩
-_____

(١) لە کتێبی (ئەلبومی فاکتەری ئابووری لە مێژوودا) بلیخانۆف ، ل. ١٦٠-١٦١ ، وەرم گێڕاوەتە سەر کوردی
(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو .ل.١٦١
(٢٧» [فیکتەر هەگۆ : " التأملات " – (تێڕامانەکان) . دەقە فەرەنسیەکە .
یان ئەتوانن بگەڕێنەوە بۆ وەرگێڕانەکانی نووسینەکانی بلیخانۆف کە کردوومانە : ("هونەر و تێوانینی مادیانە بۆ مێژوو")]

کتێبێک لە بارەی بزووتنەوەی وانگۆ چاپ و بڵاوکراوەوە

کتێبێکی دیکەی سەدیق سەعید واندزی بە ناوی (وانگۆ ناوێکی زێرین لە سەردەمێکی زێیندا) چاپ و بڵاوکراوەوە. ئەم کتێبە، لە بنەڕەتدا وەڵامە بە کتێبێکی (عەبدوڵا عەباس) کە چەند مانگێك لەمەو بەربڵاوکراوەوە و تیایدا بزووتنەوەی وانگۆی بە ناوی زل و دڵی وەران ناو بردبوو. واندزی لەو وەڵامەی خۆیدا، بە شێوەیەکی بابەتیانە و مێژوویانە، وەڵامی نووسەری داوەتەوە و ووتی دەکاتەوە کە وانگۆ نێك ناوێکی زل نەبووە، بەڵکو بزووتنەوەیەکی گرنگی شیعریش بووە، کە لە سەردەمی هەڵوەتنامەی یانزەی ئازاردا،

کە قەناغێکی زێڕین و درەوشاوەی مێژووی کوردە، هاگیەندراوە . هەوانگە کە لە سەر دەستی (جەلالی میرزا کەریم، کاکە مەم بەتانی، شەرکە بەکەس، جەمال شارباژێری، حوسێن عارف) هاگیەندرا، توانی گەلانکاریەك لە سەر ئاستی فەرهەنگی و کولتووری کەمەگەی کوردی بەنێتە ئاراوە و گەو تینێك بە گەمی مەنگی هەشنبیریی و ئەدەبی کوردی بدات، کە لە دوای گەرانەوە بە خەیەوە نەیبینیبوو. ئەو فەزا سیاسییە ئازاد و کراوەیەی بە هەی ئاشتەوایی شەشەوە هاتە ئاراوە، دەرفەتی لە بەردەم هزر و کارکردنی ئازاد و نوێگەریانە هەخساند، بە ئەوەی بیر لە گەلانکاریی پێشەیی لە ئەزموونی شیعری کوردی لە دوای گەرانەوە بکەرێتەوە، بە ئەم مەبەستەش، ئەم پەنجە ئەدیبە، توانیان مانفەستی هەوانگە هابگەیەنن و بانگەشەی ئەی قەومە نەترسەکان یەکگرن بکەن. لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا، هەوانگە توانی نەوەندی ئەدەبی کوردی، بە دیالەگی هزریی و هەخنەیی دەوەمەندتر بکات، بە جەرەك کە بە درێژایی سێ ساڵ، ئەو گفتوگۆیانە بەردەوامیان لە سەر هووپەری هەژنامە و گۆڤارەکان هەبوو. سەدیق هەوانزی لە کتێبەکەیدا، کە پشتی بە پەنجا و یەك سەرچاوە بەستووە، بە وردی باس لە کاریگەریەتی هەوانگە و ئەو بزووتنەوە زێنێنە دەکات و هەوونی دەکاتەوە کە هەوانگە دەی وەران نەبووە، وەك ئەوەی عەبدوڵاعەباس لە کینەوە ڤەوە دەیەت، بە پەچەوانەوە بەکەو گەلانکی جەریش بوو، لە مێژووی ئەدەبی کوردی و شیعری کوردیدا و توانی شاعیرکی وەك شەرکە بکەس و چیەکنووسکی داهێنەری وەك حوسێن عارف دروست بکات. نووسەر لە کتێبەکەیدا، وەڵامی هەموو ئەو هەخنە و سەرنجانەی عەبدوڵاعەباسی داوەتەوە و بە بەگە دەریدەخات کە ناوبردنی هەوانگە بە دەی وەران، هیچ ئەرگەمێنتکی مێژوویی و بابەتی نییە و بەکو چونکە خەی بەشەك نەبووە لە دامەزرێنەرانی هەوانگە، ئیدی دوای پەنجا ساڵ دەیەوێت ئەو مێژووە لینگەو قوچ بکاتەوە و بە ئارەزووی خەی بینووستەوە، بە تایبەتیش کە دەزانێت بە داخەوە چوار لە دامەزرێنەرانی هەوانگە مردوون و لە ژیان نەماون، تاکو بەرگری لە خەیان بکەن . بەیە بە هیچ پاساوەك نابە بەگە بدرێت، کەسانێك دەستکاری مەژوو لە بەرژەوەندی خە بە پاڵەوانکردنی خەیان بکەن. لەو سەنگەیشەوە وەك ئەرککی ئەخلاقی و بەرپرسیاریەتییکی مێژوویی و فەرهەنگی، ئەمە بەو کتێبە وەڵامی کتێبەکەی عەبدوڵا عەباسمان داوەتەوە. شایەنی ئاماژەکردنە سەدیق سەعید هەوانزی، لە ساڵی 1972 لە شارچکەی هەوانز لە دایك بووە، دەرچووی بەشی کوردی پەیمانگای مامەبەندی مامەستایانی هەولێرەوە ئێستا لە گوندکی سنووری هەوانز، وانە بە منداڵە چاوگەشکان دەڵێتەوە و خاوەنی هەڤدە کتێبی چاپکراوەوکتێبکی دیکەشی لە بارەی

شەوی یەکدا ئامادەیە و خوا یاربێت لەو بەروارەدا باو دەبێتەوە، کە تیایدا نووسەر لەو کتێبەشدا بە بەڵگە دەیسەلمێنێت شیعری شەوی یەکدا هی نالییە و هیچ پەیوەندی بە مستەفا بەگی کوردییەوە نییە.

هەی ئاسنینی: چاودێری کۆمەڵایەتیی / پاشکۆی پەروەردە / خێزانیی پەروەردەی سلێمانی.. نەوزاد بەندی

دیستێفسکی ئێژگارێک دێت : (قەدەغەیە داناکان بیر بکەنەوە بە ئاوەی گەمژە دەسەڵاتدارەکان هەست بە سوکایەتیی نەکەن).

کاتێ منداڵکی کەمتوانات هەیە و ئەتوە مەتەسانەی چاودێریکردنی بە تازە بکەیتەوە و مامەڵەکانی بەرەوبەرایەتیی چاودێریی و لێژنەی پزیشکیی و بەرەوبەرایەتیی چاودێریت تەواو کردووە ، ئیتر لە هەولێر بیت یان دهۆک یان هەڵەبجە یان سلێمانی ،

هەر هەمان سیستەم ..
نووسراوێکت بۆ ئەکەن ئەبێ بچیت بۆ وەزارەتی چاودێریی کۆمەڵایەتی ، لە هەولێر ، لە بەرامبەر بەنزینخانەی شەش ، کن نەخشانەی لە دایکبوون ..
سەعات سێ و نیوی بەیانی لە سلێمانیەوە بەرەو هەولێر دەرچووین ، ووتمان کات وەک شمشێر وایە ، پێش ئەوەی بمانبڕێ با بیبڕین ..
پێش وەختە گەیشتین ، واتا کاتمان بۆی ، هەر بۆیە لە چایخانەی کلتوری باوکی سامی ، لە بەرامبەر قەڵا ، وچانێکمان دا و ..قەیماغ و چایەکمان بە یادی ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابوردوو ، داوا کرد ..
کە گەیشتینە وەزارەتی چاودێریی کۆمەڵایەتیی ، کن نەخشانەی لە دایکبووون ، بەرامبەر بەنزینخانەی شەش (ئەڕە هاوڕێیان ئایا ئەگونجێ نەخشانەی لە دایکبووون ، بەرامبەر بەنزینخانە بێت ؟)
سەعات هەشت و نیو گەیشتین ، پرسگە ، پۆلیسێک و دوو کارمەند و دوو سپلیتی فەنکی لە بوون ، ووتیان سەعات 9 فەرمانبەرکان دێن ، بفەرموون دانیشن .. سێ چارەک لە پرسگە دانیشتین ، هەتا کارمەندکانی وەزارەت هاتن ، واتا سەعات 9:30 بوو ، کە بانگیان کردم ، ووتیان کوا مندااڵەکەت ؟ ووتم ئەتیزمێ و بە سەفەر تێک ئەچێت و نایەت ..
ووتیان خەڵا بە قیدیۆ کڵی مەسنجەر ، پیشانمان بدێ با خۆی و داکیشی ببینین ، ووتم سێ پسپۆڕیی دەرووونیی لە سلێمانیی بینیویانە ، ڕاپۆرتکەیان ئیمزا و مۆر کردووە ، هەشتا بۆوا ناکەن ؟ یان دوو ئیدارییە و تەسقاڵێک متمانەتان لە نەواندا نەماوە ؟
کابرا وەک ڕەبەت وا بوو ، دووبارەی کردەوە کە ئەبێ قیدیۆکڵی مەسنجەر بکەمەوە ..منیش وەک ڕەبەت قیدیۆ کڵی مەسنجەرم کردەوە و ..کوڕە کەمتواناکەم و دایکی قسەیان لێگڕە کرد ، لە کاتێکدا ئەوان قسەیان ئەکرد ، کابرا بەروواردی وێنەی کوڕەکەم و دایکی لەسەر ڕاپۆرتکە و .. وێنەکانیان لە مەسنجەرکە ئەکرد ، بزانێ ئەوانن یان ئەوان نین ..بەو جۆرە هەستم ئەکرد تاوانبارێکی تەزویرچیم و ئەمەوێ بە کونتڕۆڵدا تێپەڕم ، ئەم پسپۆڕیی دەرووونییەیش تەنها پۆلیسەکە و ئەیەوێ ڕاستی و دروستیی مامەڵەکەم چەک بکا و بڕس ..
سێ پسپۆڕیی سلێمانی وەک سێ گەمانلێکراو تەماشا ئەکات و بڕس ..
باوکێکی بادینانیی لە دهۆکەوە هاتبوو ، داوای قیدیۆکڵی مەسنجەریان لێدەکرد هەتا منااڵە نەخشەکەی و دایکەکەی ببینن ، ئەویش ئەیوت : (سەیدا بخودێ چ ئینتەرنێت لە مالا من نینە !)
بە کۆنتڕۆڵا تێپەڕین و ئەمجارەیان نووسراوێکیان بە کردین ، بۆ وەزارەتی پەروەردە و وتیان لە جادەی سەد مەتریی ..
هاتینە دەرەوە ، تەکسیەکمان ڕاوەستاند ، ووتمان بۆ بە وەزارەتی

پەروەردە لە شەقامی سەدی ..
شەفەرەکە ووتی : من وەزارەت بزانم لە شەستیە ..
ووتمان لەی نازانیت ، خوات لەگەڵ ..
تەکسیەکی ترمان گرت ، ئەمیان لەبەبان بوو ، ووتمان : دەک بە وەزارەتی پەروەردە لە سەدی
ووتی : لە شەستیە
ووتمان : لە سەدیە
ووتی : لە شەستیە
ووتمان : لە سەدیە ..
ووتی : سەرکەون ، ئەتانبەم پەرلەمان لە شەستی ، ئەگەر لەوێندەر نەبوو ، ئەتانبەم بە سەدی و سەد و بیستی و لە هەرکوێ ئەوە دەڕن.
قسەی ئەو دەرچوو ، لە شەستی بوو لە بینای پەرلەمان ..
لە ژووری هاتوو ، خاتوونێک ووتی بەڕێن دانیشن ، دە کەس لە پشتانەوە ..ئەستا لەسەر سیستم ئەڕەین و کاتی دەوێ ..
دوای زیاتر لە سێ چارەک ، ئینجا بە ژمارەیەک شاد بووین کە خستیە سەر نووسراوی وەزارەتی کن نەخشخانەی لە دایک بوون ، بەرامبەر بەنزینخانە ..
خاتوونەکە ووتی ئەو نووسراوە فەتەکپی بکە و بچە بە پاشکەی پەروەردە ..
ووتم لە کوێیە ؟
ووتی لە حەوشە ..
چوومە حەوشە ، هیچم نەبینی لەی نووسرا بە پاشکەی پەروەردە ..
بە پیرە مەردەکی باخەوانم ووت : پاشکەی پەروەردە لە کوێیە ؟
ووتی : هەردەمی .. هەر دەمی ، بە ئاستەی هەتاو هەر دەمی ..هەتا دەیگەیتە ..
حەکایەتی کوڵە کەچەڵم بیر کەوتەوە کە حەوت شەو و حەوت ڕۆژ بەناو دەندە و ئۆزدیها و شتا ڕەیشت ..
نزیکەی کیلەمەترێک بە حەوشەی پێچا و پێچ و پە لە پلیکانە و لەریە لم و چەو و بلەکدا ، بە پلەی گرمای 48 ی سیلیزیی ، ڕەیشتم ، هەتا گەیشتمە پاشکەی پەروەردە ، پرسگە و فەنکایی و پلیس و ..(بەهار و گوڵ ، کچ و مانگەشەو ، شیعری تۆ و بادە)★
جا چوومە ژوور ، کەوتمە نەوانی دوو بینای بەرامبەر یەکتر ..
چوومە یەکەمیان ، گوتیان دووەمە ، چوومە دووەمیان ، دیسان پرسگە و کارمەند و فەنکایی .. ووتی کن کاک یوسفی ..
کاک یوسف ، چایی و چار جار نوقوڵ لەسەر مێزەکەی بوون ، تەبعەن بە خێی ، یەک تەماشای نووسراوی سەر کەمپیوتەرەکەی کرد و ..گوتی بە بە بینای یەکەم با ئۆژوان کیتابت لە بکا ..ئەوا بەم نارد ..

چووم بۆ لای ئۆژوان ، ووتم کیتابم گەیشتۆتەوە کۆمپیوتەرەکەت ..
خوا هەڵناگرێ داینیشاندم و جگەرەکەی پێ نەکرد و چایەکەی نەخواردەوە ، تەماشای کۆمپیوتەرەکەی کرد و گوتی : بەڕێ ..گەیشتیە ، ئێستا لێت دەکەم .
پاش کەمێ ، ووتی ئەوا ناردم لێ کۆمپیوتەری مدیری پاشکۆی ، بۆ بینای دووەم ..
چوومە بینای دووەم ، خاتونی سکرتێر و فەنکایی و خزمکی گرنگ VIP لە ڕیسەپشنی بەردەوبەری پاشکۆ دانیشتبوون ، پێم ووت کیتابم نەردراوە بۆ کۆمپیوتەری بەردەوبەری پاشکۆ ..
ووتی : بۆ لێ ژووری کارزان دانیشێ ، کیتابت دەچتە کنێ وی .
ژووری کارزانم دەزیەوە ، دوو کورسی لێ بوو بۆ هاوڕاتیان ، بەڵام سێ کارمەند کورسی و مێزیان هەبوو ، تەماشای یەکتریان ئەکرد ..
لەو چرکەیەدا ، کابرا دەشتەکییەکەی چیرکی دادگای فرانز کافکام بیر کەوتەوە ، کاتێک ساڵەهای ساڵە لەبەردەرگای دادگا ڕایدەوستێنن و ناهێڵن بچێتە ژوور ، هەتا کاتی مردنی دێت و لەسەرەمەرگدا لێ پاسەوانەکەی بەردەرگا ئەپرسێ : باشە ئایا ئەو هەموو ساڵە بەجگێ لێ من کەسێکی تر پێویستی بە دادگا نەبوو ؟ چونکە بەجگێ لێ خۆم کەسی ترم نەبینی ..
پاسەوانەکە پێی ئەڵێ : بەڵێ ، زۆر کەس هاتوونەتە دادگا بەڵام ئەم دەرگایە تایبەتە بە تۆ !!
بە کارزانم ووت : ئەڕێ بە زەحمەت من کیلۆمەترێکم بەناو بەرد و بلێک و گڵ و چیمەنا بڕیوە لە وزارەتەوە تا پاشکۆ ، بە بۆی هیچ نووسراوێکم پێ بێت ، تەنها ئەم کۆمپیوتەر و ئەو کۆمپیوتەرتان پێکردووم ، ئەڕێ نادەکرا بە بۆ خۆم ئەو کارانە ئەنجام بدەن ؟ یان هەر مۆبەستتان ماندوو کردنی هاوڕاتیە ؟ خۆ ئەگەر چەند تەکسیەکتان لەو ڕێیەدا دانایە ، هەم تۆزێ بکاریتان قاچاچ ئەکرد ، هەم خەڵکێک کە ناتوانن لە پلەی 48 ی سەدیدا ئەو ماراسۆنە بکەن ، ڕزگاریان دەبوو ..
کارزان تەماشایەکی ئامادەبوونی کرد و ..ووتی : ئەوە بۆ خۆتان حەزتان لەو هات و چۆیە!! ، ئەگینا لە پێجی وەزارەت کارکان هەموو جۆبجۆ دەبن !! و دەتوانن لە ڕێی پێجەوە مامەڵەکانتان وەربگرنەوە ..!!
ووتم : زەحمەت نەبێ ئاگات لە خۆت ؟ یەعنی ئەمە لە خەمانەوە هاتووین بۆ هۆڵەر یان لە سلێمانی و دهۆک و هەولێر ؟ نووسراویان داوینەتە دەست و وتویانە بۆن بۆ هۆڵەر ؟
براکەم تۆ یان ئاگات لە وەزعەکە نییە ، یان ئەتەوێ وای نیشان

بدەیت کە سیستەمکەت ئەوروپییە ، ئەگینا بۆ تەماشا بکە ، باوکێک لە هەورامانەوە خۆی و کوڕە ئەتیزمکەی کە بەردەوام ئەگریا ئەو هەموو ڕۆژێیان بۆی بوو ، کە بە قسەی تۆ بە خۆیان حەزیان لەو عەزابەیە ؟؟
کارزان بە گۆشەی سەد و هەشتا بایدایەوە و ووتی : ئەو قسانە بە وەزیر بکە !
ووتم : نەوەڵا ، وەزیر وەک کەشکەکەی کافکا وایە ، پێی ناگەم و نایشمەوە پێی بگەم .. بەڵام من ڕۆژنامە نووسم ، ئەم ژیانکوشتنەی خەزانی منا کەمئەدامەکان ئەکەم بە ووتارێک ..
ووتی : دەزانم ، ڕۆژنامە نووس بۆک حەزیان بە جولە جولە !
ئیتر نازانم جولە جول مەبەستی یەکێی هەزی جول بوو ، یان مەبەستی لە جوڕە جوە بوو ..کارمەندەکان هەموویان بە زمانی جەستە پشتگیرییان لەکردم ، لەو کاتەدا کارزان ووتی ئەوا مامۆستەکەتم نارد بە بەشی دەرکردەکان واتا (صادرة)
ئینجا وەرە کیلەمەترێک ڕێگای تر بە پیادە ببڕەوە هەتا ئەگەیتەوە وەزارەت ..
کە ڕۆیشتم بە بەشی دەرکردەکان لە پەنجەرەیەکی بچووکەوە زەربەی پێکهاتەکانی کوردستان ئەیانویست سەریان ببڕن ژوورەوە تا سەراخێکی نووسراوە ئەلیکترۆنییەکانیان بکەن .. سەکسوکە بە چەناگەیەک زەر خراپ تەماشای کردم کە زەر شتی بە دەست بوو ، ووتی کیتابی تۆ چییە ؟ بە جەرگ پێی ووتم ، لە بیرم چوە کیتابی من بە چ شتێکە و .. یان ئەسڵەن بەچی هاتووم بە پیرە هەوڵەر ..
خاتوونێک ، لە ساتەوەختی چوونە دەرەوەی ئەبو سەکسوکەدا بە لای هەندە خزمی خانەقینیی هەتا کارەکانیان بۆ ئایی بکا ، خاتوونەکی سەر کەمپیوتەر ووتی ئەمە مامۆستەکەی تۆیە ، ئەوە ژمارە و بەروارەکەیت بۆ ئەنووسم و هەر ئێستا ئەینێرم بۆ بەڵەوبەرایەتیی سلەمانی لە ڕێی ئەنتەرنێتەوە ، سبەینێ بۆن سەردانی پەروەردەی گشتی سلەمانی بکەن ..
گۆڵێک سوپاسم کرد و ..لەسەر پارچە قازە ژمارەیەک و بەروارێکی دا بە دەستەوە ..
ئەمڕۆ ، سەعات هەشت و نیو چووم بۆ پەروەردەی گشتی سلەمانی ، بەشی کەمپیوتەر نووسراوەکەی بۆ ئاکشام و ناردینی بۆ لای بەڵەوبەر ..
لەسەر دەرگاکەی نووسرابوو ، هاووڵاتی بەڵێز پێویست بە پرسگە و لە دەرگادان ناکات ، ئاستەوخۆ وەرە ژوورەوە ، دەرگامان کراوەیە بۆ هەمووان .. کەچی دوو سکرتێری هەبوو ، دەرگاکەیشی داخرابوو ..
نووسراوەکەی بردە ژوورەوە و ..ووتی بیبە بۆ ژووری 20 لەپرسراوی خەیتیی .. کە چووم ، چوار کەس ئاوەستابوون ، ووتیان هەشتا

لێپرسراوی خێرایەتیی نەهاتوو .. بە کارمەندێکی ژوورەکەی بەرامبەریم ووت : ئەم لێپرسراوە کەی دێت ؟
وتی : عادەتەن سەعات 9 دێت ..
بوو بە نۆ و چارەک هەر دیار نەبوو ، ژمارەی هاووڵاتیانیش لەبەر دەرگاکەیدا بوون بە دە دوانزە کەس ..
لە ناو کارمەندەکانەوە بەم دەرکەوت لە ژووری بەڕێوەبەری گشتییەوە .. ویستم بچمە ژوورەوە ، سکرتێرەکە نەیهێشت ، لە پشت ئەو نووسراوەی کە ئاماژەی بەوە دەدا بە بە دەرگا لێدان وەرە ژوورەوە ، دەرگا کراوەیە ..
ووتم بە لێپرسراوی خێرایەتیی بڵێ بێت بە ژوورەکەی چونکە یەک دنیا خەڵک لە بەردەرگاکەی وەستاون ، هیچ جێگرێکی نییە کارەکەی بکات و خێرایی نایەت ..مامۆستای وای تێدایە ئەبێ هەر ئەمڕۆ بڕوات بە هەوڵێر..
وتی : بەسەر چاو ..
(درێژی کرد ..)
هاتمە خوارەوە ، ژمارەی خەڵکانی بەردەرگاکەی زیاتر بووبوون ، خەم کرد بە ژوورەکەی تەنیشتیدا ، ووتم لێپرسراوی خێرایەتی نایەت ، نوکە قەڵەمێک لەو نووسراوە بدە ..
وتی ئاگەر تا سەعات نۆ و نیو نەهات ، ئینجا من بەتان ئەکەم !!
پیرەپیاوێک کە دەبوو پاش ئیمزای خێرایەتیی ، یەکسەر بڕوات بە هەوڵێر ، مامۆستای خۆی وەرگرتەوە و ..بەرەو ژووری بەڕێوەبەر ڕەیشت ، بەڵکو لەوە ئیمزای پێ بکا ، بە ڕاکردن هاتەوە ووتیان لە ژووری بەڕێوەبەر دەرچووە .. هاووڵاتییەکی تر ووتی : ئەڵێن خۆی کردووە بە ژوورەکەی بەرامبەر ژوورەکەی بەڕێوەبەردا .. دووان خۆیان کرد بە ژوورەکەی بەرامبەر ژوورەکەی بەڕێوەبەردا و پرسیاریان کرد سەبارەت لێپرسراوی بەشی خێرایەتیی ، ووتیان هەر ئێستا لێرە دەرچوو ، ڕاستەکەی بە پێکەنینیشەوە وایان ووت ، وەک ئەوەی ئەم گاڵتەجان و سەر و سەراخی هاووڵاتیانی بەش مەینەت ،بە خاتونی خێرایەتیی ، ڕەزانە بێ و .. وەک گاڵتەکانی کافکا و مارسیل بروست و جەبرا ئیبراهیم جەبرا و ، بە سەگ و کات و وەلید مەسعود ، وابێ ..
لە ناکاو ، دوای سەعات نۆ و نیو ، خاتونی لێپرسراوی خێرایەتی ، بە کاوخۆ و کەمالی ئیسراحەتەوە لە پلیکانەکان هاتە خوارەوە و چووە ژوورەکەیەوە ، ژووری 20 ، ئەو خەڵکەیش کە لە غیابی ئەودا سەدان ڕەخنە و ناڕەزایان هەبوو تەکەا بوون بە ماستی مەیین و ..کەوتنە نیشاندانی ڕەز و زەردەخەنە بۆی .. تەنها من پێم ووت : ئاگەر تە سەعات نۆ و نیو دێیت بە دەوام ، کەسێک لە جێی خۆت دابنێ ، ئەو خەڵکە سەعاتەکە چاوەڕوانی تە دەکەن ..تیایاندایە منداڵی نەخۆشی

داناوە و ئەبە بچە بە وزارەت لە هەولێر ..
وەک ئەوەی ناحەقییەکی گەورەی لێکرابێ ، بە سەرسوڕمانەوە ووتی : سەد کێشەمان هەیە ، لە ژووری مدیر خەریکی حەل کردنیان بووم ، مامەستا بە ئەوەندە بە وەفان ؟ شەو هەتا سەعات دوانزەی شەو خەریکی ئیمزا کردنی کیتاب بووم ..من لە ماڵیشەوە ئیسراحەتم نییە !!
ووتم : ئەستا سەعاتەکە .. یەک سەعاتی تەکە ژوورەکەی تە چێ و ئەو هەموو خەڵکە چاوەڕێی نوکە قەڵەمەکەی تە دەکەن ، ئەمە ئیشە ئاستەقینەکەی تەیە کە نایکەیت و چێت کردووە .. سەعاتێک زیاتر لە تەمەنی ئەو خەڵکە لە چاوەڕوانیدا خەسار بکەیت ..کەسێک . جگەرەویەک بە خەت دابنێ ، ئیتر حەز ئەکەی هەر مەیرەوە بە ژوورەکەت ..
ئینجا من مامەستا نیم و لە خەستەخانە کارئەکەم ، نەمزانی ئیمزایەک دوو سەعاتی پێ ئەچێ ، ئەستا بەهەی جەنابتەوە بەردەرگای ، لەوە ژوورەکەی منیش پێ پێن لە نەخۆش ، بەڵام من جگەرەوەم لە جێی خەم داناوە ..ەز لە کاتی هاووەاتیی ئەگرم ..
تەماشا ئەکەم یەک کەس لەو خەڵکە دەردەدارە نوزەی لەوە نایەت ..
کە لە ژوورەکە چوومە دەرەوە ، بە یەکێکیانم ووت : باشە ئەوە لە بیانییەوە خوتە و بەڵتانە ، بۆچی کەسێکتان یەک قسە و ڵەخەتان لە خاتوونی لێپرسراوی خەیی نەگرت ؟ کاکە قەینا ، گریمان لەو کاتەدا لە ترساندا لاە بوون ، بۆچی بە لایەنی کەمەوە سەرێکتان بە من نەلەقاند ؟؟وەڵاهیی ناتانکوژن ، وەڵاهیی ناتانبەن …هەر لەم ژیانە خۆشتان !! بەردەوام ئەبن ..
ووتی : کاکە گیان 30 ساڵە ئەمە فەری کەیلایەتیی ئەکرێین ، کە بچووکترین لێپرسراو ببینین ، زمان و عەقڵ و هەموو شتێکمان جام ئەبێ و لە کار ئەکەوێ !!
ئاستەم ، ئەوە گەر ئازادی وەک بارانیش ببارێت ، یەکسەر چترەکانتان هەڵدەدەن
هاونیشتمانیان ، مەڵێن جا قەیچێکا با سەعاتێک چاوەڕوانی ئیمزای خاتوونی لێپرسراوی خەیەتیی بکەین .. چونکە ئەگەر ئەو سەعات و ڵەز و هەفتانەی لە چاوەڕوانی ئەماندا بەسەرتان بردووە ، کە بکەنەوە ، بەتان دەردەکەوێ بەشکی زیری تەمەنتان بە خەڵایی و بە هەرزان لە دەست چووە .. کێشکەیش لەوەدایە ، هەشتا ئەوان ناڵازین و تە سوپاسگوزاریت . .
واتا وەک دیستەیفسکی ئەڵێت بە ئەوەی خەتان ئاگادار بن ، نەژیاون و ئەیشبە بمرن.

ڕۆمانی نانای ئەمیل زۆلا بە کوردی بڵاوکرایەوە

ڕۆمانی نانا لە نووسینی نووسەری ناسراوی فەرەنسا ئەمیل زۆلا - یە، لەلایەن نووسەر و وەرگێڕ ئەردەڵان عەبدوڵڵاوە کراوە بە کوردی.
ڕۆمانی نانا بە یەکێك لە شاکارە کلاسیکییەکانی ئەدەبی فەرەنسی و ناسراوترین ڕۆمانی ئەمیل زۆلا دادەنرێت، زۆلا گرنگترین ڕۆمانووسی بزووتنەوەی ناتوراڵیزمی فەرەنسی و فیگۆرێکی سەرەکی ئازادیخوازیی سیاسیی فەرەنسییە. ڕۆمانەکە هەوڵ دەدات ژیانی شارنشینیی پاریس و کەشوهەوای سیاسی و هونەریی فەرەنسای سەدەی نۆزدەهەم وەنا بکات، هەروەها دووڕوویی کەمگێ، چاوچنۆکی و چەسیی چینی تازەدەرکەوتووی بۆرژوا دەردەخات.
هەروەها نووسەر لەم ڕۆمانەیدا، کەمێك پرسی گرنگی تری وروژاندووە لەوانە:(ژیانی لەشفرۆشانی پاریس، خۆشویستی، خیانەت، ئۆپەرێیی پەبرد، رق و کینە، ڕووشی سیاسی فەرەنسا و داگیرکاری ئەڵمانیا، ژیانی فەرهەنگی فەرەنسا لە سەدەی نۆزدە، شانۆ)
جگەلەوەش باسی کەمێك کۆمەڵایەتی جیهانیش دەکات بەتایبەتی (بیسمارك یەکەم ڕاوێژکاری دەوڵەتی ئەڵمانیای یەکگرتووە، شای ئیران و پادشای ئیتالیا) جگە لە کەمێك پرسی گرنگی تریش هەموو ئەمانەش هێزی گەورەی بەم ڕۆمانە بەخشیوە وایکردووە ببێتە مایەی گرنگی پێدانی تەواوی ئەدیبانی فەرەنسی و جیهانیش.
ڕۆمانی نانا ساڵی 1880 بە یەکەمجار چاپ بوو، دەنگدانەوەی بەهێزی هەبوو، 55 هەزار نوسخەی لە چاپ بووە. ئەم ڕۆمانەش یەکێکە لە زنجیرە ڕۆمانکانی زۆلا کە لە ژێر ناونیشانی (ڕۆگون ماکوار Les Rougon Macquart) نووسیویەتی. نانا نۆیەمین ژمارەی ئەو زنجیرەیە وەردەگرێت.
ئەم کتێبە لەلایەن ناوەندی ڕۆمان لە سلێمانی چاپکراوە، کتێبکی قەبارە مام ناوەندە و لە 315 لاپەڕە پێکدێت.



سبحەینە.. شیعری شەهلا نوری

شایەد نەگەینە سبحەینە ئیتر
تووڕەگەی دەرمانی گیراوە
بەها بایی
ناگات بەبرین ئیتر
دەردی جگەر سووتاو بە مەرهەم ناگات ئیتر
بەسیمفۆنیای ناتەواوی دە ناگەین ئیتر
بولبولی سەرمەستانە بەسەردار ناگات ئیتر
داستانی عیشق ناگات بەدەستانی عاشقان ئیتر
مانگی شەوئافرەز خەی گوم دەکات و بەنیشان دەدەوات ئیتر
ئاوی جۆ وشک دەکات بە دەغەی هەواڵی گەنم ناگات ئیتر
خونچەی تەمەنای ناز ناز
ناگات بە باخچەی بەهار ئیتر
گالیسکەی تەمەن مل دەنات و دەدەوات چاوەڕوانمان ناکات ئیتر
زاری تاوەی ژیان نادزینەوە ئیتر

شەهلا نوری

ئەپزسیەنی پەپلیست و هەبژاردنکان لە کوردستان.. زانا رەزاق

گەورەترین مەترسی لەسەر کەمەگا هەبەت ئەپەزسیەنە، بەچی؟ چونکە..

یەکەم، زەرەک لەو کەسانەی چوونەتە ناو ئەپەزسیەن بە پارەن ، ئەمانە کەمەک مرەقن بەدوای حەزو چەژکان کەوتوون ، پارەش وەکو ئامرازەک بەکاردەنن.

دووەم، هیچ پەەژیەکیان نیە بە ئەوەی ببنە بەدیل.

سیەم، هیچ هەخنەیەکیان قبوە نیە لەکاتەکدا سەدان هەخنەش دەگرن، لەجیاتی ئەوەی بەن بەباشە بەەن باش، بەخراپە بەەن خراپ. هاتوون هەموو شت هەتدەکەنەوە، ئەمەش زەر مەترسیدارە لەەووی سیاسییەوە هیچ پەشکەوتنەکیش لەسایەی ئەم جەرە بیرکردنەویە جەکەوتە نابەت.

چوارەم، ئەپەزسیەنەکی پەپلیستین، کەمەەک شت دەەەن کە بەەای ئەوان کە دەسەەات وەربگەرن کوردستان دەبەتە بەهەشت لەکاتەکدا گەەانکاری و بەرەو پەشچوون پەەسیە هەروەها قەناغ بەقەناغیشە نەک بەدوو هەەز یەان سە هەەز کەمەگە لەەەی کەمەەەک شیعەاراتی ئیحساساتییەوە ببەتە شامی شەریف.

رووداوەکانی پشت هەبژاردنی پارێزگارێ کوردەکەی کەرکوك.. عەلي مەحمود محەمەد

10ی ئاب لە کەبوونەوەیەکی داخراودا بە زەرینەی 9 کەس لە کەی 16 ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك, لە میوانخانەی ڕەشید لە شاری بەغدا لە دووری 258,6 کیلەمەتر لە تەلاری ئەنجومەنەکە, ڕەبوار تەها وەك پارێزگاری نوێ بە شاری کەرکوك لە لیستی کەرکوك هەزو ئیرادەمانەی ینك هەبژێردرا, بە بە ئاگادارکردنەوەی 7 ئەندامەکەی دیکەی ئەنجومەن کە دەکات 45%ی ئەندامانی ئەنجومەنەکە,کەبونەوەکە بە بەشداری 5 ئەندامی ینك , 3 عەرەبی سونە, ئەندامێکی کریستانەکان "ئنجیل زیا شیبا زیا ئەلبەرواری بە 208 دەنگی ینك ببوو بە ئەندامی ئەنجومەن, هەبژاردنی ئەو لە فەرمی هەبژاردنی مونا قەهوچییە بە پەرلەمانی کوردستان, بە دەنگ لیوا تایبەتکانی ینك لە بەغدا هەبژێردرا بوو, خەی وپیاوەکەی کارەندی تیقی کەرکووکی ینك ن, بەلام بە ناوی لیستی بابلیونی ڕیان کلدانی کە سەر بە کەتایبی بابلیونی حەشدی شەعبییە خەی کاندید کردبوو, ڕیان کلدانی بە بنەچە کریستانەو خەکی قوشە لە پارێزگای موسڵ, بەنام دانیشتووی شاری سەدرە, سەرکی کەتیبەی بابلیونە, لە ڕکەوتی 18-7-2019 ەوە لە لیستی سزادراوانی یاسای ماغنیستی ئەمریکادایە بەهەی گەندەڵی و داگیرکردن و فرشتنی زەوی هاوولاتیان لە دەشتی موسڵ و پەلاماردانی ئافرەتان و پەشەلکردنی مافی مرۆڤ , ئەو دژە ئیسلامی سونیە تا ئاستی ڕاستیزم , لە موسڵ وەحشیانە لە گەڵ پەکهاتەی سونە مامەڵەی کردووە, کەنیسەکانی کریستانەکان بە بەری خیان لە کەتیبەکەی ڕاگەیاندووە , یەکەك لە نزیکەکانی قاسم سلەمانی و مەهدی موهەندیس بووە, پەشتر لە سوپای مەهدی بووە, بەهەی ژنخوازییەوە بووە بە موسەمانی شیعە, 4 پەرلەمانتارەکەی لە کەتەای کریستان بەهەمان شەوەی کاندیدەکەی کەرکووکی دەرچوونە, چاودەرانی کریستان پەیان وایە تەنها 10%ی کریستانەکان دەنگیان بە لیستەکەی داوە, بە فەە کورسیی کریستانەکانی بە خەی بردووە".

کوردو پەستی پارێزگا

بە پەکهاتەی کورد پەستی پارێزگای کەرکوك گرنگییەکی مەعنەوی

هەیە لەم کاتەدا دوای 7 ساڵ پەراوێز خستنی لە شارەکە, بە تایبەت بە ینك کە لە قەیرانی ڕکخراوەیی قوەدایەو بەرەو هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەڕوات, بەم پەستە دەتوانێت هەندێك لە زیانەکانی کەمبکاتەوە, هەرچەندە تا ئێستا ناوەڕێت ناوەکی ڕکەوتنەکە بەاو بکاتەوە بە رایگشتی.
ڕبەوار تەها سەیەم پارێزگاری کوردە لە کەرکووك, لە دوو پارێزگاکەی پەشووتر لاوازترە بەهەی ئەوەی: لە لیستەکەی خەی دەنگی یەکەم نەبووە "
پاڵەوانێکی دیکە کە کاردانەوەیەکی دیکە لەبەرامبەر وێنەی رووتی خوشکەکەیدا نیشاندەدات، زیائەدینی نەوبەهارانە. ئەو لەبەرانبەر وێنەی رووتی خوشکەکەیدا دەستدەداتە دروستکردنی شارێک کە ژنان هیچ شوێنکیان دیارنەبێت:" تا ژن هەبێت و یەکێک جلەکانییان لەبەردابکەنێت، شەرەفمان لە مەترسیدایە"
لای "مولازم حەسە"، ئەم وێنەیە دەکرێتە کارتی فشار لە شاری ناوخۆدا تا براکەی و دوو کوری "زوهەر مەسە" لە دەستی "شەمدینی کامیل ئاغا" دەربهێنێت و ژیانێکی دیکەیان پێببەخشێتەوە. " لەم جەنگەدا هەموو سنوورێکمان پێشێلکردووە، تەنیا ئەم سنوورە ماوە، وێنەی ناوگۆڵی یەک بلاوبکەینەوە"
لەبەرانبەر ئەم کارتی فشارەدا، "شەمدینی کامیل ئاغا"ش دەکەوێتە گرتنی وێنەی هووتی ژنانی جەنگاوەرانی بەرانبەر و وەک دژەهەڕەشەیەک بە پاراستنی شەرەفی خۆ و راوەستانەوە لەبەرانبەر داواکەی "مولازم حەسە"دا، بەکاری دەهێنێت.
دواجارخانمی رووتی ناو وێنەکەی ڕەمان، بە گەشت و خوێنی خۆیەوە لە

ماڵی حەوت خانمدا، لەگەڵ دەستە خوشکەکانی دیکەی ناو مالدا، وێنەی ئەو پیاوانە دەدەنە دەستی پۆلیس کە بە رووتی ولە کاتی سیکسدا لە ماڵی حەوت خانمدا گیراون . لەگەڵ ئەم دیمەنەدا، ئیتر تەنها جەستەی رووتی ژن نییە کە بانگەوازی پاککردنەوەی شەرەفی لەدەستچوو بە دەنگی بەرزبۆ گوێی هەموانداداتەوە، بەڵکو وێنەی رووتی پیاوێش لە شوێنەکی واهیدا، هەموو کەد و بەها سیمبۆلییەکانی شەرەف چالاکدەکاتەوە.
ئەم کاردانەوانەی پالەوانەکان لە خیانەتی نیشاندەدەن، هەر هەموویان لەناو کەد و سیستەمی بەهای کولتووری شەرەفدا دەن و دەچن و کارو کاردانەوانەکانیشیان ئەوەیە کە ئەم سیستەمە بەرهەمیهێناوە، ڕەفتارنواندنێک کە کولتووری شەرەف هەنگرێژی کردووە. بە کورتییەکەی: کاتێک شەرەفت کەوتە مەترسییەوە، دەبێ بەو شێوازە ڕەفتار بکەیت کە شەرەفپارێزی وپاککردنەوەی شەرەف لەتدەخوازێت.
بەهرام کەریم ئاغای برای کامیل ئاغا، ئاوگەڵێک بەم سوورانەوە هەمیشەیەی زەربەی پالەوانەکانی ناو هەماندا دەهێنێت کە لەناو هەمان کەد و ستراکتەرەکانی کولتووری شەرەفدا دەسورێنەوە و کاردانەوەیەکی دیکە پیشاندەدات. ئەو لە پاش ئاشبەتاڵی 1975دا وزانینی نهینی وێنەکەی براژنیدا، دەکەوێتە دەخێکی تایبەتەوە:" ئەستا پیاوێکی بەشەرەفم، نەخێم، نەخێزانەکەم، نە عەشرەتەکەم، نە نیشتیمانەکەم، شتێکمان نەماوە شانازی پێوە بکەین... ئەستا تەواو پیاوێکی بەشەرەفم". ئەو بەم هەستە جەشدارانەوە کە تیایدا بیشەرەفی خۆ ئەو پردەکات لە هەستی نەبوون، دەداتە شاخ و گرانەوە بە دیهاتە کۆنەکەی خیان و پشتدەکاتە کەمالگا.
کەریم ئاغا لە شاخدا، لەگەڵ دیوزمەکانی ناو ناخی خیدا دەکەوێتە جەنگێکی دەروونی گەورەوە. ئەم جەنگە هەموو شەوێک لە شکڵی کەسێکی نەناسراودا کە لەسەردانی هەمیشەیی خیدایە بە لای کەریم ئاغا تا بیخاتە سەر کەلکەڵەی کرینەوەی شەرەفی بنەماڵە: "هەمان یاری لەگەڵدا بکە!هەمان یاری. ژنەکەی یان کچەکەی بەفڕنە، هەمان وێنەیان بگرە" بەهرام سەرنجاکیش ئەوەیە کە کەریم ئاغا لەم جەنگەدا دەیباتەوە و دوا بەیاری خۆی دەدات:" پیاوێکی بەشەرەفم لەناو خەڵکەکی بەشەرەفدا، سەر بە عەشرەتێکی بەشەرەف لەناو سەدان عەشرەتی بەشەرەفدا" . بەیە بەیاری ئاوستانەوەی لەبەرانبەر ئەم بەشەرەفییەی خۆی و کەمالگاکەیدا دەبەستە:" دەڵێم بە ناو سروشت، لەوە هەموو شتێک لەیاددەکەم". کەریم ئاغا لەم هەڵوەستەنواندنەوە و کاردانەوە جیاوازەی خیدا لەبەرانبەر کولتووری شەرەف و دەستبەردن بە کوشتنەوەی ئەو کەسەی کە لە ئەتکردنی شەرەفی بنەماڵەکەیاندا

بەشدار بووە، لە یەگەی نامەیەکی زۆر کورتەوە بە نووکانی گەلاسی نووبەهاران، پەیامی رەمان بە گوێ خوێنەردا دەدات: " بە بە ئازادی شەرەف بونی نییە" .
تاوانی شەرەف و ژنەمی جەندەری کوردستان

لە هیچ زمانێکی جیهانیدا کە تیایدا چەمکی کوشتنی ژنان لەسەر شەرەف بڕوای هەیە، بەقەد زمانی کوردی بنەما و تەنانەت هەکاری ئەنجامدانی ئەم کارە نەشن نییە. لە کەمەگای کوردیدا پیاو، جا باوک بێت یان برا یان ئامۆزا یان هەر نووەیەکی تری نێر کە لە ئامادەنەبوونی ئەو کەسانەی تردا دەکرێت ئەی پارێزەری شەرەف بەبینەت، هەدەستێت بەم تاوانە تاکو شەرەفی خۆیی و بنەماڵە بکەێتەوە. ژنی کوژراو ئەو کەسە بووە کە ئەم شەرەفەی هەرزان فرۆشکرد، بۆیەش بە کەینووەی دەبە نرخێکی گرانتر بدرێت کە بە هیچ شتێکی تر ناپوورێت، ژیانی خودی ئافرێت نەبێت. ئەوەی ئەم پرسەی کەین و فرۆشتنەی لەسەر ئەنجامدەرێت، سێکسوالیتێتی ژنە. بە پێی ئەو سیستەمە فیکرییەی کە دەسەاتی جەندەری لە خەرەلاتدا کاری لەسەر دەکات و تەواوی بەهاکانی ئەزلەگرتنی ئینسانی لەسەر دادەمزرێت، کە تیایدا بە پلەی یەکەم ئەو ئینسانە پیاوە، سێکسوالیتێتی ئافرێت خاڵی سەنتەر و بگرە تەواوی بنەماکانی ئەز و حورمەتی پیاوی لەسەر ڕاگیراوە. بە پێی ئەم دەستگا فیکرییە، هەر پەیوەندییەکی جنسی ئافرێت لە دەرەوەی ئەو نەرمەی کە خەزانە، مانای پیسکردن و لەکەدارکردنی شەرەفی پیاوە. ئەم کردەوە سێکسییە لە پلەی یەکەمدا گرنگ نییە کە لە باری فیزیکییەوە ڕووی دابێت. واتا هەر جووڵەیەکی ئافرێت، نیگایەکی ئەو کە بۆنی سێکسی لە بێت، کافییە بۆ ئەوەی کە بە مانای لەکەدارکردنی شەرەفی پیاو لەکبەدرێتەوە. تاوانی شەرەف کە لەم سیستەمە جەندەرییەدا بەرهەمدەهێنرێتەوە ، هیچ شتێک نییە جگە لە کەششی ئەم دەسەاتە بە کەنترۆکردنی سێکسوالیتێتی ژن. ژن لەژێر کاریگەری ئەم دەسەاتە جەندەرییەدا ، ئەو کەسەیە کە خەی خاوەنی جەستەی خەی نییە و هەر بڕیش سێکسوالیتێتی ئەو و بڕیاردان لەسەر کردنی ئەم کارە دەخرێتە دەستی پیاوانی خێزان و هۆز و خێڵەوە. بەڵام پیاوی ئەنجامدەری تاوانی شەرەف هیچ شتێک نییە جگە لە ئامرازێک. تاوانباری ڕاستەقینە ئەو فشارە گەورە کەمەایەتییەیە کە ئەم سیستەمە لەدەرەوەی تاکەکان دروستی کردووە و تیایدا هەموو ئاراستەکان ڕووبەڕووی ئەو پیاوە کراوەتەوە کە ژنەکەی، خوشکی یان دایکی شەرەفی ئەوی دەڕاندووە و پێی دەڵێن: بەڵێ شەرەفت بکەرەوە. ئەوەی کە تایبەتمەندی تاوانی شەرەفە و ئەم تاوانە لە کوشتنی پیاوێکی

سویدی بۆ ژنەکەی جیادەکاتەوە، کاریگەری ئەم دەستاتە جەندەریییە لەسەر ئەو تاکانەی تری کۆمەڵگا کە هەنگاو نزیکایەتییەکی ئەوتەیشیان لەگەڵ بنەماڵەی پیاوەکەدا نەبێت. فشارێک کاتێک هەست بە هەوینەوەی دەکرێت و پیاوی ئەنجامدەری تاوان دەتوانێت ئاهەنگ هەبکەشێت و سەربەرزانە بۆ کۆمەڵگا بگەڕێتەوە کە تاوان ئەنجامدراوە. پیاوی تاوانی ناموسی لە شێوازنییەکی گەورەی دەروونیدا ژیان بەسەر دەبات کاتێک ژنەکەی نزیکی خۆی شەرەفی پیاوانی بنەماڵە دەخاتە مەترسییەوە. ئەو ژن دەکوژێت بۆ ئەوەی شەرەف بگەڕێتەوە و باڵانسی هەڵەی خۆی وەربگرێتەوە. ئەو سەرشێترین پیاوەکانی کۆمەڵگایە و دەکوژێت بۆ ئەوەی سەربەرزکاتەوە. کاتێک لە وشەی "سەربەرزکاتەوە" ووردەبینەوە ئەوسا بەمان دەردەکەوێت ئەم پرسەی سەربەرزکردنەوەیە کاردانەوەیەکی تاکگەرایانەی پیاوکوژنییە. بەڵکو لەبەرانبەر کەسانێکی تردا سەری خۆی بەرزدەکاتەوە کە تاکو ئەنجامنەدانی تاوانەکە بۆ ئینسانێکی بۆ شەرەف و سەرشێویان لەقەڵەم دەدا. هەربۆیەش لە پرسەی سەربەرزکردنەوەی تاوانباردا، ئەمە خەمان لەبەرانبەر یەکێک لە هەرە تایبەتمەندییەکانی تاوانی شەرەفدا دەبینینەوە کە لە تاوانی تری کوشتنی ژناندا وەک بەتایبەت لەو شوێنانەی کە چەمکی شەرەف لە سێکسوالێتی ژن جیاکراوەتەوە، بوونی نییە. ئەم تایبەتمەندێتییەی تاوانی شەرەف ئەوەیە کە ئەمە هووبەووی کۆشێکی نین کە لە نێوان دوو تاکی کۆمەڵگایەکدا بێت و لەسەر کۆشێکی تایبەتی بۆ کوشتن تەواو بێت. بەڵکو ئەمە لەبەرانبەر تاوانێکداین کە تیایدا ژن وەک تاک لەبەرانبەر سیستەمێکدا ڕاگیراوە. تاوانی شەرەف کردەوەیەکی تاوانکارانەی تاک نییە لە بەرانبەر تاکێکی تردا. بەڵکو تاوانی شەرەف کردەوەیەکی کۆژرانەیە کە تیایدا سیستەمێکی گەورە لەبەرانبەر تاکێکدا سەنگەردگرێت و بۆیاری مەرگی بەسەردا دەبارێنێت. ئەوەیشی کە ڕەهەندی کولتوری بەم تاوانە دەبەخشێت، بۆ کۆمەڵایەتیکردنی چەمکی شەرەف و چەکردنەوەی ئەم چەمکەیە لە سێکسوالیتێتی ئافرەتدا کە سەرتاپای کۆمەڵگا دەتەنێت و بۆ شێوەی تایبەتی گەورە ئینسانەکان لە ناوخۆیدا یەخسیر دەکات. لەو کۆمەڵگایانەدا کە تاوانی شەرەفی تێدایە، ئەمە شایەدی بۆهایەکی تر و پێناسەیەکی تری شەرەف نین کە لە سێکسوالیتێتی ژنان جیاکرابێتەوە. پیسترین و ناشیرینترین جنێوەکانی ئەم کۆمەڵگایانە بۆ کۆمەڵگای کوردیشەوە، ئەو جنێوانەن کە دەبە دایک و خوشکی کەسی جنێوپێدراو بگرێتەوە. بەمە ئینسان لە ناسکترین تاڵەکانی هەستی ئەو کەسە دەدات کە هەموو حورمەت و ڕێزی خۆی لەو شوێنەدا کەدەکاتەوە کە کەسی جنێودەر لە ڕۆگەی جنێوەکانییەوە بانیازە پیسی

بکات. لە کۆمەڵگای کوردیدا هەتا ساتە وەختەکانی ئێستاکەش شەرەف و سەکسوالیتی ژن بەجۆرێک بەناو یەکدا چوون کە مەحاڵە لەیەکتری جیا بکرێنەوە.

سەرتاپای ڕۆمانی "نەفرەتی نێو بەهاران" نمایشکردنەکی ووون و ئاشکرای ئەم کاریگەرییەی سیکسوالیتیتی ئافرەتە کە لە جێستەی ڕووتی ئەودا، هەموو لایەنە دەرگیرەکان کە لە خزم، بنەماڵە، سیستەمی داد ، پۆلیس، هێز، دەستگای جەنگی کۆمەڵگا و پیاوانی ئاین پێکهاتوون، هەموویان لە بەرانبەریدا لە کارو کاردانەوەی خێیاندان تا ئەم شەرەفە لەکەدارکراوە بکەدرێتەوە، کەسانی دی پێوە بکوژرێت یان شەرەفی ئەوانی دیکەی پێلەکەدار بکەن.

لە کاتێکدا لە بەرانبەر نەفرەتی ئەم جێستە ڕووتەدا: " بە بە ئازادی شەرەف بونی نییە"، دەبێتە شا پەیامی ڕۆمان ولە ناو تەمومژەکانی ئەم دەربڕینە شیعارئامێزەدا، ئەوەی کە کرۆکی ئازادبوونی ئەم جێستە ڕووتەیە لە دەست جەبرەکانی سیستەمی شەرەف، ئەوەی کە ئەم نەفرەتە لەشوێنێکدا تێکبشکێنرێ، ئەوەی کە ئەم وێنە ڕووتە چەندبارە سووتێنراوە توانای گێرانەوەی نەبێ وقوربانی دیکە نەچنێتەوە، لە گرووی بەدەستهێنانەوەی ئازادی ئەم جێستە ڕووتەیە بە بوونەوە بە خاوەنی خۆی کە کولتوری شەرەف، دەمەکە خاوەندارێتی ئەوی لەو سەندۆتەوە و داویەتی بە کەسانی دیکە.
بەکورتییەکەی، بە ئەوەی ئازادی بەدەستهێنانەوەی خاوەندارێتی بە جێستەی خۆ و سەکسوالیتیتی خۆ، ئازادبوون لەدەستی بەهاو پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی کولتوری شەرەف، نمایشکی زەقتری ناو ڕووداوەکانی ڕۆمان بێت، بە تایبەت لەبەرانبەر خێڵی شەرەفپارێزان و ڕووداوە خوێناوییەکانی ناو چیرۆکەدا کە گەورەترین هووبڕەکانی ناو لاپەڕەکانی ڕۆمان داگیردەکەن، دەبوا دەنگی ئەم ئازادییە، ئازادی خاوەندارێتی بە جێستەی خۆ، بەجیا لە وتنەوەی تاکە دیالێک: " بە بە ئازادی شەرەف بونی نییە"، جێگایەکی لە ڕۆماندا پێببەخشرایە، کە جێی داخە بە تەواوەتی ونە. ئاخر ئەگەرئازادی چەند چەمکێکی بەرین و گشتیگیر بێت و چەندەها پێناسە لەخۆیدا جێگای بێتەوە، ئەوا لە پێوەند بە کولتوری شەرەفدا، مانایەکی دیکەی نییە جگە لە ئازادی بەدەستهێنانەوەی جێستە و سێکسوالیتیتی خۆ. ئەوە لەگەڵ بەدەستهێنانی ئەم ئازادییەدایە کە سەرتاپای سیستەمی شەرەف بە مانا کوردییەکەی، هاتووەکات. لەبەرئەوە کە نەفرەت چیدی ناتوانێ نەفرەتێکی ئەزەلی بێت و وێنەی ووت دەکرێ تەنها وێنەیەکی ئاسایی جێستەیەکی ووت بێت و بنەماڵە و هێز و نەتەوە ناتوانن چیدی

زمانحاڵی خاوەندارێتی خەیان بە وێنە و جێستەکەی بە ئەرکی خەیان بزانن.
بەڵام ئایا ئەمە داواکردن نییە لە بەختیار بچی ئەم دەنگەی کە یەکێک لە پاڵەوانەکان ببێتەوە بە خاوەنی جێستەی خەیی و ئەم چەندبارە بوونەوەیەی وێنەیەکی ڕووت ساڵەکان نەبزینێت و لە شوێنکدا ماناکانی خەی لەدەست بدات، وەک داوای ئەڵتەرناتیڤکردن لە بەختیارلێکنادرێتەوە؟
بە بڕوای من، ئەمە لە کەمەڵگای کوردستاندا، شایەتی خوێناویترین کێسەکانی کوشتن و شەرەفشکاندین کە هیچیان لە چارەنووسی پاڵەوانەکانی ناو ڕۆمان کەمتر نین. تەوزیفکردنی ئەم تراژیدیا خوێناوییەی کەمەڵگای کوردستان لە ئەدەبدا بەو شیوازەی کە لە کەمەڵگادا هەیە و نەبوونی نیگایەکی دیکە کە تەواو پێچەوانەی بەها و پەوەرە کولتوریەکانی بەرهەمهێنانی نەفرەتی نەوبەهارانە، ئەرکی نووسەرە و لە پێوەندە بە توانا و لیهاتوویەکانی بەختیاردا، چاوەڕوانییەکی هەتا بڵێی سادەیە.

بەختیارعەلی و کارل یوهان ئالمکڤیست

ساڵی 1839 ی سویدە، "سارا"ی کچی کابرای شووشەچی لە کەشتییەکی نەوان (ستۆکهۆڵم) و (لیدشۆپین)دا موسافیرە. ئەم سەفەرە چەند ڕۆژێکی پێدەچێت و بە هەی درێژی سەفەرەکەوە، پەیوەندییەکی خۆشەویستی لەگەڵ سەربازێکی سەر کەشتیەکەدا پەیدا دەکات. کاتێک دەگەنە دوا وێستگەی خەیان، "سارا" داوا لە "ئەلبیرت" دەکات کە ئەم پێوەندییەیان بخەنە فازێکی تەرەوە و بەیەکەوە بژین. ئەو دەتوانێت بگوزەتەوە بە ماڵی "سارا" و درێژە بەم پێوەندییە خۆشەویستییە بدەن. "ئەلبەرت" لەسەرگۆڕێکی سێبەردا تیا دەمێنێت و دەپرسە: دەکرێ دووکەس بە گرێبەستی هاوسەری و مارکردن لە کڵێسادا، بچنە پرسەی هاوسەرگیرییەوە؟ ، "سارا" لە وەڵامدا دەڵێ: بەڵێ دەبێ.
"بەڵێ دەبێ" ناونیشانی ڕۆمانە بەناوبانگەکەی نووسەری سویدی" کارل یوهان ئالمکڤیست"ە لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەدا. بەڵام کاردانەوەکانی کەمەڵگای کۆنسیرڤاتیڤی ئۆوسای سوید، وەلامێکی تووند بەم ڕۆمانە بچووکە دەداتەوە و بانگەوازی: نەخێر نابێ، دەبێتە مانیفێستی دژە دەنگی "سارا"ی "ئالمکڤیست".
ئۆوەی "ئالمکڤیست" لە ڕۆمانی"بەڵێ دەبێ"دا دەیکات، سەرنجدانە لە خۆشەویستی، لە سێکس لەدەرەوەی خەزان و هاوسەرگیری لەدەرەوەی کڵێسادا، بەڵام بە گۆشەنیگایەکەوە کە تەواو پێچەوانەی ئەو نەرم و

بەها زالانە بوو کە لەسەردەمکی ئودا لە ئارادا بوون. گۆشەنیگایەک کە سەد ساڵ لە دوای مەرگی خەیام، دەبەتە نەرم وبەها و کولتوری باوی کەمالگا.

بەختیار لە "نۆفرەتی نەوبەهاران"دا، دەکرا و دەیتوانی کەمالگای کوردی، لە رگەی یەکیک لە پالەوانە کچکانی نەو ەمانەو، لە رگەی ئازادی جستەیەکەو کە دەتوانە روت بەت وەک ئاماژەیەک بە پراکتیزەکردنی روت و ئاشکرای ئازادی، وەک دەنگەک لە دەرەوی بەها وسیمبو و کەدکانی باوی شەرفی کوردیەو، بانگبکردایەتە ئایندەیەکەو کە نۆفرەتی نەوبەهاران، چیدی نۆفرەتکی ئەزەلی نەبەت.

دوا وتە

بە "تەنە"ی دراماکی "والتەر سکلس"، وەختیک لە عاشقبوونیدا بە یەکەک لە کچە قەرەجکانی ئەو خەە قەرەجی بارگیان لە شارکی نزیکی کەلگکانی ئەوانەو هەداو، بەجارەک سەرقاڵ دەبەت کە پاراستنی خی و براکی بە تەواوەتی لە بیر دچتەو. تا لە کتایی فیلمدا، بنەماەی خاونەمالک زۆفەر دەنن و برا بچووککی دەکوژن. ئەو ملکچ لەبەرانبەر باوکدا دووبارە ادەوەستتەوەو دەبە چکی تاڵە بکاتەو شانی. وەختەک دگاتە سەر دووریانی بارە و ماڵی خاونموەک رەیشتن تا تەەی برابچووکی خی بکاتەو یان یگای بەشوین خەەی قەرەجکاندا بگرە کە بارگیان بارەو شونکی پچاوتەو، ئەو رگای دووهەمیان هەلدبژرەت.

وەختە منیش لەگە کچکەمدا دەکوینە گفت و گ، بە تایبەت کاتک هەردوولامان هەمان کتبمان خوندبتەو تا لە تگەیشتنی ئەوەو تەروانینەی خەم بە کتبەکە فراوانتر بکەم، لەیدەپرسم: دوای تەواکردنی" نۆفرەتی نەوبەهاران"، چی دەبینە؟ ئەو چاوکانی دادەخات و دەە: " من ئستا کچکی بالابەرزی کراس گوگوی کاوبە لەبەر دەبینم کە گەیشتتە قەەباغترین شقامی شار. ئەو سەرنجی هەموو ەبەوارانی شقام بەلای خیدا ادەکشە. لە شونکدا کە ناوەراستی گۆڕپانکیە، رادەوستە و لە دوورووبەری خی دەەوانە. لە تەنیشت شستەی نزیکی اوستانی ئەوەو، پیرەمەدکی پاکتفرەش دانیشتووە. لە روخساریدا، دەەی هەموو مینەتکانی سەدی لە چرچ و لچی دەموچاو و دستکانیدا، هەگرتووە. کوەک لەبەرانبەریدا چماوتەو و داوای پاکتکی جگرە دکات. دەنگدەنگی ناو شقامکە تا بەت بەرزو بەرزتر دەبتەو. چاوکان دچنە سەر کیژی

ەوەستاوی ناو جەرگەی بازاڕەکە. ئەو دوگمەی دوومی کراسەکەی کردەوە وکەمەک لە ستیانەکەی دەبینرێ. پاش کردنەوەی قەپچەکانی سەردەستی، بە هەواشی، بگوندانە قەڵەباغی شەقامەکە، کراسەکەی دادەکەنێت و لە نزیک پەلاوەکانییەوە دایدەنێ.
" بسمیللا، کچەکەم ناکرێ خوا عەقڵی لەسەندبیتەوە؟ ژنەکەی عەبابەسەری نەو حەشاماتەکە وادەڵێ. "قەحبەی رووداریشمان بینی"، دەنگەکەی دیکەیە و بەجۆرێک دەیڵێ تا زەرترین کەس بیبیستێ. دەنگە دەنگی ناو گەرەپانەکە لە هەڵکشاندایە. ژنەک عەباکەی سەرسەری خەی دادەکەنێت و بە پەلە خەی دگمەنێتە کچەکە و دەیەوێ جەستەی روتی کیژەکە دابپۆشێ. کچەکە عەباکە لەخەی دەکاتەوە و هەنگاوێک لە شوێنەکەی خەی دوورددەکەوێتەوە. دەستدەبات و دووگمەی کاوبەکەی دەکاتەوە و بە هەواشی پانتەڵەکەیشی دادەکەنێ و دەیخاتە سەر کراسەکەی. کەمەنێک ژن لەی نزیکدەبنەوە و دەیانەوێ دەوری بگرن و لە چاوی حەشاماتەکەی دووربخەنەوە. کچەکە بە قەڵەمبازێک خەی لە بازنەی ژنەکان دەردەنێت و چەند مەترێک لەولای ئەوانەوە بە روتی ڕادەوەستێ. ئەستا ئەو تەکستەی کە بە ڕەنگی سوورلەسەر سنگی نووسراوە، بەتەواوەتی دەبینرێ. لە تاتوویەک دەچێ کە خەشنووسێکی بە توانا نووسیبێتی.
" دەورگرتنی چی، ئەو قەحبەیە هەنگێ ئێستا لایقەکیان بە کردبێتەوە و کەسێ بەی پەخشدەکات. ئەو نایەوە نەبینرێ. کاری ئەم دەڤەڕەڵێک ئەوەیە، ئەوە عەزیەتی خەتان بە دەدەن؟" ، پیاوەکە و لەگەڵ ئەو ژنانەدا دەدوێ کە لە شەڕانی خەیاندا نازانن چی بکەن. بازنەی دەوری کچەکە پەڵە لەو دەستەبەرزراگیراوانەی کە کامەرای تەلەفۆنەکانییان کردووەتەوە و فیلم و ڤیدیۆی ماجراکە دەگرن. تەنانەت کوڕەی پاکەتکەی بەردەمی پیرەمێردەکەیش لە سەرقاڵی وێنەگرتنی خەیدا ئەوەی بیر نییە کە خەریکی کرێنی جگەرە بووە و پیرەمێردی لە پشت خەیەوە لەیادکردووە. پۆلیسەکان دێن و بە پەڵە کچەکە دەخەنە ناو سەیارەکەیانەوە. لەناو تاریکی سەیارەی پۆلیسەکەدا، تەکستی نووسراوی سەرسینەی کچەکە دەدروشێتەوە و دەبێ بە بەیەکی وا نووسراوە کە لە تاریکیدا زیاتر ببینرێت. لەناو غەبەغەبی هەبوارانی سەرشەقامدا کە هەریەکە و لەگەڵ کەسی تەنیشتیی خەیەوە لە قسە و باسی ئەوەدان کە چی ڕوویدا و کچی کە بووە…، کوڕەی پاکەتکە، ڕووەکاتە پیرەی پاکەتفرپش و دەڵێ:" ببوورە مامە گیان! چەند دیمەنەکی سەرنجڕاکێش بوو، تکایە چەند دکات؟ پیرەمێردەکە دەڵێ:" من لەبەر قەڵەباغییەکەی دەوری کچەکە نەمتوانی ئەوە ببینم لەسەرسنگی ئەو نووسرابوو، دکرە پەمبەیی چی بوو؟

کوڵەکە مەبایلەکەی دەردەهێنێت و بە پێنجەکانی وێنەکە گەورەتر دەکات ودەڵێ: " من خاوەنی جەستەی خەمم. من بەیاردەدەم چۆن ببینرێ و کێ ببینێ. تۆ ئاگەر بە جەستەی ڕووتی من دەڕوونت گەدەگڕێ و پێدەبی لێ نەفرەت، دەکرێ چاوەکانت دابخەیت. من بەرپرسیاری بینینی تۆ نیم. ئەوە تۆیت خاوەنی چاوەکانی خۆتیت، منیش خاوەنی جەستەی خەمم، لە ژێر تەکستەکەیشدا نووسراوە، زەزان گەلاس." پیرەمێردەکە زەردەخەنەیەک دەکەوێتە سەر ڕووخساری وچاوەکانی پێدەبڕێت لە فرەسک." کوڕم بڕۆ و داوەتی منی". هەرزەکارەکە دەستی مامە پیرە دەگوشێت و دەڵێ. پیرەمێردەکە لەبەرخۆیەوە ورتە ورتی دێ." دەکرێ چاوەکانت دابخەی، دەکرێ چاوەکانت دابخەی"

کۆمیدیای ڕەش چیە؟.. حەیدەر عەبدولڕەحمان

دونیام زەر کەس دەزانێ کۆمیدیا چیەو لەژیانی ڕۆژانەشیدا ڕووبەڕووی زەر لە دیمەنێ کۆمیدیاکانی ناو کۆمەڵگاکەی خۆی و دەوروبەری بەتاوە و چەژی لە بینیووە، بەڵام کەمتر لە دەستواژەی (کۆمیدیای ڕەش) تێگەیشتووە، کە ئەویش هەر پارچەیەکە لەکۆمیدیا بەڵام بە فۆرم و فەلسەفەو ئایدیایەکی تر .
بۆیە بەڵامەوە گرنگ بوو کەم و زۆرێك تیشك بخەمە سەر چەمکی ئەوجۆرە کۆمیدیایەو بزانین چەمکی کۆمیدیای ڕەش چیەو جیاوازییەکانی لەگەڵ (کۆمەدیای جاد) بە گشتی چیە؟
ئایا لەهونەری کوردی دا شتێ هەیە بەناوی کۆمیدیای ڕەش ؟
ئاگەر هەیە ئامانجەکانی چین ؟
کۆمەدیای ڕەش مێژوویەکی درێژی هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانیەکان و ڕۆمانیەکان، بۆ ئەو کاتەی نمایشە شانۆییە کۆمەدیەکان، بەدیمەنە سەرەو ژێرو ڕیسوا کارەکان، خۆکیان دەهێنایە پێکەنین و ڕەخنەیان لەدیاردە کۆمەڵایەتیەکانی سەردەمی خۆیان دەگرت.
دواتر لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، ئەو دەستواژەیە لەو سنوورە دیاری کراوە زۆتر پەڕەی سەندو ئەو قەسیدە گاڵتەوانەی کۆتایەکانیان بەگۆشینی و بەختەوەری دەهات، ناوی قەسیدەی کۆمەدی هێشیان لە

دنا، وەك شاكارە مەزنەكەی (دانتی) كە بەناوی كۆمیدیای خواوەندی ناسراوە.
وەزیفەی كۆمەدیا و فەلسەفەی كۆمەدیا لە هەموو سەردەمەكاندا، هەمیشە دەربڕینی واقعی كۆمەڵایەتی گەلان بووە، بەتایبەت ئەو ناشیرینەكانی ئەو كەسانەی كە دەكران بەسەرچاوەی گاڵتەجاڕی و خەڵكی بە هەڵس و كەوتە ناشیرینیەكانیان پێدەكەنین، بەو ئامانجەی ئەو كەسانە خۆیان لەو خەسڵەتە قێزەونانە بەدوور بگرن كە ببنە مایەی گاڵتەجاڕی خەڵكی.
لەسەردەمی یۆنانی كۆندا شانۆگەرییەكانی (ئەرستۆفانس) باشترین نموونەی كۆمەدیا بوون، دواتر ئەو هونەرە بوو بەهونەرێكی خۆشویست لای ئەوروپیەكان، بە تایبەت لە ئەمریكاو ئینگلتەرا و فەڕەنسا و ڕوسیا، لای شكسپیرو مۆلیرو چیخۆف و گۆگول بە شێوەیەكی بەربڵاو لە هەموو جیهاندا پەرەی سەند.
ئیدی ئۆگەر بمانەوێت بە هەڵگو ڕچەڵەكی كۆمەدیا دا بچینە خوارێ، پێویستیمان بەكاتی زۆتر دەبێت، بەڵام ئەوەی ئێمە ئامانجمان بوو لەئێستادا قسەی لەسەر بكەین (كۆمەدیای ڕەش) بوو، كە ڕەنگە لای زۆرێك لە خوێنەران ڕوون نەبێت.
كۆمیدیای ڕەش چیە؟
كۆمیدیای ڕەشیش هەر كۆمەدیا گشتیەكەیە، بەڵام بەفۆرمێكی جیاوازو لەناوەڕۆكدا ئاراستەیەكی تۆنز ئامێزی هەیە، بە ئەو بابەتانەی بەفۆرمێكی گاڵتەجاڕانە پێردە لەووی پرسێكی كۆمەڵایەتی لادەبەن، بەڵام لەهەمان كاتیشدا جددییەتی بابەتەكە دەپارێزێت، بەیەكگریانی ناو پێكەنین ناونراوە.
لەو نمایشانەدا، بینەر لەگەڵ تۆنزكانیدا دەكەوێتە ناو ئەتمۆسفیرێكی پڕ لەپێكەنین، بەڵام لە ناخیدا دڵگری بە ڕووداوە جەرگ بڕەكان و واقیعە تاڵەكان .
لەكۆمیدیای ڕەشدا، بینەر یا خوێنەر واقعی تاڵی كۆمەڵگایەك بەڕووتی دەبینی، یا كاریكاتیرێكی هەمادارونمایشكی پڕ لەمەرگەسات، بە فۆرمێكی پڕ لەپێكەنین، پێكەنین لە بزووتنەوەی ئێكتەر، لەجلوبەرگی، لەهەڵسوكەوتی شێتانەی، لە دەبەنگی سەرمایەدارێك، یا دكتاتۆرێك، وەك بینەر لە گۆیدا پێدەكەنی، بەڵام لەو پێكەنینەدا پەیامێك دەگەیەنی ـ
جیاوازی نێوان كۆمەدیای ئاسایی و كۆمەدیای ڕەش لەوەدا دەردەكەوێ كە هەردوكییان لەو پەیامەدا دەست نیشانی واقعێكی ڕەش دەكەن، گەمژەیی و بە ئاگایی دەسەاتێك لەژیانی كۆمەڵگایەك بەرجەستە دەكەن، بە ئەوەی دەسەات لەڕەوشی نالەباری كۆمەڵگایەك بەئاگا بینیتەوە، بەڵام بەفۆرمێك بینەر تێدا نەكەوێتە ژێر بارەكی قورسی

دڕووني کې ئازاري پوه بخواو دووچاري ګرېکی دڕووني بټ.
لکه‌مډیای ر ِشدا دڕخستنی حاڵټ تراژیدیکې ئامانج، بڵام لګڵ ئوشدا پکنین دایدپشه، وك ئوی هیچ کشیك لې واقیعکدا نبټ و ټ تنیا بې کات بسر بردن هاتبیټ ناو هڵکې..کې دګڵیټوه سر کرکی بابټکې بټ دردکوه لپشت ئو دیمن کمډیه گاټ جایانډا ئامانجی ګورې خیان حشارداوه، کې پویسټ ټ وك بینر، یا خونر، بډوای دزینوی فلسفې شاراوکدا بګڵ ی تا دیدزیتوه.
لهونری کوردی داو بټایبټ لدراماو شانډا، دڕهنرانی ئمه توانایکی زریان نیشان داوه لشانو درامای تنز ئامزو کمیدیای ئامانج دار، بټایبټ لساڵانی شستکان و حفتاکان بډواوه، کې شانی کوردی لې هلومرجکی تنګټاوی سیاسی دا بووه، لپنای کمډیاوه، ویستوویټی زر ئامانجی ګرنګی نیشتمانی و نټوویی و کمڵایټی بخاټ ووه، یان شانې بکاټ چککی کاریګر بې دربینی هستی خڵك و ئازارکانیان .
شانګریکانی تعټ سامان، سباح عبدولڵحمان، ئحمډ سالار، جلیل زنګنه، جیهاد دپاك، مکی عبدوڵا .. زرینیان کمڵګا لې هقیقټی خیان دادمان بډوو ئاراستې:
یککیان ئویه کې دسڵات ونې تراژیدیاکانی کمڵګا ببینې و هوی چارسرکردنیان بې بدات .
دووهمیان: کمڵګا وك ئاونیك خی لو بڕهمه شانیی و درامیانډا ببینې و هست بوه بکات کې ئرکی ئو وك هاوڵاتیك دستپاچه بوون و تماشا کردنی ئو واقیعه نیه بې تنها، بڵکو ڕڵی ئو ئویه کې بشداری لګڵینی ئو واقیعډا بکات .
کمډیای سیاسی لسردمی کندا، لپنای پکنینوه اشکاوانه ترو ئاشکرا تر لې ئستا، کاریګری لسر هزرو دڕووني بینردا جه دهشت، ئګرچی هونرمندانی کورد، لژر فشای ژمډا چاودریکی توند دکران و لپچینوی وردیان لګڵډا دکرا، بڵام لې سردمی ئازادی دا ئو کمډیا سیاسییانه ووه لکم بوونوه بوون.
کمیدیای رش لې ئدب و هونری جیهانیدا:
بې یکم جار کمډیای ڵش لمژووی نوه دا، لساڵانی پنجاکان و شستکانی سدی بیستمدا لوڵاټ یکګرتووکانی ئمریکا سری هڵډا.
کاټ ساڵی 1064 دڕهنری ناسراوی ئمریکی (ستانلی کوبریك) فیلمی (دکټر سترانج لاف) ی نمایش کردو باسی لشڵی ئټم و نمانی ژیان لسر گو ی زوی دکرد.

ئەم فیلمە دیارترین نموونەی کۆمەدیای ڕەشِ بوو لەسەردەمی نوێ دا.
جاران بابەتە کانی کۆمەدیای ڕەش سنوور داربوون، بە بابەتی سەرکی کۆمەڵایەتی، ئەستا بابەتەکان زۆر لێق و پێپیان لە بەتاوو بچەندین شێواز دەخزێنە ناو کۆمەدیای ڕەش لێوانەوە:
دیاردەکانی خۆکوشتن، شێت، تیرۆر، توندوتیژی، تاوان، ماددە هۆشبەرەکان، ناپاکی، شەتی، ڕەگەزپەرستی، شۆڤێنیزم و تاوان، جگە لەسێکس و هاوشێوەکانی.
سیناریۆنووسەکان بە نووسینی ئەو بابەتە جدییانە فۆرمێکی کۆمەدی بەکار دێنن، بەڵام لە چوارچیوەی کۆمەدیایەکی تاریك .
ئەو بابەتانە بەگشتی وەك مرۆڤ ئازارێکی دەروونیت پێ دەبەخشن، بەڵام بە فۆرمێك دەخرێنە ڕوو ناچاری ئەوە بیت لەگەڵیاندا پێبکەنی.
وەك چاپلن دەڵێت: لەناو دیمەنە کۆمەدییەکانی من گریان هەیە، بەڵام ئەوە وەك شێوە نایبینن.
ئەو خۆی یەکێك بووە لەگەورەترین پاڵەوانەکانی کۆمەدیای ڕەش و بێپادشای پێکەنین ناونراوە، وەك فیلەسوفی گەورەی فەڕەنسی (جاك بوار) دەڵێت:
هەموو کتێبێ فەلسەفیەکانی دنیا کەکێتێوە، نێیان توانیووە بەقەد (چاپلن) شێوەی سەرمایەدارەکان بکەن و بزانن ئەو سەرمایەدارانە چۆن بەنواندنەکی بە دەنگ ڕیسوا دەکرێن و تەڕەی چینی زەحمەت کەشیان لە دەکرێتەوە.
بەیە ئەو جۆرە کۆمەدیایە کۆمیدیایەکی ئاسان نین و هەموو سیناریۆ نووسێك ناتوانێت کاری تێدا بکات، ئەگەر شارەزاییەکی باشی نەبێت لەچۆنیەتی دەرخستنی پرسەکی تراژیدی لە ناوەڕۆکدا، بەڵام کۆمەدی لەشوێدا .
نووسەرانی وەك (ویلیام فۆکنەر، تۆماس بەهنکن، کورت ڤۆنگوت، جۆزێف هێلەر، مارك توین، لویس فەردیناند سێلین و جۆرج برمادشۆ، چیرێك و ڕۆمان و شیعر و شانۆنامەیان نووسیوە، قووڵبوونەوەیان لەفیلمە ترسناکەکاندا کردووە و بە شێوەیەکی کۆمیدی ڕووداوەکانیان کردووە بە وێنە.
کۆمیدیکارانی وەك لێنی بروس، جۆرج کارلین، بیل هیکس، پیتەر کوك، ساچا بارۆن کۆهین و تیپی مۆنتی پایتۆنی بەریتانی کاری زۆریان لەسەر کۆمەدیای ڕەش کردووە.
کۆمەدیای ڕەشی چیخۆف:

چێخۆف، وەك گۆگۆل، ڕەخنەی شەرعی ئەو ئەدەبیاتە جەماوەریە تەنزئامێزەن کە سەدان ساڵە ڕووسیا بەهێوە ناوبانگی پێ

دەرکردووە.
وەک یەک کەسێکی خۆشەویست و نووسینەکانی چێژ بەخشی بەکات، سەرنجی پەیوەندیەکی دیالێکتیکی ناوخۆی نێوان پێکهێنەر و ئازارو خەم و گۆڕانکاریەکانی دەدات، لە بازنەی کۆمیدیای کەش دا.
لایەکی دیکەو زۆربەی نووسینە تۆنز ئامێزکانی دیکەی وەک کەمانووسی ڤووسی (ڤلادیمێر نابۆکۆف) دەکەونە نێوان پێکهێنەر و خوێنەرەوە، یان لەنێوان تەقینەوە لەپێکهێنەر و گریان.
هەندێ جاریش هەموو شتەکان لەیەک کاتدا دەبن، وەک پێکهێنەر و دەنگی.
لەو کاتدا تەنها ناتوانیت لایەنە خەمناکەکان بۆتنها ببینی، بەبێ بینینی کۆمیدیەکان، چونکە هەردوکیان لە هەناوی یەکتردان.
چێژ هەمیشە بەهای ئەدەبی خۆی بەگشتی و وەک تۆنزنووسێک بۆتایبەتی لەژیانی سادەی رۆژانەی خۆی و دەوروبەری وەرگرتووە، کە بەزنجیرەیەک ئەشکەنجەو ئازار تێپەڕیوە، هەرئەو ئازارانە بوون بەسەرچاوە بۆ نووسینی چیرۆک و شانۆگەریەکانی، هەر یەک لەو بەرهەمانە پارچەیەکی بچووک بوون لەئازاری گەلەکەی.
چیخۆف لەناو ئەو ناوەندە کۆمەڵایەتیە تەسکەی تێیدا دەژیا، سودەکی زۆری لەو واقیعە بینی بۆ داشتنەوەی بەرهەمەکانی، کە زۆربەیانی بەکۆمەدیای ڕەش بەرجەستەی کردوون.
لە زۆربەی بەرهەمەکانییشدا چیخۆف خۆی کارکتەری ووداوەکان بووە، ئیدی هەر ئەو نەهامەتیانە بوون وایان لە چیخۆف کرد، ناچاری ئەوە بێت وانەی تایبەتی بەتەوە، بۆ ئەوەی نان بۆ خۆی و خێزانە برسیەکەی پەیدا بکات و لە خوێندندا بەردەوام بێت.
بۆ گشتی چیخۆف یەکێک بووە لەپێشەنگەکانی کۆمەدیای ڕەش لە ڕووسیا، وەک شکسپیر لە بەریتانیاو ستانلی کۆبریک لە ئەمریکاو مۆلێر لە فەڕەنسا .

حەیدەر عەبدولڕەحمان

خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ کارەکتەر و ژینگەسازی لە رەماندا.. باکۆ رەبوار

ئەمان وەک ژانرێکی هونەری بەردەوام لە نوێبوونەوەدایە. ئەم گۆڕانکارییانە بەتایبەتی لە بواری بنیاتنانی کارەکتەر و ژینگەسازیدا دەردەکەون، کارەکتەر وەک ستوونێکی سەرەکی لە پێکهاتەی ڕەماندا، ئەو بەشەیە کە خوێنەر لە ڕێگەیەوە پەیوەندی لەگەڵ چیرۆکەکەدا دروست دەکات، تەنها کەسایەتییەکی خەیاڵی نییە، بەڵکو نوێنەری کەمەک بیرکەرەوە و هەستە کە لە ناخی مرۆڤدا هەن، لەرەدا نووسەران هەوڵ دەدەن کارەکتەرکانیان بە شێوەیەکی ئاڵۆزتر و فرەڕەهەندتر دابڕێژن، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی "دەنگی ناوەکی" یان "مەنەلۆگی دەروونی"ـەوە بەدی دێت، کە تیایدا خوێنەر دەتوانێت ئاستەوخۆ بیرکردنەوە و هەستەکانی کارەکتەر بخوێنێتەوە و وەک بوونەوەرێکی زیندوو و گۆڕاو سەیری بکات، نەک وەک شتێکی جێگیر و نەگۆڕ، وە لەماوەی گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا بەردەوام لە گۆڕاندابێت، هەروەک چۆن مرۆڤ لە ژیانی ڕاستەقینەدا بەردەوام دەگۆڕێت.

لەلایەکی دیکەوە ژینگەسازی لە ڕەماندا ئەو پرسیارەیە کە تیایدا نووسەر جیهانێکی تایبەت بە هەوداوەکانی چیرۆکەکەی دەسازێنێت، ژینگە تەنها باکگراوندێک نییە بۆ هەوداوەکان، بەڵکو بەشێکی زیندوو و کاریگەر لە چیرۆکەکە، نووسەران هەوڵ دەدەن ژینگەیەک بئافرێنن کە لەگەڵ کارەکتەر و هەوداوەکاندا لە کارلێکی بەردەوامدا بێت. یەکێک لە تەکنیکە نوێیەکان لە بواری ژینگەسازیدا، بەکارهێنانی "ژینگەی دەروونی"یە، لێم شەوازدا ژینگەی دەرەکی ڕەنگدانەوەی دەخی دەروونی کارەکتەرکانە، بە نموونە کاتێک کارەکتەرێک لە دەخێکی دەروونی نالەباردایە، دەکرێت ژینگەی دەوروبەری بە شێوەیەکی تاریک وەسف بکرێت تەنانەت ئەگەر لە ڕاستیدا وا نەبێت، هەروەها ژینگە وەک ڕەگەزێکی سەربەخۆ سەیردکرێت ئەمەش وا دەکات کە ژینگە ڕۆڵێکی چالاکتر لە بەرەوپێشبردنی چیرۆکەکەدا بگێڕێت و تەنانەت دەکرێت وەک ڕەگەزێکی سەرەکی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، لە هەوانگەی فەلسەفییەوە، بنیاتی کارەکتەر و ژینگەسازی لە ڕەماندا، دەرخەری گێڕانکارییەکی قووڵە لە تێگەیشتنی ئەمە بە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگە، لەرەدا جەرەک

لە یەکبوون لە نەوان کارکتەر و ژینگەدا دروست دەبێت، نووسەران ئەستا زیاتر گرنگی بە دروستکردنی پەیوەندییەکی ئۆرگانیک لە نەوان کارکتەر و ژینگەدا دەدەن، ئەمەش وای کردووە سنووری نەوان ئەم دوو ڕەگەز زۆر جار لەق و ناڕوون بێت، بە جۆرێک کە زۆر جار دەبینین ژینگە دەبێتە بەشێک لە کەسایەتی کارکتەر و کارکتەریش دەبێتە بەشێک لە ژینگە، لە لایەکی دیکەوە بنیاتی کارکتەر و ژینگەسازی لە ڕۆماندا، دۆرفەتی نوێی بە لێکۆڵینەوە لە بابەتە ئاڵۆزەکانی وەک ناسنامە، شوناس و پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ جیهانی دەوروبەریدا ئافراندووە، لە ڕۆمانی هاوچەرخدا، دەبینین کە کارکتەرەکان زۆر جار لە ملمانێی بەردەوامدان لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریان، ئەمەش وەک گوزارشتێک وایە بە ئەو ململانێیەی کە مرۆڤی هاوچەرخ لە ژیانی ڕۆژانەیدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، هەروەها گرنگییەکی تایبەتی بە چەمکی "کات" لە پەیوەندی نەوان کارکتەر و ژینگەدا دەدات، کات وەک فاکتەرێکی گرنگ لە شێوەگرتنی کارکتەر و گەشانی ژینگەدا دەبینرێت، بە نموونە دەبینین کە چۆن تێپەڕبوونی کات کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی کارکتەر دادەنێت، یان چۆن ژینگەیەک بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێت و ئەم گۆڕانەش کاریگەری لەسەر چیرۆکەکە دادەنێت،ئەمە وادەکات لە ڕووی تەکنیکییەوە نووسەران شێوازی نوێ بە گۆڕانەوە بکاربهێنن بە نموونە، بەکارهێنانی تەکنیکی"شێوازی ئازادی ناڕاستەوخۆ" کە تیایدا سنووری نەوان بیرکردنەوەی کارکتەر و وێنای ژینگە تێکەڵ دەبێت، ئەمەش بووەتە یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ڕۆمانی هاوچەرخ، وە هەروەها کاریگەری لەسەر شێوازی خوێندنەوە و شیکردنەوەی ڕۆمانیش داناوە، خوێنەر و ڕەخنەگران ئەستا زیاتر سەرنج دەدەنە پەیوەندی نەوان کارکتەر و ژینگە، ئەمەش وای کردووە کە خوێندنەوەی ڕۆمان ببێتە پرسیەکی چالاکتر و داهێنەرانەتر، کە تیایدا خوێنەر ڕۆڵێکی گرنگتر لە دروستکردنی واتادا دەگێڕێت، بنیاتی کارکتەر و ژینگەسازی لە ڕۆماندا، دۆرفەتی نوێی بە لێکۆڵینەوە لە بوارەکانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی ئافراندووە و ڕۆمان وەک ئامرازێک بە تێگەیشتن لە پێکهاتەی دەروونی مرۆڤ و ئەو کاریگەریانەی کە ژینگەی کۆمەڵایەتی و فیزیکی لەسەری دایدەنێت، وە لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە کاریگەری لەسەر شێوازی بەکارهێنانی زمان لە ڕۆماندا داناوە، نووسەران ئەستا هەوڵ دەدەن زمانێک بەکار بهێنن کە بتوانێت ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزەی نەوان کارکتەر و ژینگە بە باشترین شێوە دەربڕێت، ئەمەش وای کردووە کە زمانی ڕۆمان زۆر جار لە سنووری زمانی ئاسایی تێپەڕێت و بەرەو جۆرێک لە شیعریەت بڕوات، دەتوانم بڵێم بنیاتی کارکتەر و ژینگەسازی لە ڕۆماندا،

گۆڕانکارییەکی قووڵی لە تێگەیشتنی ئەمە بە چەمکی هەمان و هتد لە کەلەگای هاوچەرخدا دروست کردووە، ئامرازێکی گرنگتر بە تێگەیشتن لە ژیانی مرۆڤ و ئاو پەیوەندییە ئاڵۆزەی کە لە نێوان تاک و کەلەگادا هەیە و ئەم گۆڕانکارییە لە بنیاتی کارەکتەر و ژینگەسازیدا بەرهەمی کەلەگایەتی و فەلسەفیی کە لە سەدەی بیستەمدا هووپان داوە، وەک پڕاکسەندنی بیری پۆست-مۆدێرنیزم سەبارەت بە چەمکگانی ئاستی، ناسنامە و پەیوەندی نێوان مرۆڤ و جیهانی دەرەوە، ئەمەش هەنگدانەوەی لە شێوازی بنیاتنانی کارەکتەر و ژینگەسازی لە هەمانی هاوچەرخدا هەبووە، یەکێک لە گرنگترین ئاو گۆڕانکارییانەی لە بواری بنیاتنانی کارەکتەردا هووی داوە، گواستنەوەیە لە کارەکتەری یەک-هەهەندی بە کارەکتەری فرە-هەهەندی، لە هەمانی کلاسیکدا، کارەکتەرەکان زۆر جار وەک نموونەی بەرجەستەی تایبەتمەندییەکی دیاریکراو یان بۆچوونێکی کەلەگایەتی دەردەکەوتن، بەڵام لە هەمانی هاوچەرخدا، کارەکتەرەکان زۆر ئاڵۆزتر و فرەهەهەندترن وخاوەنی لایەنی باش و خراپن، هەڵەی مرۆیی دەکەن، دووچاری پارادۆکسی ناوەکی دەبن و زۆر جار لە نێوان بەیارەی جیاوازەکاندا دەکەونە دووددڵییەوە و نەک تەنها وەنێکی هاستر لە سروشتی مرۆڤ پێشکەش دەکەن بەڵکو دەرفەتی زیاتر بە خوێنەر دەبەخسێنن تا خۆی لە کارەکتەرەکاندا ببینێتەوە و هاوسۆزییان لەگەڵدا بکات، کارەکتەر تەنها بەرهەمی کردار و وتەکانی نییە، بەڵکو بەرهەمی ئاو بیرکردنەوە و هەستانەشە کە لە ناخیدا هەن، ئەمەش وای کردووە کە نووسەران گرنگییەکی زۆر بە نیشاندانی جیهانی ناوەکی کارەکتەرەکان بدەن، تەکنیکی "مۆنۆلۆگی ناوەکی" نموونەی بەرچاوی ئەم هەبازە نوێیە، لە لایەکی دیکەوە گۆڕانکارییە گەورەکان لە بواری ژینگەسازیدا، پەیوەندییەکی هاستوخۆیان بە گۆڕانی تەوانینی مرۆڤ بە جیهانی دەوروبەری هەیە، لە سەردەمی مۆدێرنەدا زانست و تەکنەلۆژیا گۆڕانکاری گەورەیان لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشتدا دروست کردووە، لە زەربەی هەمانە هاوچەرخەکاندا ژینگەی شار وەک ژینگەیەکی ئاڵۆز و فرەهەهەند نیشان دەدرێت کە کاریگەری قووڵی لەسەر ژیان و دەروونی کارەکتەرەکان هەیە، زۆر جار دەبینین کە سروشت وەک هێزێکی زیندوو و کاریگەر لە چیرۆکەکەدا دەردەکەوێت، نەک تەنها وەک پاشخانێکی جوان بە هووداوەکان، لە هووی تیۆرییەوە ئەم گۆڕانکارییانە لە بنیاتی کارەکتەر و ژینگەسازیدا پەیوەندییەکی هاستوخۆیان بە گۆڕانکارییەکانی بواری فەلسەفە و دەروونناسییەوە هەیە، بە نموونە بیرکەکانی فرۆید سەبارەت بە ناخودئاگا کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر شێوازی نیشاندانی جیهانی ناوەکی کارەکتەرەکان داناوە، وە

بیرکەکانی هایدگەر سەبارەت بە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و جیهان کاریگەریان لەسەر شێوازی تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان کارەکتەر و ژینگە دانـــاوە و ڕەخنەی دەروونشیکـــاری کە هەوە دەدات لە ڕێگەی شیکردنەوەی کارەکتەرەکانەوە قووڵتر لە دەروونی مرۆڤ تێبگات، لە ڕووی پـــراکتیکییەوە ئەم گەڕانکاریـیـانە لە بنیـــاتی کـــارەکتەر و ژینگەسازیـــدا کاریگەریـیـان لەســەر شێــوازی نووســینی ڕەمــان و تەکنیکەکانی گەڕانەوە بۆجەهشتووە بە نموونە، تەکنیکی "گۆشەنیگای فرەیی" کە تیایدا چیرۆکەکە لە گۆشەنیگـای چەنـد کـارەکتەرێکی جیـــاوازەوە دێگێڕدرێتەوە، بـــووەتە یەکێـــک لە تایبەتمەنـــدییە دیارەکانی ڕەمانی هاوچەرخ، ئەم تەکنیکە دەرفەت بەخوێنەر دەدات تا ڕووداوەکان لە چەند گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە ببینێت و فراوانتر لە ئاڵـزییەکانی چیرۆکەکە تێبگات دەتوانم بڵێم گەڕانکاریـیەکان لە بنیاتی کارەکتەر و ژینگەسازی لە ڕەماندا، بەشێکن لە گەڕانکاریـیە گشتییەکـــان لە بـــواری ئەدەب و هـــونەردا، ئەم گەڕانکاریـیـــانە ڕەنگدانەوەی ئەو گەڕانە فراوانەن کە لە شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤ و تێگەیشتنی لە خۆی و جیهانی دەوروبەریدا ڕوویان داوە، هەربۆیە ڕەمان بووەتە ئامرازێکی بەهێز بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاڵـزییەکانی بوونی مرۆڤ و ئەو پەیوەندییە دژوارەی لە نێوان تاک و کۆمەڵگا، مرۆڤ و سروشت، و هاوبەشدا هەیە، ئەم گەڕانکاریـیانە نەک تەنها شێوازی نووسینی ڕەمانیان گۆڕیوە، بەڵکو شێوازی خوێندنەوە و تێگەیشتنیشیان گۆڕیوە و خوێنەری هاوچەرخ ئێستا ڕەخنەکی چالاکتر لە پرسەی خوێندنەوەدا دەگەڕێت و بەشداری لە دروستکردنی واتادا دەکات، ئەم گەڕانکاریـیانە، دەرخەری ئەو هاستیێن کە ڕەمان وەک هەر هونەرێکی دیکە، بەردەوام لە گەڕان و پرسەندنداید و توانای ئەوەی هەیە خۆی لەگەڵ گەڕانکاریـیە کۆمەڵایەتی و فەلسەفییەکانی سەردەمدا بگونجێنێت، ئەمەش وای کردووە کە ڕەمان بەردەوام وەک یەکێک لە کاریگەرترین و بەهێزترین شێوازەکانی گوزارشتی هونەری و ئەدەبی بمێنێتەوە.

Bako Rebwar

ماڵئـــــاوا لـە چـەک (وداعـــــا لـلسلاح).. شـەماڵ بارەوانی

ماڵئاوا لەچەک، شاکارێکی مەزنی ئەدەبی و هەمانەکی تری ناوازەی هەمـــانـنووس و گەورەنووســـەری نـــاوداری جیهـــانی بە هەگەز ئەمریکی(ئەرنست هەمنگوای)ـە.
ماڵئـاوا لە چەک، تەوەری سەرەکی و نـاوەنـەک و باسوخواسـەکانی بە دەوری هەوداوەکانی یەکەم جەنگی جیهانیدا دەخولێتەوە. ماڵئاوا لە چەک، هاوارێکە لە دژی جەنگ و هەتکردنەوەی جەنگ.
پـاڵەوانەکەی هەمنگـوای لـەو بـارەهـەمـدا(فریـدریک هـەنـری) گـەنجـێکـی ئـەمریکییـە و ئـەفسـەرە لـە هێزی سوپا بـە پلـەی میلازمی یەکـەم.
ئـەو لـە بـواری فریـاگوزاری و گواسـتنـەوەی بریـنـدارەکانی جـەنـگ بـە نـەخـۆشخانـەیـەکی تایبـەت بـەو بوارە کار دەکات.
ئـەو گـەنجـە لـە کاتی ئەرکەکـەیدا زامدار دەبـێت و دەگوازرێتـەوە بـە نـەخـۆشخـانـە، لـەوێ دەکـەوێتـە داوی خـۆشـەویسـتی کچـە پـەرسـتـارێک بـە ناوی(کاترینا بارکلی).
فریدریک، لـە نـەخـۆشخانـە زامداربوونـەکەی وەکو دەرفـەتـێک لـە پـێناو ئیشقـەکەی دەقـۆزێتـەوە بـە زیـاتر نزیکبـوونـەوە لـەو خانمـە پـەرسـتارە.
ئـەو، لـە لایـەک هەدەچێت لـە دنیای ئیشق و هەمانسیبـێت و غـەرقی جیهانی ئیشق دەبـێت، لـە لایـەکـیتریش دوای ئـەوەی بـە چاوەکانی خـۆی مـەرگی هاوەڵـەکـانی دەبینـێـت، کـە چـەن دەڤاسـەی ئـەو جـەنگـە نـەگریسـەیـە بـەبـزەیـیانـە گیانی یەک بـە یـەکیان دەدوورێتـەوە و چـەندە دەڤـەقانە دەکـەوێتـە وێـزیان و پـەڕەی گوڵی تـەمـەنیان هەڵدەوەرێنـە. فریدریک، دەکـەوێتـە بیرکردنـەوە و تـەڤامان و پرس و مـەنـەڵـەگ لـەگـەڵ خـۆیدا و دەڵـێـت: بـاشـە کـوا مـرۆڤـایـەتی؟ تـا کـەی جـەنـگ؟ تـا کـەی کـوشتن و لـەناوبردن؟ تاکەی یەکتری سـینـەوە و کاوەکردن و وێرانکردن؟
هەر بـە هاستی مـرۆڤ بـە ئـەوە لـە دایک بـووە تا جـەنگی جیهانی بـەرپا بـکات و سـەتان ملیـۆن کـەس بکات بـە سووتـەمـەنی ئاگری جـەنگ؟ مـرۆڤ بـە ئـەوە لـەڕیـە تا داهـێنان لـەپـێناو مـرۆڤایـەتی و خـۆشترکردنی ژیان بکات و بوون ئاوەدان بکاتـەوە، یان داهـێنانی زانستی و چـەکی پـێشکـەوتوو بـە دژایـەتی یـەکتری و هـەکارێک بـە چـەوسانـەوەی گـەلان و داگیرکردنی خاکی نـەتـەوەکانی تر و دەستبـەسـەرداگرتنی ئازادی ئـەوانی تر و وێرانکردنی ژیان و خاپوورکردنی بوون و پیسکردنی گـەردوون بـەکـار بـێنـێـت و کـەمـەکـوژی و تراژیـدیای لـە شـەوەی هیرۆشیمـا و ناکـازاکی لـە دژی گـەلـــی ژاپـۆن و حـەبجـە لـە دژی نـەتـەوەی کـــورد

بەکاربێنێت؟ وەکو ئەوەی ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی بەعسی فاشیست، لەگەڵ ئەو دوو نەتەوەیە کردیان؟
لە دەرەنجامی پرسیارکردن و بیرکردنەوەی قووڵی فریدریک هینری لە ناسەری و کارساتەکانی جەنگ و ماوەرانییەکانی، کەکەکەی ئەوە دەکەوێتە مشکیەوە کە خەی هەداتە نەو ەووبار و کەتایی بە ژیانی بێنێت و لە دەستدەقی جەنگ و تراژیدیاکانی ژیان قورتاری بێت. بەڵام سەرەنجام ئەو لەوە پێشیمان دەبێتەوە، چونکە فریدریک هەشتا دەی زەر بەهەز بە ژیان لەدەدات و تەوی خۆشەویستی ژیان لە ناخیدا سەوزە و بە ئاواتەوە هەنگاو دەنێت و جەنگ سەرەڕای ئەو ەشبینی، نائومێدی، ئازار، فرمێسک، ماوەرانی و تراژیدیایانەی کە لەگەڵ خەیدا دەیانهێنێت، نەیتوانیوە بە یەکجاری داری ئومێدی فریدریک کرمە بکات و دەنگی هەناسەکانی بخنکێنێت و باوەبوون بە درۆدان بە ژیان و مانەوە لە بووندا لە بسەنێت.
فریدریک دواجار بەیار دەدات چەک فەڵە بدات و لە ژیانی سەربازی و ێزی سوپا ابکات و بگەڕێتەوە بە ژیانی مەدەنی و دووبارە تەکەڵە بە دنیای ئارامی دوور لە جەنگ و باروت و خوێن و کوشتن و کارەسات بێت و لە ئامێزی خۆشەویستەکەیدا درۆژە بە ژیان بداتەوە. ئەو دڵشزانێت اکردن لە ێزی سوپا و لە کاتی جەنگدا، واتای چیێ و چ تاوانێکی گەورە و ناپاکیێکی نیشتیمانییە و لەخۆشبوونی بە نییە و سزاکەی مەرگ و سەداریە. بەیە لەگەڵ کاترینای خۆشەویستی پلانی ئەوە دادەڕژن، ئیتالیا جێ بهێڵن و لە سویسرا بگیرسێنەوە. ئەوان دوای گەیشتنیان بە سویسرای وەاتی ئارامی و جوانیی، وەاتی مەسیقا و ئیشق، وەاتی مرۆقبوون و ژیان، وەاتی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیێکان، وەاتی پلورالیێتی کۆمەایەتی و ئایینی و سیاسی و فرەکولتووری، وەاتی هەموو پێکهاتەکان و قبووکردنی هەموو جیاوازیێکان، کاترینا دووگیان دەبێت و هەردووکیان زەر بە تامەزرۆیێوە ڕۆژەکان و کاتژمێر و چرکەکان لە چاوەڕوانی هاتنەدنیای کۆرپەکەیان دەژمێرن. وەلە ئەفسووس! قەدەر پێچەوانەی چاوەڕوانییە پێ لە بڕائێت و خەزگە و تامەزرۆیی و تاسەکانی ئەوان، بەیارەکی تری زەر دەقانەی دا و کۆرپەی ئاواتەکانی گەلە بەبەزەییانە، لە خستنە نەو گەی مائاوایی. کاترینا ژانی منداڵبوون گرتی و لە نەخۆشخانەدا و لە دەرەنجامی نەشتەرگەری شەقکردنی سک و دەرهێنانی منداڵە مردووەکە، خوێنبەربوونی ناوەوە(نزیف داخلی)ی بە دروست بوو و گیانی سپارد!
فریدریک دوای ئەو ەوداوە بە ئازار و کارساتە ناخەژێنە، بەیاری دا چەک دانەدات و دژی دەقیێکانی چارەنووس بجەنگێت و هەرگیز ادەستی شکست نەبێت و بەیەداخی دەان لە بڕانبەر ژیان

بەرزنەکاتەوە و درێژە بە مانەوەی بدات. ئەو بەیاری دا سەرەای گەورەیی قەبارەی ئەو تراژیدیایە و ئازارەکانی، وەلێ بەراورد بە کارەساتەکانی جەنگ و ماوەرانییەکانی، بە ئاسایییتر و بچووکتر وەربگرێت. ئەو جەنگەی دەوڵەتان و وڵاتانی زلهێز و سەرکردەکانیان لەپێناو کەمەلێک بەرژەوەندی جای دەدەن. ئەو جەنگە ماوەرانکەرەی دواجار هەر مرۆقایەتی دەبێتە سووتەمەنی و قوربانی ئاگرە بێئامان و سووتێنەرەکەی.
ماوەتەوە بڵێم:

پەیامی ڕەمانی(ماێئاوا لە چەک)، هاوارێکە بە وڵاتە زلهێزکان و جیهان، کە چیتر جەنگ بووەستێنن و بە یەکجاری ماێئاوایی لە چەک بکەن و باروتەکان بکەن بە مرۆکەبی خامەی خۆشەویستی و ئیدی لە بری کوشتن و خوێنشتن و وەرانکردنی ژیان و دروێنەی جەستەی مرۆڤ و ناشیرینکردنی بوون، مرۆقایەتی بنووسنەوە و گوڵی عیشق و جوانی بەوێنن و ژیان ئاوەدان کەنەوە. ماێئاوا لە چەک، پەیمان دەێت مرۆڤ سامانێکی مەزن و بوونەوەرێکی پیرۆز و بە هیچ پاساوێک ناکرێت بکرێتە ئامرازێکی بچووک و بەبەها بکرێت و بکرێت بە سووتەمەنی جەنگ و لەپێناو هەر سەرکەوتنێک، دواجار باجەکەی هەر دەانە بە خوێنی مرۆڤ.
لە کتایدا نووسەر لە ەگەی(فریدریک)ی پاەوانی ەمانکەیەوە پەیمان دەێت هەاتن لە جەنگ، ەتدانەوەی توندوتیژی و ەتکردنەوەی جەنگ. مرۆڤ یەکەم بزوێنەر و هەایسێنەری پشکەی ئاگری جەنگە و دواجار هەر خەیشی دەبە کتایی بە جەنگ بێنێت و ەگری لە سەرهەدانی جەنگ بکات، ئەگەر هەر نەیتوانی کتایی بە جەنگ بێنیت، با لە جەنگ ابکات.

"شەمە بارەوانی"

کتێبی (خەم و ئێستەرگەشکان) ئەرشیفەکی گرنگی نووسەر و

هونەرمەندانی کوردستان.. کامەران حاجی ئەلیاس

لە هەموو وڵاتێکی ئەم جیهانەدا گرنگییەکی زۆر بە بواری ئەرشیف و بەڵگەنامە دەدرێت، کەئامانج لێی پاراستنی شوناسی نەتەوەو وڵاتەکەیە ..بۆ ئەو مەبەستە چەندین دەزگا و فەرمانگەی تایبەت بەو بوارەدا بوونیان هەیە بەشێوەیەك بودجەی تایبەتیان بۆ تەرخان دەکرێت کەسانی شارەزا وپسپۆر کارەکە ئەنجام دەدەن وەکو سەرمایەکی گەورەی نیشتیمانی و نەتەوەیی ئەو وڵاتە گرنگی پێدەدرێت و پارێزگاری لێدەکرێت .

بوونی دەزگایەکی ئەوا جگە لەوەی پاراستنی بەڵگەنامەو ئەرشیفی نەتەوەیی،لە فەوتان لە هەمکان کاتدا وەکو بەڵگەوسەرچاوە بۆ زەرەك لە کایەکانی ژیان بەکار دێت وەکو بەڵگەنامەیەکی باوەڕپێکراو چونکە بۆ سەلماندن و بوونی هەرشتێك پێوستی بەبەڵگەیە..بۆنموونە کاتێ باس لە یەکەم ئەکتەر دەکرێت کە وەکو یەکەم کەس لەجیهان چەپتە سەرتەختەی شانۆ دەڵێن (تیسپیس) لە وڵاتی یۆنانەوە ئەوان بەڵگەیان لەبەردەستە دەیسەلمێن بەجۆرێك تائێستا گەڵەکەی بوونی هەیە وەکو بیبلەی چاویان پارستووە کەسیش ناتوانێ نکۆی لێبکات.

دوای راپەڕینی گەلی کوردستان لە بەهاری ساڵی 1991 ودامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان ،بەداخەوە هیچ گرنگی بە بواری بەڵگەنامەو ئەرشیف نەداوە بەجۆرێك هیچ دەزگایەکی تایبەت بە کەکردنەوەی بەڵگەنامەو ئەرشیفکردن نییە راستەو لەرەو لەوە هەندە کاری تاکەکەسی کراوە بەناو بەشێوەیەکی رەکخراو کە لایەن وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی بکرێت بەداخەوە بوونی نییە بۆیەپاشی 32 ساڵ لە راپەڕینی گەلی کوردستان و دامەزراندنی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ هەوڵێك بۆ ئەو بوارە نەدراوە..

کتێبی (خەم و ئەستێرە گۆشکان) لە نووسینی نووسەر "نەجەمەدین عەزیز سمایل" کەتائێستا 10 بەرگی لە چاپ کراوە کارێکی مەزنی نووسەرە سوودێکی زۆری پێشکەش بە ئەرشیفی هونەری و ئەدەبی کوردستان کردووە، کە ژیان و کارو چالاکی چەندین هونەرمەند و نووسەر تا میدیاکارانیش لە خەدگرتووەکو سەرچاوەیەکی گرنگ سوودی لێوەردەگیرێت بگومان پێشتریش چەند بەرزێك ئەو کارەیان کردوە بەناو لە چوارچێوەیەکی دیارکراوە بۆنموونە چەند هونەرمەندو

نووسەرکی شارك یاخود ئوپەری دوو یان سێ شاری لە کتێبك دا ژیان و کاروچالاکیەکانی کەکراوەتەوە زۆرك لەوانەش هاوکاری کراون واتە تێچووی لە چاپ دان و بڵاوکرنەوە بیان دابین کراوە …بەڵام ئەوەی نووسەر و میدیاکار بڕڕز نەحمەدین لە زۆر هووە جیاوازە بەنموونە کتێبکەی تایبەت نەکرد وە بە شارك یاخود ناوچەیك بەڵکو هەموو سنوورکانی بڕاندوە ..هەرچوار پارچەی کوردستانی لەخۆگرتووە بگرە ئەوانەی لە هەندەرانیش دژین ئەوانیشی بەسەرکردەتوە لایەکی تری ئەم کتێبە ئەویە نووسەر هەموو ئەو نووسەر و هونەرمەن و میدیاکاران بەسەرکردەتوە کە خاوەن ئەزموونن خاوەن پێگەیەکی هونەری و ئەدەبی نەو گەلەکەی خیانن بەهەردووو رۆگەزکەیەوە، بەڵام لەو کتێبکەدا زۆرك لەو هونەرمەندە و ئەدیبانەی لە خەدگرەت کە لە نەتەوەکانی ترن وەکو تورکمان و مەسیحیەکانیش ئەوانیش بەسەرکراونەتەوە ..خاڵیکی تر ئەم کتێبە ئەویە زۆرك لەوانەی بەسەرکراونەتەوە کەچیان کردون ..ئەتوانم بڵێم ئەوەی ئەم بڕڕزە دێکات ئەوە ئەرکی وەزارەتی رۆشنبیریە بڵام ئەو لەسەر ئەرکی خۆی ئەم کارە دکات بەهۆی ئەوەی کتێبکە بە جوانترین و چاکترین شێوە لەرووی دیزاین و بڕگ چاپکردنی بێ پۆستی بە خەرجیەکی زۆرە .

شایانی باسە لە کاتی تەواو بوونی هەربەگك لە کتێبی (خەم و ئەستێرە گۆشکان) گۆڤانەوەی لە چاپخانە رۆورسمەکی تایبەتی لە شارکانی کوردستان(هەولێر،سلێمانی، کەرکووك، دهۆك) بە ئامادەبوونی کەمێی لە رۆشنبیروئەدیبان ناساند و بڵاوکردنەوەی بە دکرەت ،کتێبکە پێشکەش بە ئامادەبووان دکرەت.

لە کۆتایدا داوا لە لایەنی پەیوەندار بەتایبەتی وەزارەتی رۆشنبیر و لاوان دکەم تادکرەت هاوکاری نووسەر"نجەمەدین عەزیز سمایل" بۆئەوەی لەم کارە مەزنە بڕدەوام بێت..چونکە وەکو من ئاگادارم ئەو پرۆژەیە بڕدەوامی هەیە لەئێستادا خەریکی ئامادەکردنی بڕگی یانزەمین (خەم و ئەستێرە گۆشکان)-ە هیچ نەبێت رزلێنانکی تایبەتی بە بکات لەبەرامبەر ئەو کارەی ئەو کردوویەتی ..هیوای تەمەن درێژی بە بڕڕز" نجەمەدین عەزیز سمایل" دەخوازم بە هیوای بڕدەوامی.

کامەران حاجی ئیلیاس

فەرهەنگی شێتان.. پشکێ ناکام

[لەهەر ووشەیەکا مزگەوت لە خستەخانێ و
مەکتەب زێرتر بوو ، دەسەلات بەر پرسێ
لە داڕووخانی کەمەنگا.....
د . طە حسین]

..... یەکێ لە هەرە گرفتە گەورە و چارەسەر نەکراوەکانی ئەو سەردەمەی کسورەی ئەمریکا و ئەوروپا ناویان ناوە " هەرەم ! !!" بە ئیشیە ، هەر لە سەرەتای نووسینەوە هەر سالێی بە سەدان قوتابی ئامادەیی و پەیمانگا و زانکۆ دەرئەچن و دامەزراننیش سەر خەوی دوای قبوڵیە ، جگە لە دامەزرانن وەک ئاسایش و کەماندۆ و " موخبیر" سەعات دەی بەیانی داوای بکەن پاش نیوەڕۆ دامەزراویت..ئەم گرفتە بەرامبەر بە حاڵەتێک کە تەنیا لەشاری "سلەمانی" هەزار و دوو سەد مزگەوت هەیە !! چی ئەبوو گەر لەم ژمارە زۆرەیا سێ سەد دانەیان کارگە بوایە ؟ بە داخەوە شەشگۆشەکانی شاخ و ئاوو ڕووتی دوای ئاپۆین ئەو چەن کارگەیەی لە شارا هەبوو بە دەردی سەدەکەی بەخەمیان برد ! گەر هەر یەک کارگە سێ سەد کرێکاری هەبە بزانە مەعیشەتی چەن خێزان ئەبوژێتەوە جگە لە بوژانەوەی ئابووری و بەرهەم هێنانی لەکاڵی" محلی" و لەوانەیشە جارەسەرێکی نەفسیی بە بە حاڵەتی بە ئیشی و کەم دەرامەتی ، خە لەوەتەی مزگەوت هەیە تا ئەمڕۆش ئەوەی لە بانگ و دوای نوێژ ئەووترێت هەر هەمان شتە "عەینەن تاس و عەینەن حەمام" یەک حەرفی لە نگۆڕاوە نە بەی زیا کراوە نە لەیشی کەم کراوەتەوە و یەک ملیەن ساڵی تریش هەر وا ئەمنێتەوە، کەواتە گەر چەن مزگەوتە بکرێن بە یەک هیچ لە وەزعەکە ناگۆڕێ و هەموشمان ئەزانین کە فەریزەی نوێژ وەک عەسکەری ئیلزامی نیە هەر لە مزگەوتا بە خە کە ئیسلام لە قوێشەوە سەری هەڵا مزگەوت هەر نەبوو ، لە بەرامبەر ئەم نگۆڕانەی لە مزگەوتا هەیە کارگەیەک ئەمساڵ دروست بکرێ دوای دە ساڵی تر بەرهەم و سەرمایا یەکێ زیا ئەبێ و پێویستی بە هەزی کارکردنی زێرتر ئەبێ و ئەبێتە دەرفەتێک بە دامەزراننی زیاتر و بە شێوەیەکی ئوتەماتیکی باری ئابووری زیاتر گەشە ئەکا و بەرفراوانتر ئەبێ ، بەڵام هەزار و چوارسەد ساڵێ یەک هستێ بە دەقەکانی مزگەوت زیا نەبوو ، خە گەر مەسەلەی خودی نوێژ یش بخەینە ئەولاوە ئەوە باس و خواستکەی کە لە لایەن مەلاوە ئەخوێنرێتەوە هەر هەمان شتە کە ئەویش : زینا .. سەربەینی مولحید و موناڤیق ، ژن هێنان بە دەرزەن…حەری ..شەرابی بەهەشت..شەی ئحم و ئوحود.. نیقاب

..حەرام بوونی عەتر ..کەینی بەرماڵی خەکردن بە بەهەشتا.و..و.
هتد…ئەستاش بابەتەکی زیا بوە کە لقە جیاکانی ئیسلام ئیخوان و سەلەفی لە مزگەوتەکانیانا هەرچی خراپ و "زمانی شەیتانە !! بە یەکتری ئەڵێن هەر بە ناوی ئیسلامەوە ..ئەمە جگە لەو هەموو ئاو و کارەبایەی وەک شەرابەکەی بەهەشت بە خەڵایی وەرئەگیرە، بەڵام گەر " خوانەکردە ~! بەشەک لە مزگەوتەکان بکرێن بە کارگە " کە ئەمەش لە مەودای ئەقڵی دەسەڵاتا نیە " جوڵەیەکی ئابووری هێنە لە بەرهەم هێنان ئەکەوێتە بازاڕ و ناو ژیانی خەڵکەوە ، هەم کرێکار معاش وەرئەگرێ هەم خاوەن کارگە باج و سوماتی ئسوڵی خەی ئەیا بە حکومەت کە ئەمەش دوو شەشە بەی !!
ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە هاتنە کایەی کارگە و پیشەسازی ئەبەتە مایەی دروست بوونی نەقابەی ڕاستەقینەی کرێکاران نەک ئەو علوجەی ئەمڕۆ هەیە ، بەمەش زەمانەتەکی ئیداری و پیشەیی دروست ئەبێ بە بەرگری کردن لە مافەکانی کرێکاران..
خۆ ئەگەر ئەم وەزعەی ئێستا هەیە بەردەوام بێ ئەژێک یەت هەر خانوویەک مزگەوتەکی لە تەنیشتەوە ئەبە گەر کرێ چی نەبێ تیایا وئەوەی لە موکەبەرکانەوە ئەووترێ هەر هەمان شتە و ووتات بە پیشەسازی و گومەزکانیش هەر بە ئاڵتون لەبخ ئەکرێن جا ئەوەی پەی خۆشە مسگەر ئەهلی بەهەشتە و ئەوەی پەی قەسە بە دوو دەی خەی حازر کات بە جەهەنەم مەگەر تەشبوزکی باش و واسیتەیەکی گەورەی " ئەوقاف"ی هەبە یان بەرماڵکی مزگەوتی بەهەشتی کەی بە….
لە ئەوروپاش کەنیسە هەیە بەڵام لە بە دەنگیا هەستی پە ناکەی ، کارگە و بەرهەمهێنانیش نەوەستاوە چونکە لەرە وەبەر هێنان هەر شوقڵە نیە بەڵکو بەرهەمی پیشەسازیش بەبەرهەمی تەکنەلەجییەوە ،..خەزگە بە یەک جاریش مەلاکان پەیان ئەووتین لە کوە ی شەریعە و حەدیس ئەو دەقانەی تری ئیسلام باس لە کرێکار و پیشەسازی تەکنەلەجیا کراوە ؟!! تە بەڵ ی ئەو باسانە لە فەرهەنگی شەیتانا نەبن وا ئەمان خەیان لەقەڕەی نایەن…!!

پشکە ناکام

توندبوونەوەی گوشاری جەنگی و دەخی کەماری ئیسلامی.. دیمانەی جەلیل جەلیلی لەگەڵ حەمید تەقوایی.. وەرگێڕانی کاوە عومەر

بە پشتبەستن بە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ کەناڵ جەدید ئامادەکراوە جەلیل جەلیلی: دوای کوژرانی ئیسماعیل هەنیە لە تاران، گرژیی جەنگی نێوان کەماری ئیسلامی و هەزە بە وەکالەتکانی لەگەڵ ئیسرائیل زیاتر بووە. لە هەموو جێگایەک باس لە کاردانەوەی کەماری ئیسلامی لە وەڵام بە تیرۆری ئیسماعیل هەنیە لە تاران دەکەن. کەماری ئیسلامی ئێران وەک هەمیشە شانازی بە تێڕوسندنەوەی توند و تەمەکردنی ئیسرائیل و هاوشێوەکانی دەکات. لە لایەکی دیکەوە دەوڵەتانی ناوچەکە و وڵاتانی ڕۆژئاوا هەوڵی دیپلۆماسی دەدەن بە ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی گرژی و بەاوبوونەوەی شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەم دۆخە بەرەو کوێ دەڕوات و چ کاریگەرییەکی لەسەر پێگەی کەماری ئیسلامی لە ناوچەکە و لە خودی ئێراندا هەیە؟ ئەم بابەتە لەگەڵ حەمید تەقواییدا تاوتوێ دەکەین. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە ئەم بەرنامەیە لە ڕۆژی شەممە ١٦ی مووداد تەمار دەکرێت و ڕەنگە تا کاتی پەخشەکە پێشهاتێکی نوێ ڕوویدابێت کە لەم بەرنامەیەدا باس نەکرابێت. حەمید تەقوایی، لەم گفتوگۆیەدا دەمانەوێت باس لە ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییەی ناوچەکە بکەین. بەڵام سەرەتا پێویستە ئەم پرسیارە بوروژێنم: پێتوایە تیرۆرکردنی ئیسماعیل هەنیە لە تاران چ کاریگەرییەکی لەسەر پێگەی کەماری ئیسلامی لە ئێران و لە ناوچەکە تا ئێستا هەبووە؟ حەمید تەقوایی: ڕوونە کە ئەم تیرۆرە تەنیا هەرشێک نەبووە بە سەر ڕابەری سیاسی حەماس؛ بەڵکوهەرشێک بوو بە سەر شکۆ و پێگەی کەماری ئیسلامی. ئێو هەلومەرجێ کە لە دوای ئەم تیرۆرە هاتە ئاراوە، بە تەواوی ئابڕووییە (حەیسەتی)ە بە ڕۆژیم. بێگومان کەماری ئیسلامی هیچ ئیعتبار و کەرامەتی لە نێو خەڵکی ئێران و تەنانەت خەڵکی جیهانیشدا نەبوو کە لەدەستی بدات؛ بە ڕام لە نێو هەزە بە وە کاڵە کانی و هەزە ئیسلامییە کان بە گشتی لە ناوچە کە دا پێگە یە کی هە

بوو و به تایبه تی ئەو بانگه شانەی کەهەیبوو، هه مووی به م تیرەرکردنه بوونە بەقی سەرئاو. کەماری ئیسلامی بە ئاماژەی مەرگ بە شەیتانی گەورە و بەگشتی دژە ڕۆژئاوایی و دژە ئیسرائیلیزم خۆی بە ناوەند و ڕابەری بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکە دەزانێت و تیرەرکردنی ئیسماعیل هەنیە لە تاران، ئەویش لە کاتێکدا بانگهەشتی مەراسیمی سوێندخواردنی سەرۆک کەماری ڕۆژیم کرابوو وەک میوانی ڕەسمی کەماری ئیسلامی، گورزێکی کاریگەری لەم دەخە و بانگەشەکانی حکوومەت داوە. دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی ئەمەش بە ئیعتیباری کەماری ئیسلامییە لە نێو هێزە ئیسلامییەکانی ناوچەکەدا. هەر لەبەر ئەم هەکارە زەر گرنگە حکومەت بە جەرەبووی ئەم گورزە بکاتەوە. ئەمجارە بابەتەکە جیاوازە لە ململانێکانی ڕابردوو، بە نمونە دوای تیرەرکردنی قاسم سولەیمانی یان هەرشکردنە سەر باڵیۆزخانەی ڕژیم لە سوریا. جیاوازە، بە ڕژیم، واتامدانەوە بەم ڕووداوە ناسنامەیی و ستراتیجیە. هەروەها ئەوەش ڕوونە کە لاوازبوونی کەماری ئیسلامی لە پەگەی ناوچەیی خۆیدا ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر پەگەی کەماری ئیسلامی لە خودی ئێراندا هەیە. تا ئێستا خاڵێک هەموو جەرە نوکتە و گاڵتەو مەتەڵکیان بەرسەر دەسەڵاتدا داهەناوە. لە هەموو شوێنێک باس لەوە دەکرێت کە حکومەتی ئیسرائیل تا مەخی ئێسک و پروسکی ئەم حکومەتە هاتەتە ناوەوە و ڕژیم هیچ کۆنتڕۆڵکی بەسەر بارودۆخی ئەمنی خۆیدا نییە. کلیپی ڕووخساری نیگەران و دڵەڕاوکێی خامنەیی لە کاتی نوێژکردن لەسەر تەرمی هەنیە و کۆپی و بڵاوکردنەوەی لە ئاستێکی بەرفراوان لە سۆشیال میدیا هاوکات لەگەڵ کەمەنتی پڵەسوکایەتی لە دژی حکومەتەکەی، بە شێوەیەکی ڕەمزی گوزارشت لە دۆخی ڕۆژیم لە دوای ئەم تیرەرە و کاردانەوەی کەمەگا بەرامبەری دەکات. لەم ڕوانگەیەوە کەماری ئیسلامی ناچارە بە جەرەک ئەم دۆخە ناخۆشەی کە دوچاری بووە بگۆڕێت. جەلیل جەلیلی: ئەو دۆخەی باست کرد، گرژیی شەڕی نێوان کەماری ئیسلامی و حکوومەتی ئیسرائیلی زەر تووندتر کردووەتەوە. هەمووان باس لە هەرشی نزیکی ڕژیم بە سەر ئیسرائیل دەکەن. بەڵام ئەوە ئاگەری دەستپێکی شەڕێکی بەرفراوان لە نێوان کەماری ئیسلامی و ئیسرائیل چۆنە؟ حەمید تەقوایی: بە بڕوای من ئاگەری ڕووبەڕووبوونەوەی تەواو و ڕاستەوخۆی سەربازی لە نێوان کەماری ئیسلامی و ئیسرائیل زەر لاوازە. لە نموونەی ئەو گرژیە سەربازیانەی کە تا ئێستا بینیومانە، هیچیان لە ململانێیەکی سەربازی سنووردار و کۆنترۆکراو تێنەپەڕیون. مەسەلەکە بە کەماری ئیسلامی چۆنە گرنگ و ناسنامەدار بێت، ئەو ڕاستییە ناگەێنێت کە ڕژیم توانایی سەربازیی بە ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسرائیل نییە و زەر باش دەزانێت کە دەڵاوی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی لەو شێوەیە دەبێت.

لەکاتێکدا ئەم زریانە واقعیێتکی خەڵکی ناڕازی ئەمریکایە، سەیروسەمەرەیی ئەندامانی کۆنگرەس دەبینین، کەبە دانیشتن و وەستانەوە لە لاپەڕەیکی گاڵتەجاڕانەی کارساتکاندا چەپڵەیان بە ناتانیاهۆ لێدا، لەهەمانکاتدا ڕاستەوخۆ دوای سەردانی ناتانیاهۆ

بە ٢ ھێز، کردەوەی تیرۆری ئیسماعیل ھانیە ئادگۆیننرێت، ئەمش لەکاتێکدایەکە ناتانیاھۆ لایەن دادگای دادی نێونەتەوەیی، لەکێنیەوەی دەرکردنی فەرمانی دەستگیرکردنی دەکرێ لەسەر ئەنجامدانی تاوانیکوشتنی بەکۆمەڵی خەڵکی فەڵەستین لە غەزززدا.
ھەبەتە ئامانجێکی ئەم کارە تیرۆریستیە چەکردنەوەی زیاتری ململانێی نێوان حکومەتی ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامیە بۆ گۆشگیرکردنی ئەو زریانە جەماوەریەو خواستی جیھانی بۆ کۆتایھێنان بە کۆمەکوژی لە غەززە و چارەسەرکردنی پرسی فەلەستین.
ئەوە ئاشکرایە کە ئەم کارە تیرۆریستیانە دەتوانێت ھەلومەرجێکە دژوارترو ئاڵۆزترکات، چونکە شێوەی تیرۆریستی و ئامانجەکانی بەتەواوی دژ بەکۆمەڵگە و کێنپەرستانەیە، مایەی نائاسودەیی و نائارامیە و ئاکامێکی جگە لەخولقاندنی فەزای ترس و وەرانکردنی ژیانی خەڵک ھیچی تر نیە.
ئەو زریانە جەماوەریەش بانگەوازێک ئادگۆیننێت کە دەنگەکانی پشتیوانی لە فەلەستینیەکان بشێوازێکی فراوانی جەماوەری لە ئەمریکادا گۆشیان کردوە و لەھەمانکاتدا پشنیاریان کرد کەپەویستە جیھان دان بە مرۆڤایەتی کەسی فەلەستینیدا بنێت تا گەلی فەلەستین، مافی خۆیان لە خاکی فەلەستیندا بەدەست بھێنن. ئەم ھاوسۆزیە جەماوەریە بە دەزی فەلەستین لەسەر شۆقامی ئەمریکا سەرنجاکێشە. ئەم بزوتنەوەیە بە پشتیوانی لە مافەکانی خەڵکی فەلەستین، بە نمایشکردنی خۆی وەک زریانێکی گەورە بەرامبەر بایدن و پێنتاگۆن بوو، لەھەمانکاتدا گۆڕینی ئای گشتی ئەمریکیەکانە لەبەرامبەر دەوڵەتی ئیسرائیلدا.
بەوپێیەی ژمارەیەکی بەرچاو لە خۆپیشاندەرانی جوولەکە بشداربون لەم زریانەو سەرکردایەتیان دەکرد، ئەو کارە دەندانێیە ھێندەکانەوە کە قەوارەی داگیرکارێکی وەک ناتانیاھو بەرامبەر گەلی فەلەستین دەیکات، ئەمش مانای ئەوەیە کە گۆڕانکاری قووڵ لە ئەمریکا و ھەژئاوا بگشتی ڕوویانداوە، تانانەت کردەوە سەرکوتکەرەکانی دەسەڵات و پالیسیش لە ھەموو شوێنکدا سەرکەوتوو نەبون لە بەرگرتن بەم شپۆلە لە ناڕازایەتیەکان.
سەرھەڵدانی بونی ئەو زریانی ناڕازایەتیە جەماوەریەی کەخواست و ھەوڵدانی بۆ ئاگربەستی ئەو شەڕە داگیرکاریە و دژ بەتاوانکانی ناتانیاھۆ بەرخستوە، بەردەوام ئەمجارە ناتانیاھۆ وەک فرستێک ئەوکارە تیرۆریستیەی لەبەرامبەر ئیسماعیل ھانیە و فواد شوکر ئەنجامدا، تا دەرخەکە بخاتە ناو چوارچێوەیەکی ترەوە بۆ ڕاگرتنی ئەو شەڕەی دەبەت ڕاگیرێت، کە ئێران و حزبوڵاو حەماس لەبەر تەواماندکی سەرسوھێنەردا ڕاگرت، لایەک دەرگای لە بەردەم ئۆگری

شەڕکی کراوەی فراوانی لە ناوچەکەدا بەکردنەوە، لەلایەکی ترەوە گورزێکی بەهێزی کۆئەران، حیزبوڵڵا، یان حەماس ناتوانن وەڵامی نەدەنەوە.
هەرچەندە ئەم کارە تیرۆرستیە گورزێکی گەورەیە لە کەماری ئیسلامی و پۆیستی بە پەرچەکردارێ لەلایەن ئیرانەوە، بەڵام پەدچێت لایەنی ئەمریکا قورسایی خۆی بخاتەسەر هەڵگریکردن لە شەڕکی بەرفراوان کە لە ناوچەکەدا ڕوبدات، تابتوانێ زیانەکان لەووبەرکی سنووردارداڕ بهێڵێتەوە، نەک لەدانی وەرانکەر کە ببێتە هۆی شەڕکی بەرفراوان و زیان بەپێگەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بگەیەنێت، بەهەمانشێوە شەڕی فراوان بە قازانجی ئیرانیش نیە، بەڵام کۆشکە لەو ئاستەدایە، کە دەخەکە بەجۆرێک شەقاوە وردبونەوەی ئۆگرەکان و بەرگرتن بەو گژاوە ئاسان نیەو سەختی نیشان ئەدات.
ناتانیاهۆ دوای دیدارنەبونی ئاسەی ئۆو شەڕ بە قازانجی حکومەتەکەی، هەوڵەدات گرێبەستی ئاوگۆی دیلەکان تێکبدات، هەوئەدات کەتایی بە شەڕکە بهێنێت کە بە زیانی درۆکردنەوەی تەمانی حکومەتەکەی نەبێت، چونکە بە لەپرسینەوە لەگەیدا، بە تەماتی گەندەڵی و شکستی ئەمنی، جۆری مامەڵەی لەبەرامبەر"لافاوی ئەقسا'، هەروەها قەیرانی"چاکسازیی یاسایی" و ناساندنی وەک تاوانباری جەنگ، نادیاری کەتایی داگیرکاری غەززە، ناتانیاهۆی لە دوویانەکی وەها بنبەستدا ڕاگرتوە، مەبەستیەتی شەڕکە فراوانتربێت و درێژە بکێشێت، تا ئۆکاتەی کە خزمەت بە بەرژەوەندیە سیاسیەکانی دەکات! تا دووریخاتەوە لەوەی کە لە ناوخەدا لەپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت. ئەمش ئاراستەی بیرکەیەکە کە لەسەرەتای شەڕەوە لە تەلئەبیب و واشنتەنەوە بە بەدەستهێنانی جۆرێک لە سەرکەوتنی ئیسرائیل لە دژی"حەماس"، تا بتوانێت بەشێک لە شکۆی لەدەستچوی خۆی لە "لافاوی ئەلئەقسا"دا وەربگرێتەوە، بەڵام ئۆەی دەیبینین تائێستا ناتانیاهو لەگەڵ ئۆەی سەرکەوتو نەبوە، لەهەمانکاتدا بەردەوام قومارێکی گەورە بە ژیانی خەڵکی دەکات.
هەبەتە ئەم کارە تیرۆریستیەی ئیسرائیل، بەر بە کەتایهاتنی جەنگ و هەگای چارەسەری سیاسیانەی کێشەی فەڵەستین دەگرێ، کە بە ماوەیەکی زیاتر دەخی ناوچەکە بەرەو ناجێگیری سیاسی و مەترسی ڕودانی جەنگ ڕادەکێشێت و ژیانی ملیۆنەها ئینسان نەك تەنها لە فەڵەستین، بەڵکو لە ناوچەکەدا هەووبەووی مەترسی و ئاوارەیی و کوشتار دەکاتەوە. لەهەمانکاتدا زەمینەیەکی گونجاو بۆ گێشکردن و بەهێزبوونی هێزت و گروپە کۆنەپەرست و ئیسلامی و فاشیست و نەتەوەپەرستەکان دەکاتەوە کە لەسەر حسابی بەرگرتن بە گێشەی

بزووتنەوە ئینساندۆستی و ئازادیخواز و گۆڕی بزوتنەوەی کرێکاری خەبات زیندووبادگرن.
لە ئۆگری هەرشی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل، واشنتۆن پێشبینی بەشداری زیاتری بەشێک لە ووڵاتانی عەرەبی دەکات لە خستنەخوارەوەی هێندێک فڕۆکەی بۆفڕۆکەوانی ئێرانی، وەک ئاوڕی شەوی ١٣ی نیسانی ئابردوو ووتیدا. ئامانج ئامانج لێی خێراترکردنی ئاگربەستی هاوپەیمانی عەرەبی و ئیسرائیلی و ناتۆیە، بۆ سپێنسەری ئەمریکا، بەووبەووبوونەوەی ئێران، ئامانج بۆ نزمبونی کاریگەری لەسەر پرسی فەڵەستین دەبێت. لەهەمانکاتدا پاراستنی پێوەندی وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل لەسەر حسابی پاکتاوکردنی خەڵکی غەززە بۆ خێی کارەساتی بکەشێی فەلەستین و خەڵکی فەلەستین!
حکومەتکەی ناتانیاهۆ نزیکەی ١٠ مانگە کوشتارکی بەرنامەداڕژراوی وەک دەزگەیەک بۆ خەڵکی فەلەستین بەڕێخستووە، بەناوی بەئەنجام بووە لە بەدەستهێنانی ئامانجە جەنگیەکانی کە خێی لە کۆتاییهێنان بە حەماس و گەڕاندنەوەی دیل و بارمتەگیراوەکانی لای حەماس ڕایگەیاندوە. لەووی سەربازیشەوە توشی بنبەستکی گەورە بووە. لەلایەکی ترەوە لەپاڵ ناڕازایەتیەکی ڕای گشتی ئازادیخواز و مرۆڤدۆستی جیهانیدا، کەوتەتژێر فشارکی گەورەوە، بەیە نەتانیاهۆ و حکومەتکەی لەناو ئاماڵ گۆڕاوەدا پاڵ دەکوتە و هەرچی لەدەست بێت بۆ بەرگری لە سیاسەتەکانی درۆغی ناکات. هەوڵەدات ناوچەکە ڕابکێشە بۆناو جەنگیکی فراوان،لەهەمانکاتدا ئەمریکاش لەو شێوە فراوانەوە بئاڕەزێت، تا لەم ڕێگایەوە خێی لەو دوێیانە داخراوە سەربازی و سیاسیە بەنەتەدەرەوە.
ئەم کارە تیرۆریستیە، شەپۆلێکی نوێی هەڕەشە و پەوپاگەندەی شێوی بەڕێخستوە، کە حکومەت و هێزە تیرۆریستیەکانی ناوچەکە ئەنجامی ئەدەن، درێژەی شێوی کۆنەپەرستانەی تیرۆرستی دەوڵەتی و تیرۆری ئیسلامیە کە گیانی خەڵکی ناوچەکەیان بە بارمتە گرتووە، لەبارەی ئەم تیرۆریزمە دەوڵەتیەوە ئیسرائیل و کەماری ئیسلامی خاوەنی ئەزمونکی پێشینەی بەرچاون کە پێویستە سەرکۆنەو ڕیسوا ودادگایی بکرێن.
بەناو بەجیا لە هەر لێکدانەوەو تێگەیشتنێک لە واقعی ئەم شێوە، سەرکۆنەنەکردنی ئەمکارە تیرۆرستیەی بەرامبەر ئیسماعیل هەنیە کراوەو لێنەپرسینەوەو دادگاییەنەکردنی ئەو لایانەی ئەم کارەی ئەنجامداوە، مانای وایە زیانی هەر کەسایەتی و هێسوراوکی سیاسی سەر بە هەر ڕەوت و بۆچونێک بێت، لەهەرشوێنکی دنیادا بێت، لەبەردەم مەترسی تیرۆرستی دەوڵەتیدا خێی دەبینێتەوە، وەستانەوەش بەرامبەر بەهەر کارکی "تیرۆرستی دەوڵەتی" پێویستی بەکەمپینکی

گۆڕی جیهانیە.
لە درێژدان بەم دەخی شەڕو کارساتکانیدا، پێویستە بانگەوازی چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخوازی ناوچەکەو دنیا، بەهێزکردن و فراوانکردن و یەکخستنی شۆڕشی ئەو زریانە ناڕەزایەتیە جەماوەریانە بێت لە ئاستی ناوچەکەو جیهاندا، کە هەوڵبدات دەستبەجێ ئەو داگیرکاریەی ئیسرائیل لەبەرامبەرخەڵکی فەلەستین ڕاگرێت.

دیمانەیەک لەگەڵ هونەرمەند موکریان ئەبوبەکر.. ئامادەکردنی کامەران حاجی ئەلیاس

هونەرمەند موکریان ئەبوبەکر: سەردەمی هەشتاکان عەشقێك بە هونەر و ژیان هەبوو

هونەرمەند موکریان ئەبوبەکر: من لە سوید بەرخنەی لەزانەکان زەر شتی ژیانمی گەی..

موکریان ئەبوبەکر یەکێکە لە ژنیارێ بەتواناکانی جیهانی موزیك ،هەر لە منداڵییەوە خەونی بە موزیکەوە بینیوە، بۆیە تەمەن پێنج ساڵان دەبێت ئامێری ساز دەژەنێت، ئەم هونەرمەندە وەکو پسپۆر ئامێری (چەڵە) دەژەنێت بەڵام توانستێکی باشی هەیە لە ژەنینی ئامێرەکانی کەمان، ساز، عود.. دوای ئەوەی بەپلەی نایاب پێیمانگەی هونەرجوانەکانی بەشی موزیک تەواو دەکات بەدرێژدان دەچێتە وەاتی سوێد لەوێ بەوانامەی ماجستێر لە بواری موزیك بەدەست دەهێنێت، بەشداری چەندین کۆنسێرت و ئاهەنگی موزیکی لەگەڵ چەندین تیپی موزیکی جیهانی وەکو ژنیارێکی بەتوانا بوونی خۆی دەسەلمێنێت خاوەنی چەندین قیدیۆ کلیپە ئەو هەمیشە خۆی بە منتباری هونەرمەندان (ئامانج غازی و بەکر خالید) دەزانێت کەلەسەر دەستی

ئەوان فەری ئەلف و بێی موزیك بووە، ئەمەش بە زیاتر ئاشنا بوون بەکارەکانی بە چەند پرسیارێك بەسەرمان کردووە.
هەڤپێڤین- کامەران حاجی ئیلیاس

*سەرەتا بابزانین دەسپێکی هونەریت چۆن دەست پێکرد؟
- دەستپێکی هونەرم بەشێوەیکی ئەکادیمی،لەپێمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر بوو،ئەگەر چی پێش بچمەپێمانگا ژنیاری ساز بووم بە جۆرێك چەند میلادی مقامێك لە ناو هاوڕێکانم و لە کۆبوونەوەی ماڵەوە دەژەنی، هەر ئەوەش بوو کە توانیم لەتاقیکردنەوەکەی پێمانگا قبوڵ بکرێم بەسەرکەوتووی وەربگیرێم، لە زەربەی فیستیڤاڵەکانی ناو پێمانگا بەشداری کارام هەبوو، دوائەوەی چوومە هاندەران لەوێش بەشداری چەندین کۆسەرت و ئاهەنگەکان لە بەنە نیشتمانییەکان کرد.

*هەرچەندە بەرزتان لە ژەنینی زەربەی ئامێرەکان توانستێکی باشتان هەیە ،بەڵام وەکو پسپۆری ئامێری چۆلەتان هەبژارد هەکارەکەی چی بوو؟

- ئەوەی راستی بێت ،من هەر لەمناڵیەوە حەزوو ئارەزووم لە ئامێری چۆلە بوو بەجۆرێك ئامێری چۆلە لەلام وەکو سیحرێك وابوو ،تەنیا گومم لێدە بوو ،لەبەر ئەوەی لەبنەماڵەیەکی کەم دەرامەت بووین بەڵادەیەك تەلەفزیۆنیشمان نەبوو، هەتا لەپێمانگاش وەرگیرام، ئامێری چەڵەم نە بینیبووە!، بۆیە کاتێ لەپێمانگا وەرگیرام یەکەم جاربوو ئامێری چۆلە ببینم بۆیە زۆر بەعشقەوە لە باوەشم کرد ،تا ئەو رادەیە زۆرێك لە هاوڕێکانم گاڵتەیان پێکردم هەرچەندە لەو کاتە هەندێك هەستم بە شەرم کرد بەڵام ئەو رۆژە رۆژێکی زۆر خۆش بوو بەمن.
*تۆ لەهاندەران دەژیت وەکو هونەرمەندێك جیاوازی کاری هونەری لە کوردستان و هاندەران لەچی دەبینیتەوە؟

- جیاوازیەکان زۆرن کاتێك تۆ لە ناو میللەتێکی هەژارو داروخاو دەیتە ناو کەمەڵگایەکی پێشکەوتووی ئەم گەردوونە و باسی موزیك بکەیت لەگەڵیان هەست بە جیاوازیەکی زۆر دەکەیت،من لە وڵاتی سوید لەرەگەی موزیك بژێووی ژیانی خۆم دابین دەکەم، بەونامەی ماستەرم لە کۆلێژی شاهانەی ستۆکهۆڵم بەدەست هێنا لە بەرزترین دەزگای هونەری سوێدی کاردەکەم لە بواری موزیك و سینەمادا بەتوانستی خۆم توانیم لەگەڵیان

بگونجێم لەرگەی هونەری موزیك توانیم شوێن پەنجەم دیار بێت.
*زۆرێك لە هونەرمەندان پێیان وایە سەردەمی هەشتایەكانی سەدەی رابردوو ،سەردەمی زێرینی هونەری كوردی بوو ئەوش هەمان بۆچوونتان هەیە؟ ئەگەر وایە هۆكارەكەی بۆ چی دەگەرێتەوە؟

- بۆچی ئەو سەردەمە عەشقەك هەبوو بۆ هونەر و ژیان كردن ،ئێستا شێوازی ژیان كردن گۆراوە، هونەری ئاستێ قینەی بۆهاكانی لە دەست داوە، كاتێ هەندێ لەو گرانیبێژانەی ئێستا لەرگەی نمایش كردنی چەند ئافرەتێك، رێزم بۆ ئافرەتان هەیە هەندێك لە هەوادارانیان سەیرو كلیپەكانیان دەكەن نێك لەبەر دەنگ و میلادی و تێكستی هەرلەبەر ئەمشۆپێك هونەرمەندی بۆ ئەزموون وازیان هێناو گرانی وتن هێناوە، بۆ راستی من بڕیم بەم و گەنجانە .
*تاچەند گرنگە ژنیار و گرانیبێژ كسانی ئەكادیمی بن هیچ نەبێت نەتە بخوێنێتەوە؟
ە- راستە هونەرپێش هەمووشتێك بۆهریە ،بەڵام ئەگەر هەر هونەرمەندێك لە هەربوارێك دا بێت بشێوەی ئەكادیمی بخوێنێت ئەوا هونەرمەندێكی پڕۆفیشناڵ بوون دێتە كایەوە، واتا لە پڕۆفشناڵیزمی خۆی دەبینێتەوە لە تیۆری و پراكتیكی دا، كاتێك ژنیار پڕۆفشیناڵ بێت بتوانی موزیك بخوێنیتەوە ،بنووسی،بیژنێت، بە ئەوەی بتوانیت لە گەڵ گرووپە جیهانیەكان كاری موزیك و بزنسی هونەری بكەیت لەم باسە دا نامەوێت قوڵ ببمەوە لە باسی هاوەنی و ستایلەكانی موزیك و وردەكاریەكانی تربكەم.

*رۆخنەگری موزیكیمان هەیە تاچەند بوونی رۆخنە گرنگە بۆ پێشكەوتنی هونەری موزیك؟

- رۆخنەی پڕۆفیشناڵ كاری رۆخنەگرانە،من لە سوید بە رۆخنەی لێزانەكان زۆر شتی ژیانم گەیم،لە بەوانامەی ماستەركەم پڕۆفیسۆرێكی سویدی گوتی" رۆخنەی عاقڵانە دەبێت پشنیار و هەڵسەنگاندن و ڕێنمای تێدابێت، بەجۆرێك نابێت لە جۆهری بابەتەكە كەم بكاتەوە بگرە هاندان بێت واتە رۆخنەی بنیاتنەر بێت ".
*لەم دواینەدا كارێك بە هونەرمەند خاتوو دنیا رزازیی ئەنجام دا ئەكرێت باسی چەنیەتی لە دایك بوونی ئەو بۆهەمە

بکات؟
- هونەرمەند خاتوو ،دنیا رزازی لە کنسرتکی لە شاری لەندەن پرسیاری ئاوای لێکردم بۆ نیازە لە ئەلبومەتازەکەی ئەم گرانیە بخوێنێ منیش بۆ خۆشحالیاوە قبوڵم کرد ودواجار لە ستدیوکەی خۆم لە ماڵەوە کاری تۆمار کردن و ژێنین و میکسم بۆ ئەنجاماندا هیوادارم بۆدی هەموولایك بێت.

*بەرنامەت نییە بگەریتەوە کوردستان ؟ هیچ بیرهەمی نوێت هەیە ؟

- لە راستیدا لەئەستادا لە بەرنامەم دا نیە بگەڕمەوە کوردستان چونکە کاری هونەریم و گرێبەستکانم تەواو سەرقاڵیان کردووم ،لەوکاتەی زۆر زۆر تامەزرۆم بگەڕمەوە کوردستان، بۆ ئەم بۆداخەوە هەتا ئێستا هیچ لایەنێك و دەزگاو میدیایەك،ئامادە نەبووە بانگێشتکمان بکەن سەکۆیەکم بۆ وابکەن، بۆ کۆنسرتك ،سمیناریك ، پڕۆژەیەك،لای خۆشم بێت پرسیار بەچی هیچ لایەنێك بانگێشتمان ناکەن بۆ ئاوای ئەو پڕۆژە هونەریانەی هەمانە پێشکێش بۆ گەلەکەمان بکەین، لەو کاتەی من و چەندین هونەرمەندی تری، زۆرانە لەسەر گۆرترین شانۆی جیهانی لەگەڵ گۆرترین هونەرمەندانی ووڵاتانی بۆگانە نمایش و چالاکی گۆرە ئەنجام دەدەین.
*ئەمە زۆر سوپاس بۆرێزتان دەکەین کە ئاودەرفەتان بۆ ئەمە بۆ سازدانی ئەم هەڤپێچینە.

- منیش زۆر سوپاسی ئەو بەسەرکردنەوەتان دەکەم دەستان خۆش بێت.

کوا تازە بزەیی و ویژدانی ئینسانی؟.. د.هژار عوسمان مەعروف

لە پشا من ڕەخنە لە خەم دەگرم کە بە ئەندازەی گورەیی ئەوکارەساتی ڕەژەکانی سەرەتای مانگی ٨ ی ٢٠١٤ لە دەڤەری شەنگال بەسەر خوشک و برا ئیزیدیە کانمدا هات، هەوەستی هاوسۆزی و هاوئازاری و هاوخەمیی پەویستم نەبوە، توخوا بمبورن ئیزیدیە تەنیا جەهەراوەکان!!

(قاسم شەش) ی کوردی ئیزیدی لە ساڵیادی (٣ی٨ی٢٠١٤)ی کەمەکوژی و دەسدرێژیی جنسی کردنە سەر چەند هەزار لە کچان و ژنانی ئیزدیدا وتی: هەتا محمدی ئیسلام مابە و هەبە قەکردنی ئیزیدیەکان کۆتایی نایەت. بەمە ئاگری سۆشیال میدیای بانگخواز و سەلەفی و ئیسلامی سیاسیی سونیی تونديو گیگرت: مەلایەک داوای لە قاسم شەش کرد با فریای خەی بکەوە و داوای لێبوردن بکات دەنا گوێی دەبڕن، ئەمە خوێن حەڵاڵکردنی قاسمە ! دادگای لەکەیندەوەی موسڵ فەرمانی دەستگیرکردنی دەرکرد. کەپەی ئاگری ڕق و کینە و نابەخشندەیی دینی و مەزهەبی ، وەک ئاگرکانی خەلیفە ئەردوگان لە دارستانەکانی باکور و باشور و ڕۆژاوای کوردستان، تەشەنەی سەند و گەیشتە

پەرلەمانی عێراق و لەو (موسڵنا ئەمین) ی ئەندام پەرلەمانی یەکگرتوی ئیسلامی کوژاندیەوە وکردیە ماستاوەکی! ساردی کوردیی خۆش و کردی بە قوڵگی وشکی خوشک و برا عەرەبە موسوڵمانەکان دا و قسەکانی قاسم ی بە تاوان و تاوانێکی گەورە وترسناک دانا و داوایکرد داواکاری گشتیی عێراق زو دژی قاسم هەنگاوی یاسایی بنێ، ئینجا تاوانکانی داعشی گشتاند و لەسەر ئەزیدیەکانی کالکردەوە و وتی داعش دژی (کل البشر) واتا دژی هەمو مرۆڤایەتی بون، باشە داعشیەکان دەسدرێژیی جنسیان کردە سەر یەک کچ و ژنی موسوڵمانی سونی و شیعیی دوژمنیان؟ بەگومان نەخێر. کاک موسڵنا وەک زەربەی موریدانی تەوژمی باوی ئیسلامی سیاسیی کوردیی سەر بە بەگانە ئەم تاوانە گەورەیە کاە و بچوک دەکاتەوە ،هەندەکیان بەهانە و بەگەی بە دەننەوە کە ئەسڵەن هەر تاوان نەبوە چونکە ئەوانە شەیتان پەرستن و ژنەکانیان کە لە شەدا بگیرێن ئیتر بە پەی قورئان حەڵاڵی موسوڵمانە جەنگاوەرەکانە، باشە ئاخر خە ئەو ژن و پیاوە ئەزیدیانەی گیران و کوژران و کرانە کەیلەی جنسی و لە بازاڕەکانی ڕەقە و تەلعەفەر و موسڵ دا فرۆشران چەکدار نەبون وئەسڵەن لە مەیدانی شەدا نەبون!

(سیدە مەرگان) ی دەروننناس کە بەڵگەوبەری پرۆژەیەکی گەورەی نەونەتەوەیی دەروندروستیی ئەزدیە ڕاکردوەکان بوە لە کەمپەکانی هەولێر و دهۆک لە ٢٠١٨ و ٢٠١٩ لە کلیپێکدا دەڵێ: ژنێکی ٨٠ ساڵی ئەزدی بەی گەڵامەوە چۆن بە بەرچاویەوە داعشیەک کوڕەکەی کوشتوە و دەسدرێژیی جنسیی کردەتە سەر بوکەکەی و چۆن کچێکی ١٢ ساڵی کوڕەزایان فەاندوە و لە تەلعەفەر و لە سوریا وەک کەیلەی جنسی کڕین و فرۆشتنیان پێکردوە و دوای چەند ساڵێک لە یەکە لە شەڕکان دا کوژراوە.

دوای کارەساتی شەنگال ی سەر ئەزیدیەکان، لەکلیپێکدا پزیشکێکی کوردی ناوداری بانگخواز قسە بە موریدەکانی دەکات و دەڵێت شوکور ئەزیدیەکان کوردی باش نازانن و لە ڕەچەڵەکدا کورد نین (دیارە لای ئەم ئەوەی سەرانی نەبەت کورد نیە و کوردی نازانێت !)، بە گاڵتە و لاقرتیەوە پێیان دەڵێت شەیتان پەرستن ، ئینجا موریدە گوڵەیەکە مشک شەراوەکانی دەدانە قاقای پێکەنینێکی بەرز ، لە کلیپێکی تردا وا باسیان دەکات وەک باسی گیاندارێکی عەجایبی گەاوی لە مرۆڤ نزمتری ئەم ڕوی زەمینە بکات!

قاسم شەشە و قاسم شەشە ئەزدیەکانی تری کوردستان ئاگاداری تەواوی ئەم ڕاوبۆچونە دژە ئەزیدیە دژە مرۆڤایەتیانەن و بەچاوی خۆیان تاوانکانی داعشیان بینیوە و بیستوە و تێیدا ژیاون، ئاڵا ڕەشە کانی داعش بە (لا الە الا اللە محمد رسول اللە) وە بەسەریاندا

شکاوەتەوە و ئەوان لە ژێر سایەی ئەو ئالایەدا ئەو تاوانە گەورانەیان کردوە. تا ئێستا لە نزیکەی ٦٠٠٠ بە سەروشوێنی ئێزدیی ژن و پیاو هەشتا پتر لە ٢٠٠٠ یان دیارنین، ماون؟ دیلن؟کوژراون؟ کۆیلەی جنسی و کارکەرن لە مالی ئەمیرکانیان؟ لە پەرلەمانی کوردستان دا نزیکەی سێیکی ئەندامکانی (دیارە ئیسلامیکان بون) دەنگیان نەدا بە بە جینەسایدناساندنی کوشتاری ئێزیدیکان.
تا ئێستا من نەمبیستوە یەک حیزب یا کەسکخراوی ناسیاسیی (خێرخوازی و کۆمەڵایەتی و پزیشکی و..) ئیسلامیی کوردی لە هەر ٤ پارچەی کوردستان دا بە ڕونی و بە منجەمنجی فەلسەفیی خەدزڕەوە ئیدانەی داعش و ئەو تاوانە گەورەیان بکات و داوای لێبوردن لە ئێزیدیکان بکات چونکە لە ژێر ئالای ئیسلامدا کراوە!
تا ئێستا نەم بیستوە وەفدێکی کۆسمیی یەکێتیی زانایانی ئاینیی کوردستان یا زانایەکی ناودار و گەورەی ئیسلامیی کورد سەردانێکی بەڕێز و شکۆ ودەسەزانە و ڕاستگۆیانەی قوربانیانی تاوانی جینەسایدی سەر ئێزیدیکان بکات!
باشە ئیتر بە بەڵامانەوە سەیر بێت هەندێ لە کوردانی ئێزیدی لە کاتی نائومێدی و بیرهاتنەوەی ئەو کوشتارە یەک لە دوای یەکانەی لە ڕابوردودا کوردی سونی بە سەری هەناون، حاشا لە کوردبونی خۆیان بکەن؟
بە بژاردنەوەی ڕاکردن و شانەکردنی هێزەکانی زەرەقانیی ژێر سەرکردایەتیی پارتی و بە بژاردنەوەی بڕیارهەشتنی ئێزدیە بەگوناه و بێچەکەکان بە قەپاڵی تیمساحە دڕندەکانی داعش، بە ئاشتکردنەوە و گەڕانەوەی شکۆ و ڕێزی ئینسانی بە کوردانی ئێزیدی و بە بە کۆسمی ناساندنی ئەو پتر لە ٧٠ کۆمەکوژییەی کورد و تورک و عەرەبی موسوڵمان لە ڕابوردودا بە سەریان هەناون ، هەروەها لە هەموی گرنگتر بە ئەوەی ئیتر کەس نەتوانێ جارێکی تر وەک کەمینەیەکی ئاینیی لە ڕەگ و ڕیشەوە کوردی کۆسەن، دەسدرێژیان بکاتە سەر، دەبو لە مێژوە پارتی بە بە نەمرکردن و بیرهێنانەوەی زوڵمی درێژخایەنی سەر ئێزیدییەکان مانەمێنتێکی مەزن لە چیایەکی دەڤەری ئێزدیەکان هەکۆ کە هیچ هێزێکی ئاینی و نائاینی و سروشتی نەتوانێ تێکیبدات و بیسڕێتەوە!
دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان (نادیە موراد) کچێ کوردە ئێزیدیە ڕزگاربوەکەی دەستی داعش و تاقانە کوردی هەگری خاتی نۆبل، ، ئاشتبکاتەوە و خەڵات و ڕێزلێنانی تایبەتی بە بکات.
مەرەق، هەر مرۆڤێک!! کە داخ و حەسرەت و تووڕەیی و ئەو نادادپەروەرییەی لێیکراوە لە دڵ و دەروونیدا پەنگ دەخواتەوە و دەستاتی نیە مافی خۆی بسەنێتەوە و کەسیش نێک هەر بۆی ناسەنێتەوە

بەکو گاتە و لاقرتی و پەکەنینیان دێت بە ئێش و ئازارەکانی ، ئیتر لات سەیرنەبێت لە چرکە و لە شوێنکی وروژێنەر و هەژێنەردا بتەقێتەوە و مرۆڤ بکوژێت، ماڵ کاول بکات و ئاگری تێبەردا و کفر بکات ، دە و دەشاو تێکەڵ بکات.
ئەوەی قاسم شەش یش وا دیارە شتێکی ئاوا بێت، ئیتر ئەم هەڵچون و خەسورکردنەوە و کە-هستیریایەی بە چیە ! بە گیان! ئارام ببنەوە و بگەڕێنەوە بە دۆزینەوەی چارەسەری کێشە بنەڕەتی و هەرە گرنگەکانی ژیانی هەژانەی خەتان و خەڵک.

من منا‌ڵەکەم ئێتیزمە، عەیبدارم!.. نەوزاد بەندی

سایانە ئەبە مەڵەتی منداڵی کەمتوانا بە خزانەکەم تازە بکەینەوە ..یاسایەکی حوکمەتی هەرەمە ، هەر خزانێک منا‌ڵێکی کەمتوانای تێدا بێ ، دایک یان باوک ئەتوانن یەکەکیان سوود لەو مەڵەتە سایانەیە وەربگرن بۆ ئەوەی سەرپەرشتیی منا‌ڵە کەمتواناکەیان بکەن .
تازەکردنەوەی ئەم مەڵەتە سایانە کەمەڵێک ئیشی ئەوە ، ئێچیتە فەرمانگە ، پەیوەندی بە کارەکەتەوە ئەکەیتەوە ، نووسراوت بۆ ئەکەن بۆ فەرمانگە گشتییەکەت ، لە فەرمانگە گشتییەکەتەوە دووبارە نووسراو و ڕاژەکەت بۆ چاپ ئەکەنەوە و ئەتنێرن بۆ بەڕێوبەرایەتیی چاودێریی کەمەڵایەتیی ، لەوێوە نووسراو و دوو ڕەسمت لە وەردەگرن و ئەتنێرن بۆ لیژنە پزیشکییەکان ..لیژنە پزیشکییەکان فایلەک بۆ 500 دینار و وەسڵەکی 1000 دیناریت بۆ ئەبەن 4 ڕەسمت لە وەرئەگرن و ئەتنێرن بۆ لای پزیشکەکانی لیژنەی پزیشکیی ، ئەوانیش پێت ئەڵێن بۆ نیوەڕۆ وەرەوە بۆ ئەنجامەکەی ..نیوەڕۆ ئەگەیتەوە بۆ ئەنجامەکەی بۆ ئەوەی سبەینە بیانی بچیتەوە بۆ بەڕێوبەرایەتی چاودێریی کەمەڵایەتیی ، سبەینە ئەگەیتەوە بۆ ئەوە و کەمێک ڕەسمی ترت لە وەردەگرن و نووسراوت بۆ دەکەن بۆ بەڕێوبەرایەتیی گشتی چاودێریی کەمەڵایەتیی .. ئێچیت بۆ بەڕێوبەرایەتی گشتی چاودێریی کەمەڵایەتیی ، سەر و خوار و ڕاست و چەپت پێ دەکەن بۆ ژوورەکاندا و .. دوای ئەوەی هەناسەت سوار ئەبێ ، نووسراوەکت بۆ ئەکەن و پێت ئەڵێن بۆ دەستی خەت بیبێ بۆ هەولێر بۆ وەزارەتی چاودێریی

کۆمەڵایەتیی .. ئێچیت بۆ وەزارەتی چاودێریی کۆمەڵایەتیی لە هەولێر ، تەماشای مناڵەکەت ئەکەن ، هەوڵ ئەدەن پێت بسەلمێنن کە ئێم مناڵ پەروەستی بۆ چاودێریی نییە ! بە مەرجێ لە ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکییەکاندا نووسراوە پلەی کەمتوانایی 100% ..ئەگەر بێت سەلماندن کە پەروەستی پێیەتی ، ئەوسا ئەتنەرن بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکی تر و نووسراوت لە وەرئەگرن و پێت ئەڵێن : بۆ ، خۆمان ئاگادارت ئەکەینەوە .. ئەیبینێوە بۆ سەلامانی و دوای چەندەها ڕۆژ دەیبێوە بۆ هەولێر و سەردانیان ئەکەیتەوە ، چەند ژووروکت پێ ئەکەن و ..دواجار پێت ئەڵێن بەرەوە خۆمان بۆ پێست ئەینەرین بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتییەکی کە خێت کاری تێدا ئەکەیت ، دوای دە دوانزە ڕۆژ سەردانی بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتییەکت ئەکەیتەوە ، ئەڵێن هەشتا نەهاتتەوە ..ئیتر ئەیکەیت بە ڕەی کانی و سەردانی ڕۆژانە هەفتانەی بۆ ئەکەیت ، هەتا ئەگات و چەند ژوور و چاپ و هاتوو و دەرچووت پێ دەکەن ، ئینجا پێت ئەڵێن بۆ خۆمان بۆ پێست ئەینەرین بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکت کە هەر لە سەلامانییە ! ..ئە باشە بۆچی بۆ هەولێریش بۆ پێست ناینەرن و ئەبێ خۆم بیبەم ؟ ئەی ئەگەر بۆ پێست ناینەرن بۆ هەولێر ، بۆچی لەنێوان فەرمانگەکانی سلامانیدا بۆ پێست کار ئەکەن ؟
ئیتر یاسایە و بڕیارە ، بێت نییە چەند و چوون بکەیت ..
دوای چەند ڕۆژ ئێچیت بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکت ، پێت ئەڵێن بۆ لە فەرمانگەکت نووسراوی لێکترازان بێنە بۆمان هەتا نووسراوی کۆتاییت بۆ بکەین ، ئێچیت بۆ فەرمانگەکت ، پێت ئەڵێن هەتا لە بەڕێوەبەرایەتیەوە نووسراوی مەتی سانێت بۆ نەکەن ، ئێمە ئاماژە بۆ چ نووسراوێک بکەین لە نووسراوی لێکترازانکەماندا ؟ ئەگەڕێیتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ، ئەڵێن تۆ بۆ ، خۆمان بۆ تەلەفۆن تێیان ئەگەینین ..
ئەڵێیت : بۆ کوێ بۆم ؟ ئەی نووسراوی کۆتاییم بۆ ناکەیت ؟
ئەڵێ بۆ سبەینێ ..!
ئیتر باسی هەڵەی چاپ و ئەو شتانە ناکەم کە زەر جار لە ژووری حەوتەمەوە وەک یاری مار و پەیژە ، مارەکە پەتەوە ئەدات ، ئەبۆ بەڕێوەبەرایەتیەوە بۆ ژووری یەکەم بۆ ئەوەی دالەکی هەڵە بکەیت بۆ عەین ..یان دوو خاڵی پیتی یەکەمت بۆ بکوژێننەوە و بێت بخەنە سەر پیتی سێیەم .. تەنانەت جارەکیان کە مامۆستایان دامە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ، لە دوای چەند ژوورێک جا بەیان دەرکەوت ئێم مامۆستایەی هی کەسکی ترە ، کە بۆ ڕاکردن پێم کرد بۆ مامۆستا و بڕەوبەرایەتیی ڕامئەکرد چونکە نیو سەعات کاتی دەوام مابوو ، سوپاس بۆ خوا هەمان کات نەفەرەکم بینی بۆ مامۆستایەکەوە

بە ڕاکردن بڕۆ لای من ئەهات ، ئاماژەی چاومان هەموو شتێکی حەل کرد ، چونکە نیو سەعات کاتی دەوام مابوو ، نەئەبوو چرکەیەکی بە فیڕۆ بدەین ، وەک ڕاکردنی پێنجسەد مەتری بڕیدی ئەمپیی ، لە چرکەیەکدا مامۆستاکانمان ئاگە و گۆڕ کرد و هەر یەکەمان بە ڕاکردن چووین بۆ لای ئیشی خۆمانەوە ، ئەو مامۆستای کوێکەی منی بە هێدی پێدرا بوو ، منیش هی کوێکەی ئەوم پێ درا بوو ..
حەزیش ئەکەم لە کۆتایی ئەم باسەدا باسی سێکشنێکی ئەم ووڵاتی دامەزراوەیتان بۆ بکەم ، بۆ نمونە لیژنەی پزیشکیی .. هیچ پارکێک بۆ ئوتومبیل لە ئارادا نییە ، پۆلیسی هات و چۆیش ئەو ڕاستە شەقامەی بەردەم لیژنەی پزیشکیان بۆ خۆیان و مۆتا پێتەقاڵییەکان و هەمای ڕاوەستان قەدەغەیە تێنیەوە ، نەک ئوتومبیل ، تەنانەت چۆلەکەیش ناتوانێ و بۆی نییە بنیشێتەوە ، ئیتر منالی ئیفلیج و کوێر و کەڕ و هەموو جۆرەکان بۆ باوەش ئۆگەیەنرێنە لیژنەی ئازیز ..هەر بۆیە منیش لە دووریی زیاتر لە کیلۆمەترێکەوە ئوتومبیلەکەم پارک کرد و لەگەڵ کوێ ئەتیزمەکەم وەک تیر بڕۆ لیژنەی پزیشکیی دەرچووین ، لە بنی کاڵی بەاندی FELA ی کوێکەم نیوەی لە بەوە و کەوتە تەپە و دومبکێلدان ، لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا چپەیەک یان چڕقنەیەکی لە دەدا ..پێش ئەوەی بگەینە لیژنەکە ، بە تەواوەتی لە بەوە و .. کوێکەم بنی پێاوەکەی هەڵگرتەوە وەک ماسی پانکە وابوو بە دەستیەوە .. ووتم بەم ماسییە پانکەیەوە بچینە لای پزیشکەکان هەنگە وا بزانن لە ڕاوە ماسییەوە هاتووینەتەوە و کوێکە هیچ عەیبی نییە .. هەر بۆیە لە حەوشەی لیژنەکە و لە ژێر دارکاژێکا ، بنەکەمان بۆ ئەمانەت دانا ، فایلفرشەکە ووتی منیش ئاگام لەی ئەبێ ..
کە چووینە ژووری پزیشکەکان ، ئەوە هیچ بە خۆرهاتنیان نەکردین ، تەنانەت سەیریشیان نەکردین ، وەک دوو تاوانبار لە بەرامبەریان دانیشتبووین ، دانیەکیان کە گەنجترینیان بوو ، ووتی : کوا دایکی ؟
ووتم : دایکی بۆ چییە ؟ لە پرسەدایە ، خەسووم پڕۆ مرد ..
هیچیان نەیانووت خۆتان خۆش بن ..
سەیر ئەکەم ، سەیری یەکتر ئەکەن .. !
لە دڵی خۆمدا ووتم با وەزعەکە کەمێ ئارام بکەموە ، لەو کاتەی یەکەکیان بۆ تەواوی هەز و تواناوە پڕی ووتم : تۆ چۆن وا قسە لەگەڵ منداڵەکەی ؟(دایکی بچییە) یەعنی چی ؟

ووتم : خۆم 35 ساڵە لە تاقیگەی نەخۆشخانە کار ئەکەم ، بۆ ئەم لیژنەیەیش سانەی دایکی لەگەڵ کوێکەدا دێت ، ئێستا لە پرسەدایە

..
ئەوەی ناوەڕاستیان دەم و چاو خەمۆک بوو ، کە زیاتر سەروپەڕشکی بیر خستمەوە ، بە هیچ جۆرێ تەماشایەکیشی نەکردین ، واتا 35 ساڵەکەیش دەردی نەخوارد .. هەتا دانیەکیان ووتی من ئیاناسم ، قینەکا بەی ئەکەین با بڕوات ، ئینجا بە چپە لەگەڵ دەم و چاو خەمۆکدا هەندە قسەی کرد کە ناوەکەی بە (ئەڤـ …) دەستی پێ ئەکرد لەگەڵ سێ پیتی ترا ..
جا چاوی بڕرز کردەوە و ووتی : (بەخێر بێی)
بەڵام ئەوەی کە من نەمزانیبوو بە جوانیی قسەی لەگەڵدا بکەم ، پێی ووتم : کوا نوسخەی لیژنەی پزیشکیی پار ؟
ووتم : پێم نییە ..
ووتی : چی لێ نووسرا بوو ؟
ووتم : ئەتیزم ، پلەی کەمتوانایی لە سەدا سەد ..

بەڵێ ! من عەیبدار بووم ، ئاخر کوێکەم ئەتیزمێ .. ئەبێ هەموو شتێ قبوڵ بکەم ، تەنانەت 35 ساڵ خزمەت لە بواری تەندروستیدا دەرد ناخوا ..
(سێ پیتەکەیش ، پارچەیەکە لەناو کەمپیوتەر و تابلێت و مۆبایلا ، 2 و 4 و8 و 12 یشی هەیە ، هەتا زیاتر بێ ، پەسەسەری ئامڕازکە خراتر ئەبێ و نرخەکەیشی گرانتر)

ئەستا ئیتر خەتان سەرپشکن لەوەی پێ ئەکەنن یان ئەگرین ..

پاڵەوان.. چیرۆک\ نووسینی: ئامانج شەروانی

هەنگاو بە هەنگاو بەرەو ناوەڕاستی گۆڕەپانەکە دەهات، متمانەیەکی زۆری بە خۆی هەبوو، سەیرکەی ئەملا و ئەولای کرد، بزەیەکی هاتە، تا چاو بە دەکات خەڵکە، تا دێ حەز دەکات هاندەر. لە شوێنی خۆی ڕاق ڕاوەستا، سەری هەڵبڕی، ناوی هاکابڕاکەی خۆی خوێندەوە، لە دوازدە جاران، دەی پەکابوو.
چاویلکە تایبەتەکەی لەچاو کرد، هەدفەنەکەشی خستە سەر گوێیەکانی،

دەستەکانی لەسەر دەمانچەکە و نووکی دەمانچەکەشی ئاراستەی نیشانەکە کرد. سەیرەکی دەوروبەری خۆی کرد، ئاڵای سووری وەاتەکەی ئەو گەڕەپانەی پێشیبوو. مووچەکەکی پەدا هات و لە دەوڵەتاوەکی بە سەرەک و باوکی نەتەوەیی وەاتەکەی نارد.
لاقی چەپی هەنگاوێک بەرەو پێشەوە هانی، پێکانی لەسەر زەویەکە توند تونند چەسپاند، ملی خۆی بە پێشەوە برد و سەیری کونی نیشانەی دەمانچەکەی کرد. پلی خۆی هەدی هەدی گرژ کردەوە، گوللەی یەکەمی تەقاند. شراق، حەپەساو ما، گوللەکە بەسەر سەری نیشانەکەدا تێپەڕی و نەیپەکا.
کەمێک شڕاژا، سەیری ئاهەنگەکەی کرد، نائومێدی لە چاوانییەوە خوێندەوە، خۆی خە کردەوە، ئەمجارەیان جوانتر لە نیشانەکە وردبووەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: «ئەمجارەیان دەیپەکم و سەری ئاهەنگەکەکەمان بەرز دەکەمەوە.»
گوللەیەکی تری تەقاند، ئەمشیان کتومت وەک ئاوەی پێشوو بوو. هاندەران شڕاژان، ئاهەنگەکەی دەپەکەی سەری خۆی وەکوو پەندەلی کاژێرەکی دیواریی کەن دەلەقاند. شەرم سەرتاپای داگرت، سەری خۆی نزم کردەوە، ئارەقە بە لەشیدا وەکوو باران دەچڕاوە، «ئاخ، چیم بەسەر هات! ئاوە چ ئابووچوونێکە!»
زەری لە خۆی کرد، تا هەرچی بیری خراپە لە مشکی دەربکات، بەهەواشی لەبەر خۆیەوە دووبارەی دەکردەوە: «دە هەوەم ماوە، ئەگەر هەر هەموویان نەپەکم ئەوا دەبمە بنشتە خشەی سەر زاری منداڵان، ئەوا سەری سەرەکەکەمان شڕ دەکەم، دە هەوە، تەنها دە هەوە!»
چاوەکانی خۆی نوقاند، ویستی بە هەر جۆرێک بێت هزر و هەشی خۆی چە بکاتەوە، هەدفەنەکەی لەسەر گوێیەکانی لادا و بەرەو لایەک فڕێی دا، چاویلکەکەی داکەند، چاوەکانی نوقاند، بە ساتێک کەوتە نەو گژاوی ئەندێشان، هاواری منداڵە بەباوکەکانی هەنایەوە پێش چاوانی. هاوارە پە لە داخوازییەکان، هاوارە پە لە پاڕانەوەکان. زیڕەی دایکەکانی هەنایەوە یادی خۆی، زیڕە پە لە ترسەکان، زیڕە پە لە تکایەکان. لاشەی باوکەکانی هەنایەوە یادی، لاشە تەهەدراوەکان، لاشە شلمکوت کراوەکان.
بە بیری خۆی هەنایەوە، کە ئەمیان بە باوکی نەتەوەیانە، ئەمیان بە نەژادەکیانە. گورگەکانی هەنایەوە یادی خۆی، گورگە دڕەکان، گورگە بەرەکان! خۆی خزاندە نەو گژاوەکی قووڵ، خۆی لە پەنا گاشەبەردەکەوە بینییەوە، لە نەچیرەکەی مە ببووەوە، لە باوکە بەتاوانەکەی بڕانبەری. دەستەکی لە گیرفانی و دەستەکەی تریشی لەسەر دەمانچەکەی، گریانی منداڵەکان و دایکەکان لە گوێیەکانی دەزرنگانەوە، چژێکی بەپایانیان پە دەبەخشی!

بەبەباکییەوە پلی بە دەمانچەکەوە نا، یەک، دوو، سێ، دە گوللەی بەبەقی پێکاند، هەر هەموویانی خواندە کللەسەری ئەو باوکە بەتاوانە! قیژەی منداڵەکان بەرزبوونەوە، زیکەی دایکەکان ئەم گۆڕەپانەیان خستە لەرزە! دەنگی هاندەران هەتا کۆتایی ئاسمانە بەرز بووەوە! ئاها سوورەکان بەری ئاسمانیان گرت! گورگە بەرەکان کەوتنە لوورلوور، هاهنارەکەی لە خشیاندا شاگەشکە بوو!

نووسینی: ئامانج شەروانی

==========

تێبینی: هەوێنی ئەم چیرۆکە (یوسف دیکەچ)ە، کە زەربەی ژیانی خۆی وەکوو جەندرمەیەک و بکوژێک لە سوپای تورکیا بەسەر بردبوو، دواتر وەکوو پاڕاوانێکی نیشانەگرتنەوە لە ئۆڵمپیادی پاریسی ٢٠٢٤ ناوبانگی دەرکرد.

پوولسالاری.. شیعری ستار ئەحمەد

دیوارێك و وێنەی بتێك
مێزێك و هەشت گێرە شۆڕن
دوازدە لەقتەو
یاری کردن بەنەوت و خوێن
هەرەمێك لەژەی پارە
کەمەڵك بادە نۆشکەرو
خەکێك سایەی بن دیوارە
چوار پێنج کەناڕ دزو ساختە
هاژو هوژی سەر شاشەکان
سەفەری وڵات و شاران
بێ حورمەتی و پەیمان شکان
سەرقاڵکردنی پیرو کاڵ
دڵە ڕاوکێ و چاوەڕوانی
دوو کەرتی ئایندەی گەلێك
ئەمڕۆ چاکتر لەبەیانی
وتەی چەورو قسەی قەڵەو

دروشمی ئاۆ و ژەنگاوی
میللەتێکی پەست و نوستوو
خۆیان کردۆتە نێو چاوی
ئەمەیە جیهانی ئەمڕۆ
ئاژانسی پارە سالاری
گەر قەڵەو چاوچنۆکیت
لێکۆڵی خۆباتا دیاری

ستار ئەحمەد

ژیانی کۆمەڵایەتی منداڵ؛ لە شیعریی (منداڵی درزن)ی ئەحمەد عارفدا.. عەبدوڵا سەرمان(مەشخەڵ)

دەق و ڕەخنە

ئەم شیعرەی کاک ئەحمەد عارفی شاعیر (منداڵی درزن)، مژووی نووسینی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٢، بەڵام بڵاوپێیەی کە جارێکی تر لە پێیجی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک داینا وەتەوە، مانای وایە کاک ئەحمەد هیچ کۆشێکی لەسەر شیعرەکە و ناوەڕۆکەکەی نییە. من لەڕدا هەوڵ دەدەم شیعرەکە دابنەمەوە و ئینجا وردە وردە دچمە سەر ئاستی بابەتەکەم کە کۆشکانی پەروەردەیە و لەڕگەی شیعرەکەوە کە شیعرێکی تەعلیمییە، تیشکێک دەخەمە سەر تەوانینی شاعیر بۆ پەروەردە و بنەماکانی پەروەردەی منداڵ لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

دەقی شیعری منداڵی درزن

منداڵێکی چاو چنۆک

پیس و چڕپڕ ، گرینۆک

لە کۆنا لاسار بوو

ئازای گیانی زامدار بوو

لەم گۆلاوە بە ئەو گوفێک

هاورێی تانجی و تووڵە و سەگ

کەس نەبوو خۆشی وێ

دڵ نەبوو بۆی سووتێ

ڕۆژە ڕەکەوت ئاوا بوو

چاو چنۆک لە ئاوا بوو

بەوپەری بێشەرمییەوە

لە دەو ناسۆمەوە

منداڵانی بەزار کرد

هەندێی بە درێ هاوار کرد

تا لەناکاو گابەردێ

بۆی بوو بە بەڵاو دەردێ

خوێنی تەکڵە بە ئاو بوو

خۆکی و خۆشی ڕزگار بوو.(١)

ژیانی کۆمەڵایەتی منداڵی کورد

ئەم حیکایەتە تراژیدییەی کاک ئەحمەد عارفی شاعیر، هەر تەنها حیکایەتی منداڵێکی درێزنی نەو دەقەکە نییە، بەڵکوو حیکایەتی دەیان و سەدان منداڵی نەبەوون و هەژارن، کەلە گەڵکە هەژارنشینەکان و لە پەراوێزی شارەکاندا ژیاون و دەژین. ئەو گەڵکانەی کە جگە لە خانووی نزم و شەدار و بە خزمەگوزار کە دیمەکانیان ڕەنگدانەوەی بەدبەختی و دەستکورتییانە، شتێکی تری تیا نابینیت. لەڕ لەم گەڵکە تاریکانەی قەراغ شارەکان، منداڵە بزێو و شەڵانیی و کراس و شەواڵ دڕاو و چەقاوسووەکان دەژین، ئەو

منداڵانی کە خەزانەکانیان ڕۆژ تا ئێوارە لە هەوڵی ئەوەدان بتوانن پارووەنانێک بە ئەو منداڵە چاوەسوانە پەیدا بکەن. سیستەمی دەوڵەتی سەرمایەداری بەجۆرێک کەمەنگەی شواندەتە سەریەک و خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کەمەنگەی بە جۆرێک لەقاڵبداوە کە مرۆڤەکان هەر فریای ژیانێکی مامڕوماژی بکەون، نەک ژیانێکی ئینسانیی شایستە بە مرۆڤی سەردەم. کاک ئەحمەد عارف ئەم ڕاستییە نابینێت یان دەیبینێت و خۆی لە لادەدات و هاتووە منداڵەکی بە موجەددی وەرگرتووە و وەنای کردووە. وەک ئەوەی منداڵانی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان هەموو پشتە و پەرداخ و خاوەن ڕەوشتی بەرز و ڕاستگۆ بن و تەنها ئەو منداڵە درێزن بێت. با بزانین چۆن؟

با سەرەتا لە ناونیشانەکەوە دەست پێبکەین. کاتێک دەقێک دەنووسرێت، جا شیعر بێت یان چیرۆک یان ڕۆمان یان شانۆگەری، یەکەمین بەرێککەوتنی خوێنەر و دەق، لەرۆگەی ناونیشانەکەیەتی. ناونیشان گرنگییەکی زۆری هەیە. هەڵبژاردنی ناونیشان هەر بەتەنها وابەستە نییە بە ناوەڕۆکی دەقەکەوە، بەڵکوو وابەستەش بەو هەلومەرجە سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و مەعریفییەی ئەو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەی کە دەقەکەی ڕووبەڕوو دەکرێتەوە. شاعیر لە هەڵبژاردنی ناونیشاندا (منداڵەکی درێزن) دەیەوێت دیوی ناشیرینی قوربانییەکمان نیشان بدات کە هەموو دەزانین ئەو قوربانییە، قوربانی چ سیستەمێکی چینایەتی دەدەق. ئەوەی کاریگەری لەسەر منداڵ دادەنێت جگە لە خەزانەکەی، قوتابخانە و دەزگا میدیاییەکانی دەوڵەتن. جارێ گرنگە خەزانەکان بزانن چۆن منداڵەکانیان پەروەردە دەکەن و لەوەش گرنگتر خودی خەزانەکانن کە ئایا تا چەند خوێندەوار و تێگەیشتوون و زانستییانە بیر دەکەنەوە. ئایا ئەو دایک و باوکانە چەند لە جیهانی منداڵەکانیان تێگەیشتوون؟ ئەو دایک و باوکانە چەند لە بنەماکانی پەروەردەی منداڵەکانیان حاڵی بوونە و چۆن دەتوانن وەڵام بە داخوازییەکانی منداڵەکانیان بدەنەوە؟ ئایا دەشێت چیرۆکێک بنووسین بەناوی شازادە ولیەمی چەمن؟ نا ناکرێت. بۆچی؟ چونکە شازادە ولیەم لە چینی بەرژوایی و فەرمانڕەوایە و دەوڵەمەندە و دەیان بەردەستی هەیە و مەحاڵە شازادە ببینین چەم بە لووتیا شۆڕ بێتەوە. باسکردنی چیرۆکێکی لەوجۆرە بەسە بە ئەوەی بە شێت و نەزان و بێئاگات ناوزەد بکەن. بەڵام نووسینی چیرۆکێک یان شیعرێک لەسەر منداڵەکی چکنی ڕەحیماوی گەڕەکی شاری کەرکووک، یان گەڕەکی باداوی شاری هەولێر ئاسایی و ڕەنگە دەیان دەستخەشیت لێبکرێت. هەکارەکەی ئاسانە. لە گەڕەکانی ڕەحیماوە و باداوە منداڵان بەزەری لەو خەزانانەوە دەن کە بەپێی پێویست خوێندەوار

نین و دایکان و باوکان هۆشیاری پۆیستییان لەسەر پەروەردەی منداڵ نییە و تەنانەت ڕۆژ نییە منداڵەکانیان لەسەر لاساریی و چەقاوەسوویی دارکاریش نەکەن. ئەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی دیاری دەکات واقیعی کۆمەڵایەتییە.(٢) هۆشیاری دووا کەوتووانەی خەزانەکانیش هەر واقیعی کۆمەڵایەتی کوردستان دیاری دەکات.

منداڵەکی چاو چنۆک

پیس و چڕپڕ ، گرینۆک

لە کەنا لاسار بوو

ئازای گیانی زامدار بوو

لەم گەلاوێ بە ئەو گوفێک

هاوڕێی تانجی و تووڵە و سەگ. (شیعری منداڵەکی درزن ئەحمەد عارف)

ئەم سیفەتانەی دراونەتە پاڵ ئەم منداڵە (پیس، چڕپڕ، چاوچنۆک، گرینۆک، لاسار، هاوڕێی تانجی و سەگ)، وێنەیەکمان نیشان دەدات، کە منداڵەکە بە ناشرینی ببینین. سیفەتە نیگەتیڤەکان وەک بەشێک لە فەرهەنگی دووا کەوتووانەی کۆمەڵگە داهێنراوی ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕی زاڵی نێو کۆمەڵگەیە. بیروباوەڕی زاڵی نێو هەر کۆمەڵگەیەکیش بیروباوەڕی چینی دەسەڵاتدارە.(٣) جا ئەو دەسەڵاتدارە خاوەن کێڵەکان یان دەرەبەگەکان یان سەرمایەداران بن. ئەو سیفەتانەی شاعیر لەم سێ دێڕەدا ڕیزی کردوون، دوو جۆرن، جۆرەکیان سیفەتگەلێکی نیگەتیڤن و دوادەیان سیفەتی پۆزەتیڤە، بەڵام لای شاعیر بە نیگەتیڤ ڕیزبەند کراوە. پیس، چڕپڕ، چاوچنۆک، گرینۆک، لاسار نیگەتیڤن، بەڵام بۆچی دەبێت هاوڕێکردنی تانجی و سەگ نیگەتیڤ بێت؟ بۆچی هاوماڵیکردنی سەگ کارێکی دروست نییە لای شاعیر؟
بەبۆچوونی من هەیەکەی باکگراوندی کلتووری کوردیی شاعیر نییە، چونکە لە فەرهەنگ و کلتووری کوردیدا سەگ هاوماڵ و هاوڕێیی مرۆڤە، بەڵکوو کاریگەری باکگراوندی کلتووری ئاینییە کە شاعیر سەگ بە ئاژەڵێکی پیس وەسف دەکات. (ڕەنگە حیکمەت یان هەکاری قەدەغەکردنی بەخێوکردنی سەگ لەلایەن ئیسلامەوە بە مەبەستی تر جگە لە ڕاوکردن یان پاسەوانی: ئەوە بێت کەپاک نین و پیسن و تەنها بە حەوت شوشتن نابێت کە یەکێکیان بە خۆڵ یان سابون بێت، پاک نابنەوە. یان لەبەر ئەوەی ڕەگەزی لە چوونە ژوورەوەی فریشتەکان دەکەن کە بەندەی بەڕەزی

خـــودان و بوونیـــان دەرکەوتنـــی ئەحمەتـــی ئاوە بەرامبەر بە بەندەکانی.)(٤) ئەم دیدگایە دیدگای زەربەی خەنکی کوردستانە. لەکاتێکدا سەگ وەک هاوەڵ دەتوانێت لە ماڵدا لەگەڵ مرۆڤەکان بژێت و منداڵەکانیش فێری خۆشەویستی ئاژەڵیان بکەن نەک نەفرەت و قەلەبوونەوەی ئاژەڵان.

تا لەناکاو گابەردە

بەی بوو بە بەناو دەدە

خوێنی تەکەڵە بە ئاو بوو

خەنکی و خۆشی زگار بوو. (شیعری منداڵەکی درەزن ئەحمەد عارف)

دەڵێقی شاعیر دژ بە منداڵی درەزن هەندە لەسەرە کە بە مەرگی ئاوە منداڵە خەرلەخە نادیوە دڵشاد بێت و خەنکیش پەیان خۆش بێت کە ئاوە منداڵە درەزنە مردووە. ئایا ئەمە چەند لە واقیعی کۆمەڵایەتی ژیانی خەنکی هەژاری کوردەوە نزیکە؟ نەخێر بە هەزاران فرسەخ دوورە. ئەمە ناحاڵیبوونە لە واقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیی، ئاگینا هەموو دەزانین مردنی منداڵەکی خەزانەکی هەژار با درەزنیش بێت، چ کارەساتبارەکە و چ تراژیدیایەک دەخوڵقێنە، نەک خەنک دەخۆش بکات و کار بگات بەوەی ئاو دەخۆشیە ببێتە بابەتی دەڤەکی شیعریی تەعلیمی لای شاعیرەک کە شیعر بە منداڵان دەنووسێت.

لایەنی فەربوون لە شیعری منداڵی درەزندا

لایەنی فەربوون لەم شیعرەی شاعیر، فەربوونەک نییە لە دیدی ئەنسانی هاوچەرخەوە سەبارەت بە کێشەکانی منداڵ و ژیان، بەڵکوو هەنگدانەوەی تەگەیشتنەکی پاسیفیستی دووا کەوتوانەیە کە منداڵ بەرەو شەواندنی زیاتر و دوورکەوتنەوەی لە جیهانی تایبەتەکەی خەی پاڵ پەوەدەنە. کاتێک شاعیرەک شیعر بە منداڵ دەنووسێت، دەبێت ئاگاداری جیهانی تایبەتی منداڵ بێت، دەبێت بزانێت چ شتێک منداڵ و بیرکردنەوەی منداڵ فراوانتر دەکات و گەشەی پێدەدات؟ دەبێت بزانێت قەناغەکانی منداڵ بناسێت و پەویستی تایبەتی هەر قەناغێک هەست پێبکات. دەبێت ئاگاداری بنەماکانی پەروەردە و فەرکردنی هەر قەناغێکی منداڵ بێت و بەرپرسیارانە دەست و پەنجەی لەگەڵدا نەرم بکات. دەبێت هەڵومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە تێبگات و ئینجا دەست بە قسەم بەرێت و قسە بە منداڵ بکات و ئامۆژگاریان بکات.

بەپرسیاری بەشەرمییەوە

لە دەو ناسنامەوە (شیعری منداڵکی درزن ئەحمەد عارف)

با لێرە بپرسین شاعیر چی فێری منداڵ دەکات؟ دەڵێت بەشەرمی واتە بە چاو و ڕوو واتا بەڕێز. واتا منداڵکی بەڕێزی چاوقایم. ئەمە هەموو لەسەر بەهای کەمڵایەتی ڕێز کەکین و دەزانین منداڵ و گەورەی بەڕێز جگەی خۆشویستین. بەڵام چی وا لە منداڵ دەکات بەڕێز بێت؟ چی وای لێدەکات شەرم نەکات. گرێی ناحاڵیبوونەکە لێرەدایە. پەروەردەی ڕۆژئاوا پەروەردەیەکە لەسەر بنەمای ڕێز و شەرم نەکردن. ئەوان منداڵ وا بار دەهێنن شەرم نەکات. بەشەرمی سیفەتێکی باشی منداڵ و گوزارشتە لە کەسایەتی بەهێزی منداڵ، نەک سیفەتێکی خراپ بێت. منداڵی شەرمن منداڵی لاوازە و کەسایەتی پتەوی نییە. بۆیە شاعیر لە ناهەشیاریەوە ئەم سیفەتانە (پیس و چڕپڕ و چاوچنۆک و گرینۆک و لاسار و هاوڕێی تانجی و سەگ و بەشەرم و بەزارکەر و درزن لە گەلاوێژ بەر تاشەدردەک دەکەوێت و دەمرێت) ئەمە پێیامی شیعرەکەیە و دەیەوێت بڵێت منداڵینە ئەوە وا مەبن، پیس و پەخە و چاوچنۆک و لاسار و درزن مەبن و هاوڕێیەتی تانجی و سەگ مەکەن، شەرمن بن، بەئەوەی پەمان بڵێت ئەمە چۆن دەبێت و چۆن دەتبووون!. ئایا دەتوانین ئەم ئامۆژگارییانەی شاعیر لەسەر لافیتێک بنووسین و بچین لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی شارەکانی کوردستان هەڵیواسین و ئیتر دنیا دەبێتە شامی شەریف؟ یان دەردەکە لە جێیەکی تردایە و شاعیر نایەوێت خەی لەقەڕەی بدات. باشە گوناهی منداڵی کوردستان چییە ئەم جۆرە شیعرە دووای وتووانیان بخێنە بەردەست و بەم تەرزە لە شیعر فێری باڵەفڕەی ژیانیان بکەیت؟ ئایا منداڵانی کوردستان شایانی ئەمجۆرە پەروەردەیەن؟ ئایا ئەم شیعرە بە کام لە چوار قۆناغەکانی پەروەردەی منداڵ نووسراوە، قۆناغی ئەندێشەی بەستراو بەژینگەوە یان قۆناغی ئەندێشەی ئازاد یان قۆناغی منداڵێتی یان قۆناغی ئایدیالیستی؟(٥) دیارە هەریەک لەم قۆناغانەش تایبەتمەندی خۆیان هەیە. من ناڵێم باسی سیاسەت و ئابووری بە منداڵ بکرێت، بەڵام دەڵێم لە ڕوانگەی تێگەیشتن لە دۆخی ئابووری و کەمڵایەتی و سیاسی کەمگەوە دۆخی منداڵان تێبگەین و لێوەوە قسەیان بە بکەین. شیعری فێرکاری منداڵان دەبێت زانست و خۆشویستی بکاتە بناغە و لێوەوە منداڵ بەرەو ئاراستەیەکی تەندروست ببات، نەک ناشیرین و قێزەوەن نیشانی منداڵ بدات و بیکاتە دوژمنی ئاژەڵ. ئا لێرەوەیە نەوەی دوای نەوەی منداڵ لەبری چەواقوسوویی و کاری ناشایستە و ناشارستانی ، منداڵی تەندروست و

چالاک و زانتسخواز و ئینسان دست دنە مەیدان. ئەم ئەو ئەرکەیە کە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دەبێت پێی هەبستێت و ئەنجامی بدات. لێرەدا من لەگەڵ کاک ئەحمەد عارفی شاعیر کەکم کە دەڵێت: (هەوڵ بدرێت لە ڕێگای ڕەخنەگرانەوە تاوتوێکی پاک و پیس یان چاک خراپ بکرێت و ببێ بە بەربەست لە بەردەم بڵاو بوونەوەی بەرهەمی کاڵ و کرچ)(٦) .

ئەنجام

شاعیر لێشیعری منداڵێکی درێزندا وەکو فەرکارێک هاتووە کەمڵێی سیفەتی نیگەتیڤی داوەتە پاڵ منداڵێکی درێزن و وەنەیەکی ناشیرینی ئەو منداڵێی نەخشاندووە کە هەموو بنەفرەتی بکەین، بڕوای لەو ژینگە سیاسی و کەمڵایەتییە تێبگەین کە ئەو منداڵە و خانەوادەی ئەو منداڵێی تیا دەژین. لەوشەوە ئاراستەی کار بە خزمەت فراوانکردنەوەی ئاسەی تەوانینی منداڵان دیاری بکەین و بناغەیەکی تەکەم و پتەو لە خشەویستی نێوان ئینسانەکان و ئاژەڵ و زیندەوەران و ژینگە بنیاد بنێین. منداڵان ئەو سامانە گرنگەی کەمەگەن کە دەبێت زۆر هەستیارانە بابەتی دەقە ئەدەبییەکانیان بە هەبژێرین و بە بنووسین، بە ئەوەی ئایندەی کەمەگە بە دەستەکی زانستخواز و پشکەوتوودا بسپێرێت. شاعیر لەم شیعرەیدا نەیتوانیوە شیعرێک پێ بە باڵای پەیامەکەی بنووسێت و لابەری پەیامەکی ئینسانیی، بداخەوە هاتووە خوێنەر و منداڵانی هووبەووی پەیامەکی دووا‌کەوتووانە کردووەتەوە. ئەمەش ئەگەر زیانی نەبێت، ئەوا هیچ سوودەکی بە ئەدەبی کوردی و پرسەی فەربوون و پەروەردەی دروستی منداڵ تێدا نییە.(٧)

عەبدوڵا سەڵمان(مەشخەڵ)

٦ ی نیسانی ٢٠٢٤

سەرچاوە و پەراوێز

(١)منداڵی درێزن نووسینی ئەحمەد عارف پەیجی تایبەتی تەی کەمڵایەتی فەیسبووکی نووسەر پەستی هەژی شەشی نیسانی ٢٠٢٤. من هەندە هەڵەی تایپم بە ڕاست کردەتەوە.

(٢)اسس الآشتراكية العلمية المادية التاريخية تآليف ف. گيبلى و م.

گوفالزون نقلە من الروسية احمد داود اصدار دار الجماهير ، دمشق ١٩٦٧ ص ٦٤.

(٣)کارڵ مارکس و فریدریک ئەنگڵس مانیفیستی حیزبی کۆمۆنیست وەرگێڕانی بۆ کوردی موسڵیحی شەخولئیسلام (ڕێبوار) چاپی دووەم لاپەڕە ٢٨.

(٤)بڕوانە هەردوو فەتوای ئیسلامی ژمارە ٢٥٤٣١ و فەتوای ژمارە ١٤٧٣٥ سەبارەت بە سەگ کە لە سایتی (اسلام ویب)دا هاتووە. https://www.islamweb.net/ar/fatwa

(٥)شیعری فەرکردن لە ئەدەبی کوردیدا ئەحمەد قەرەنی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس چاپی یەکەم هەولێر ٢٠٠٧ لاپەڕەی ١٨٠ و ١٨١.

(٦)ڕوخنە نووسینی ئەحمەد عارف پێیجی تایبەتی تێزی کۆمەڵایەتی فێیسبووکی نووسەر پەستی ڕێژی دووی ئازاری ٢٠٢٤.

(٧)من نامەوێت لێرەدا هەڵەکی ڕاست و چەپ بەسەر نووسینەکانی کاک ئەحمەدی شاعیردا بهێنم و هەڵەکانی یەکسان بکەم بە سفر. کاک ئەحمەدی شاعیر گەلێ هەوڵی تری هەیە کە جێگەی دەستخۆشین.

داگیرکارییەکانی سوپای تورکیا.. عوسمانی حاجی مارف

ئەنقەرە بەهەمان ئەو ئاستەی لەبەرامبەر سوریادا ئەپەراسیونی سەربازی ئەنجام دەدات، هەوڵدەدات بە قەبارەیەکی بەرفراوانتر کەنترۆڵی تەواوی بەسەر سنوورەکانی لەگەڵ عێراقدا بسەپێنێت.
ئەم هێڕشانە زیادەڕەوی لە سیاسەت و نەخشەی ئەردۆغاندا، بە دەستپێکردنی هێرشکی گەورەیە، کە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بە یەکجارەکی و بە هەمیشە لە پەکەکە پاکبکاتەوە. هەرچەندە ئامانجی ئەم داگیرکاریەی ئەستای تورکیا بە سەر هێندە ناوچەی هەرێم واوتر لەوەی پاکردنەوەی پەکەکەبێت، ئەوەش کە جێگای سەرنجە بڕپرسانی عێراق، ئەم هەڕشانەی هەزەکانی تورکیا، تەنها وەک

هێشێک بە سەر ئاسایش و سەقامگیری وڵات ئادگەیەنن، بەڵام بەبێ ئاوڕی هیچ ناڕەزایەتیەک دەربڕن، یان هیچ فشارێک لەباری عەمەلیەوە لە دژی ئینقەرە نیشان بدەن.
ئێپەراسیۆنەکانی سوپای تورکیا لەچوارچێوەی هەرشەکانی بە سەر هەرێمی کوردستان، فراوانترە لەوەی تەنها پێیوەند بێت بە شێوە لەگەڵ پەکەکەدا، بەڵکو بەدوای ئەو ئامانجەوە دەخاڵەتی لە ئایندەی ئاوگەڵی دەخی سیاسی ناوچەکەدا هەبێت، بەتایبەتی لە عەراقدا بەرجەستەی دەکاتەوە. گواستنەوەی هێزی زەمینی لە ناوچەی هەکاری تورکیا، بە بەهێزکردن و فراوانکردنی بنکە و شوێنی نیشتەجێبوونی هێزەکانی تورکیایە لە دەوروبەری پارێزگای دهۆک، ئەمەش ئاوڕ پیشان دەدات، کە ئامادەیە جێگیرکردن و دامەزراندنی هێزەکەی بە ماوەیەکی درێژخایان لە ناوچەکەدا و لە پێناو بەدەست هێنانی ئامانجەکانیدا نمایش کات ومناوەڕی پێبکات، وە بەباکە لەوەی گەر لەهەمانکاتدا وەڵامانکاریەکی زەری بە ناوچەکانی هەرێم لەکەوتەوە!
سیناریۆی لەشکرکێشیەکانی تورکیا سەقفێکی دیارکراوی نیە، کە لەسەر خاکی عێراق ئەنجامی ئەدات، لەهەمانکاتدا مایەی خوەقاندنی دەخێکی مەترسیدارو دژوارە لە شارەکاندا، دوای تێپەڕاندنی چەند ئامانجێک ئەگەری ئەوە هەیە هەوێبدات بگاتە شنگال و دەستبەسەر ئێشکوتەکانی چیای قەرەندا بگرن، کە "سەدام حسێن" لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا کێشکێکی تێدا دروستکردوە"، هەبەتە مەبەستی ئەم دەست بەسەراگرتنەی شنگال دەبێتە سەنگینکردنی پێگەی سەربازی هێزەکانی تورکیا لە ناوچەکەدا.
لەشکرکێشی تورکیا لایەک دەستی کردووە بە فراوانکردن و دامەزراندنی هێزەکانی لە زۆیەکانی باکوری عەراقدا، لە لایەکی ترەوە گرنگی بە چارەسەری دیپلۆماسی لە سوریا دەدات. لایەنە سیاسیەکانی عەراق تا ئێستا ناکۆنەوە کە ئەردۆغان هێزامەندی ئەمریکا و هێژاوای بە ئەم ئێپەراسیۆنی لەشکرکێشیە بەدەست هێناوە.
دەستوەردانەکانی تورکیا بە سەر خاکی عەراق، هەرچەندە یەکەم دەستوەردان نیە لە جۆری خۆیدا، نموونەیەکی بەرچاوی ململانێ جیۆپۆلەتیکیەکانە لە ناوچەکەدا. ئەم دەستوەردانە کە بەهۆی کەمبوونەک هەکارەوە بەهێزبوونەچێت، دەتوانرێت تا ڕادەیەکی زۆر بگەڕێنرێتەوە بۆ پەرەسەندنی دەخالەتی ئێران لە عەراقدا. تێگەیشتن لە داینامیکی نێوان زلهێزەکانی ناوچەکە لەبەرامبەر دەخی سیاسی عەراقدا، زۆرجار دەبینین لەگەڵی جەراوجێرەوە کەبەکە دەکرێت و دەخالەتی ڕاستەوخۆ دەکەن، بەتایبەتی هەردوو تورکیا و ئێران لە عەراقدا تەماح و بەرژەوەندیان هەیە و کابەری دەکەن بۆ

کۆنترۆڵکردنی عێراق.
لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا عێراق بووەتە دیارترین گۆڕەپانی دەستوەردانی ئێران و تورکیا، جگە لە وڵاتانی دیکە. هەموو ئەمانە لە ئەنجامی لەشکرکێشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق بوو لە ساڵی ٢٠٠٣ کە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر دروست بوونی گۆڕاوی سیاسی و پێگەی حکومەتی عێراق بەجێهێشت، بەتایبەت دوای ئەوەی بۆ تێپەڕبوونی کات شتەکان بۆ شۆڕبوونەکی سەرنجڕاکێش لە بەرژەوەندی ئێران گۆڕدرا، وردە وردە نفوزی ئێران گەیشتە لوتکە، هەندێک وەها تەعبیری لەدەکەن کە ئەمریکا، بە هاووخانی ڕژێمی سەدام "عێراقی لەسەر سینیەکی زێڕین هادەستی ئێران کردووە".
دەوری ئێران لە عێراقدا، کە بەرجەستە بووەتەوە بە پاڵپشتیکردنی میلیشیا حزبیە چەکدارەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەجێندا سیاسیەکانی لە ناوچەکەدا، کە بوو بە فاکتەری سەرەکی بۆ تێکدانی پێکهاتەی حکومەتێکی جێگیر لە عێراقدا. میلیشیاکانی سەر بە ئێران دەستەاتی ئابووری و کۆنترۆڵی بەرچاویان بەسەر دەوڵەتی عێراقدا بەدەستهێناوە. هەروەها ئێران لە ڕێگەی بازرگانی، پەڕەی ژەرخانی، و ڕێککەوتنی وزە، خەڵی جێگیر کردووە، کە کاریگەرییەکانی بەهێزتر کردووە. هەر بۆیە لە بەرامبەردا تەرس و ئامانجەکانی تورکیا زیاتربون، بەتایبەتی کە بوونی پەکەکە لە کوردستانی عێراق پشتیوانیەکی ئاشکرای ئێرانی بەدەست هێناوە.
ئەوەی پەیوستە لەم کەینوبەینەی کەشمەکەشی لایەنەکاندا، لە ئێستادا سەرنجی بدەین، بەغداو ئەنقەرە زیاتر نزیک لەیەکن و هاوکارن دەربارەی پرۆژەی ڕێگای گەشەپەدان، کە بە هەردولایان ئەم پەڕەیە گرنگیەکی ستراتیژی هەیە، بۆیە حکومەتەکەی سودانی لەبەرامبەر هەرشەکانی تورکیا و داگیرکاریەکانیدا پەرچەکردارێکی جدی و عەمەلیان نیە.
ئەوەی جێگای سەرنجە سوپای تورکیا لەم هەرش و داگیرکاریەدا هەر ناوچەیەک کۆنترۆڵ دەکات لە سەر تابلۆیەک دەنوسن: "هاتنە ناو خاکی تورکیا قەدەغەیە"! تەواوی دانیشتوانی گوندەکانیش ئاوارەدەبن، ئەمەش نیشاندانی واقعێکی تەواو بەباکی لایەنی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق و کردنەوەی ئاشکرای دەرگای سنورەکانی عێراق بە هێزەکانی تورکیا، ئەو هێزەی کە بە فەرمانی ئەردۆغان هەوڵەدات دەخالەت و دەورێکی سەرەکی ببینێت لە ئاراستەی ئەو ئاوگۆڕانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێشبینی دەکرێت، هەروەها درێژەدانی گفتوگۆی ئەنقەرە لەگەڵ بەغدا هاوکاتە لەگەڵ ستراتیژی فراوانترکردنی تورکیا و مامەڵەکردن لەگەڵ عێراق و نزیکبوونەوەی لە بەغدا و کۆتایهێنان بە پرسە هەڵپەسێردراوەکانی نەوانیان.

لە دیمەنێکی سەیردا کە پێکەنین دەوروژێنێت، بەوەی واقعی سیاسەت لە عێراقدا لە ئاستی چ گاڵتەجارییەکدایە، فالح ئەلفەیاد، سەرکی هێزەکانی حەشدی شەعبی، لەکاتێکدا کە هاتنە ناوەوی هێزەکانی تورکیا داگیرکاری بەسەر عێراقدا دەسپێنێت، پێشوازی لە باییزی تورکیا لە بەغداد کرد، دیاریەکی لە شێوەی قەڵغانێک بەناوی حەشدی شەعبییەوە پێبەخشی، وەک ئەوەی ئەلفەیاد داوای لێبوردن لە داگیرکاری داگیرکەری تورکیا بکات!.
ئەوەی جێگای سەرنجە، زیاتر لە ملیۆنێک سەربازی عێراقی هەن کە سەرباز و پۆلیس و هێزی ئەمنی و حەشدی شەعبی تێدایە، بەڵام ئەویان سەلماندوە کە ناتوانن بەهیچ جۆرێک بچنە مەیدانێکی شەڕەوە و لە بەرامبەر بە هەرداگیرکارییەکی عێراقدا بوەستنەوە، هیچ ئامادەیێک بە بەرگرتن بەداگیرکاری سوپای تورکیاش نیشان نادەن و نایانەوێت کارێکی لەو چەشنە ئەنجام بدەن، ئاشکرایە ئەم بەرگری نەکردنە تەنها ناتوانایی و نائامادەیی هێزەکانی عێراق نیە، بەڵکو مەسەلەیەکی سیاسیە کە پێشووختر، لەکەوتنی ئەنقەرە و بەغداد چوارچێوەکەیان دیاری کردووە.
لە پرسەی ئەم ئاوگەانەو سنوربەزاندنی زیاتری سوپای تورکیا بە ناو کوردستانی عێراق، تورکیا هەوە دەدات لەلایەک پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی سوریا ئاسایی کاتەوە، لەلایەکی تریشەوە هەوئەدات ئەزمونی دەسەاتی هێزە کوردیەکانی کوردستانی سوریا کەتایی پێبهێنێت.
تورکیا بەجیا لەو هەرشە سەربازیانەی کە پانتاییەکی فراوانی کوردستانی عێراقی داگیرکردووە، لەهەمانکاتدا دیوەت نفوزی ناوچەیی خۆی بە باشترکردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ وەاتانی دراوسێ، لە چوارچێوەی کەبەکەیان هاوکاری لەگەڵ زلهێزەکانی دیکەی ناوچەیی وەک ئێران و ڕووسیا، زیاتر بکات، بەمانای پێینەوە بە ئەو شوێنەی کە بە دیمەشقدا تێدەپەڕێت و بە هەکەوتن لەگەڵ دیمشقدا دەتوانێت پەڕێکانی بەرێتە پێشەوە.
تاران ترسی ئەوەی هەیە هێزی خۆی پەراوێز بخرێت، بۆیە دوا ووەات دەبێت کە بیەوێت ئاشتەوایی لە نێوان دیمەشق و ئەنقەرەدا ئەنجام بدرێت، بەڵام بابەتەکە بە مەسکە جیاوازە کە هەوەدەدات پەیوەندیەکانی نێوان سوریا و تورکیا بگەڕێنێتەوە.
لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢وە مەسکە کاردەکات بە گەاندنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان دیمەشق و ئەنقەرە وەک بەشێک لە ستراتیژیەک کە بتوانێت ووبەوی ناتە ببەتەوە. ئەگەر مەسکە بتوانێت لەکنزیکبونەوەی سوریا و تورکیا بگەڕێنێتەوە، پێگەی خۆی بەرامبەر ئەمریکا بەهێزتر دەبێت، ئەمەش بەوونی ووسیا لە ڕۆژهەاتی ناوەاستدا بەهێزتر دەکات، تورکیاش دیوەت لەم پرسەیدا

سودمەندبێت بۆ جێگیربوونی پێگەی سیاسی و ئابووری لە ناوچەکەدا.
بەکورتی دەتوانین بڵێین کە نەخشەی ئێستای تورکیا لەم هەرش و داگیرکاری و کوشتارو ماوەرانی کردنەدا، پێش هەمو شتێک دەستپێشخەریە بۆ چەسپاندنی مەوقعیەتی تورکیا لە سەر بنەمای ئایندەی ئەو ئاوگڕە و پێشهاتانەی لەعێراق و ناوچەکەدا پێشبینی دەکرێت. بۆ ئەم ئامانجەش تورکیا هەرش بەسەر پەکەکە دەکاتە پاساوێک، تا بنکە سەربازیەکانی لە عێراقدا دامەزرێنێت. لەلایەکی ترەوە بۆ گوێکی زیاترەوە کابەری بەرامبەر کەماری ئیسلامی گرتتەبەرو هەوە ئەدات پێگەی ئێران لە ناوچەکەدا بکشێتە دواوە، پێوەندیشی لەگڵ سوریا لە ڕێگەی ڕوسیاوە ڕێکدەخات نەک ئێران.
ڕووی ئەم کێشانە، ناوچەکە بەرەو کوێ دەبات؟، لە حاڵەتی بەرجەستە نەبونی هێزی یەکگرتوی ڕێکخراوی چینی کرێکاردا، ئایندەی بەرژەوەندی و کێشمەکێشی نێوان وڵاتانی زلهێزی دنیا، دەخەکەو ئاستەی ئاوگڕەکان دەیبەننەوە!

گفتوگۆیەک لەگڵ هونەرمەند شوان کەمال.. هەڤپەیڤین-کامەران حاجی ئیلیاس

هونەرمەند شوان کەمال: هونەر تا نەبێتە پیشە و بازرگانی پێوە نەکرێت پێش ناکەوێت
هونەرمەند شوان کەمال: ئەمە هونەرمەندی گەورە و باشمان هەیە بەڵام بارودۆخی هونەریکەمان جیاوازە و ناگاتە ئاستی وڵاتانی ئەورپا و جیهان.
هونەرمەند شوان کەمال:لە کاتی دروستکردنی پەیکەرکانم ئازادیەکی زۆر ئەیەم بەخەم بە داشتن و بیناکردنی پەیکەرکانم
هونەرمەندی پەیکەرساز" شوان کەمال" ،لەهونەری پەیکەرسازی خاوەن سەلیقەو ئیستاتیکای تایبەت بە خۆیەتی لە ماوەی (40) ساڵی ژیانی هونەری خۆیدا خاوەنی چەندین پەیکەری نایاب لە کوردستان و عێراق وئەورپا. یەکێکە لەوهونەرمەندانەی کە پەیکەرکانی لە نەو چەندین شەقام و شوێنە گشتیەکانی وڵاتانی ئەورپا دانراون پەیکەرکانی

